تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5865) چوارشەممە 6ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە

زۆربەی ئەو کێشانەی هەن بەهۆی جێبەجێنەکردنی دەستوورەوە دروست بوون



سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/11/5 بە سەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی خاتوو ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان و حکوومەت، لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی ئێستای عێراق بەگشتی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، هەروەها ئەگەرەکانی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی فیدرالّ خرایە بەر باس. لەمبارەیەوە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە کۆک بوون لەسەر بەوردی چاودێریکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

هەرسێ سەرۆکایەتی دووپاتیان کردەوە کە زۆربەی ئەو کێشانەی هەن بەهۆی جێبەجێنەکردنی دەستوورەوە دروست بوون، بۆیە هەموان کۆک بوون کە هەر هەموارێکی دەستوور دەبێت مافە دەستووری و یاسایی و ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی عێراقی تیایدا پارێزراو بێت. کۆبوونەوە جەختی کردەوە کە هەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆخ و پێشهاتەکانەوە لە پەیوەندیی بەردەوامدا دەبن و بە شێوەیەکی دەوری کۆدەبنەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی:

کار بۆ یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا دەکەین



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو هێزە سیاسییانەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستانی کوردسییان هەیە. کۆبوونەوەیەکی گرنگمان ئەنجام دا لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم بابەتە. لە کۆبوونەوەکەدا، هەموو بەشداربووان هاوەدەنگ بوون لەسەر ئەوەی پشتگیریی ڕەواییی ئەو داواکارییانە بکەن کە ڕەوان و لەلایەن خۆپیشاندەرانی عێراقییەوە ئێستا داوا دەکرێت لە پرسی پێشکەشکردنی کارگوزاری، شەفافیەت، کارگوزاریی زیاتر بۆ هەموو شوێنەکانی عێراق، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پشتگیریی تەواوی ئەم داواکارییانە دەکەین.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی کرد. سەرەتا بەڕێزیان لە وتەیەکدا گوتی : "ئەمڕۆ لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گرنگمان هەبوو بە ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک کۆمار بەڕێز د. بەرهەم سالح کە لە بەغداوە تەشریفی هێنابوو، هەروەها بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆمار و لایەنە سیاسییەکان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا

لە سایەی هێزەکانی پێشمەرگە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا بە ئارامی ئامادەکاری بۆ زیندووڕاگرتنی بۆنە ئاینییەکانیان دەکەن

بەهۆی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکەیان، مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا ئامادەکاری بۆ زیندووڕاگرتنی ڕێورەسمی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (د. خ.) دەکەن و بە بوونی پێشمەرگە لەو سنوورە بە ئاسوودەییەوە مەسیحییەکانی ڕێورەسمەکان بەڕێوە دەبەن. جولی پتریۆس، چالاکوانێکی مەسیحییە لە دەشتی نەینەوا بە خەباتی ڕاگەیاند: بەهوی بوونی پێشمەرگە لە دەڤەرکەمان دوو ساڵە یادی حەزرەتی مەسیح زیندوو دەکەینەوە، تا ئێستاش ئەو مەسیحییانەی دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نەیانتوانیوە ڕێورەسم بە سەربەستی بۆ یادی حەزرەتی مەسیح بکەنەوە لە ئێستاوە بەهۆی پێشمەرگە قارەمانەکان لە دەرەڤەرکەمان ئامادەکاری بۆ یادی حەزرەتی مەسیح دەکەن.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆمار و لایەنە سیاسییەکان

لە هەر هەموارێکی دەستووردا دەبێت سیستەمی فیدرالّی و ماف و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و قەوارە دەستووریەکەی پارێزراو بن



د. محەمەد بازیانی:

کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان مێژوویی بوو




د. مەحموود عوسمان:

ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت ململانێی لایەنەکانە



موسەنا ئەمین:

خۆپیشاندان مافێکی ڕەوای خەڵکە بەڵام مەترسی لە زەمینەسازی بۆ کودەتا هەیە



5

سەرکردەیەکی مەسیحی: کێشەی عێراق لە گەندەڵیی بەرپرسانە نەک دەستوور

سەرکردەیەکی مەسیحی ڕایدەگەیەنێت، کە کێشە لە دەستووری عێراق نییە، کێشە لە گەندەڵیی بەرپرسانی ئەو وڵاتەیە. یونادم یوسف کەنا، سەرکردەیەکی مەسیحی و ئەندامی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، بە سۆمەرییە نیوزی ڕاگەیاندووە، لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ترس لەوە هەبوو کە سەرۆکایەتییەکان بەردەوام لە دەست پێکهاتەیەک بن.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە



لە سنووری خانەقین دوو جووتیاری کورد لەلایەن داعشەوە ڕفێندران

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆمار و لایەنە سیاسییەکان

لە هەر هەمواریٚکی دەستووردا دەبێت سیستەمی فیدرالّی و ماف و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و قەواڕە دەستووریەکەی پارێزراو بن

بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کار دەکەین و دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەپارێزین



دوێنێ سێشەممە دوای کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆمار و لایەنە سیاسییەکان لەبارەی کۆبوونەوەکەیان ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە و تیایدا بەشداربوانی کۆبوونەوە جەختیان لەوە کردەوە کە لەگەڵ داوا ڕەواکانی خەڵکی عێراقن و پشتیوانن کە حکوومەتی عێراق ڕێکارە پێویستەکان بۆ چاکسازی و بەدەنگەوەهاتنی داخوازییە ڕەواکانیان بگرێتە بەر. هەروەها جەخت لە هەوڵی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی عێراق لەپێناو تێپەڕاندنی قەیرانەکان و دەستبەرکردنی حوکمڕانییەکی دروست و هێنانەدی چاکسازی و ڕەچاوکردنی مافی هەموو پێکهاتەکان، کرایەوە.

بابەتی داواکاریی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، تەوەرێکی دیکەی گرنگی کۆبوونەوەکە بوو. لەمبارەیەوە بەشداربوانی کۆبوونەوەکە جەختیان کردەوە کە لە هەر هەمواڕێکی دەستووردا دەبێت سیستەمی فیدرالّی و ماف و مافی هەموو پێکهاتەکان، کرایەوە.

ئەمڕۆ سێشەممە 2019/11/5 بە ئامادەبوونی بەڕێزان د. بەرهەم سالّح سەرکۆماری عێراقی فیدرال، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرۆک و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام درا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخی عێراق و ئەگەر و پێشهاتەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

سەرجەم بەشدارانی کۆبوونەوە بە بایەخەوە سەیری ڕووداوەکانی عێراق دەکەن و پێیان وایە ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی و ئیداریی عێراقدا ڕوودەدات، دەرئەنجامی کەموکوڕیی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەی حوکمڕانی و جێبەجێنەکردنی دەستوور بووە، بۆیە لەکۆبوونەوەکەدا بە نیگەرانییەوە ئەو بارودۆخە هەڵسەنگێندرا، هاوکات داکۆکی لە مافی ڕادەربڕین و ئازادیی هاوواڵتیان لە داواکردنی مافەکانیان کرایەوە، وێڕای دەربڕینی نیگەرانی بەرامبەر قوربانیانی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان.

بەشداربووانی کۆبوونەوە لەگەڵ داوا ڕەواکانی خەڵکی عێراقن و پشتیوانن کە حکوومەتی عێراق ڕێکارە پێویستەکان بۆ چاکسازی و بەدەنگەوەهاتنی داخوازییە ڕەواکانیان بگرێتە بەر.

لە کۆبوونەوەکەدا پاراستنی سەقامگیریی عێراق و دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی بە پێویست زانرا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناوچەکە و ئەگەر و هەڕەشەی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و هێزە توندڕەوەکان لەسەر عێراق، بەتایبەتی کاریگەرییان لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوە تایبەت بوو بە هاوهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەشداربوونی کۆبوونەوەی لەگەڵ داوا ڕەواکانی خەڵکی عێراق و پشتیوانی لە مافەکانیان بۆ چاکسازی و داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی هاوڵاتیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و دڵسۆز بە بەرژەوەندی عێراق و هاووڵاتیان.

ئازادییەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق و مافەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و قەواڕە دەستووریەکەی پارێزراو بن.

بەشدارانی کۆبوونەوە جەختیان کردەوە کە ئەولەوییەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە و لایەنەکانی، پاراستنی سەقامگیری و دەستکەوت و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەردەوامیی پرۆسەی چاکسازی دەبێت و پشتیوانیی چاکسازییەکان لە عێراق دەکەن، لەو پێناوەشدا هەموو کوردستانییان دڵنیا دەکەنەوە کە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کار دەکەین و دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەپارێزین.

چەکدارانی حەشدی تورکمانی لە خورماتوو گەنجێکی کورد ئەشکەنجە دەدەن

گەنجێکی کوردی دانیشتووی قەزای خورماتوو کە نەخۆشیی دەروونیی هەیە، لەلایەن چەکدارانی حەشدی تورکمانییەوە دەستگیر دەکرێت و ئەشکەنجە دەدرێت. محەمەد فایەق، بەرپرسی پێشووی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای خورماتوو، لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، نووسیویەتی: گەنجێکی کوردی دانیشتووی گەڕەکی (کۆماری)ی قەزای خورماتوو کە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، لەسەر چەمی (ئاوەسپی) لە گەڕەکی ڕزگاری قەزاکە لەلایەن چەکدارانی حەشدی تورکمانییەوە دەستگیرکراوە و ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە و دواتر ئازادکراوە. ڕوونیشی کردووەتەوە: گەنجەکە ناوی (مورادد مقداد غازی)یە و پاش ئەوەی سەردانی پزیشکی تایبەتی خۆی کردووە ڕێنمایی کردووە بەوەی بچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی سرووشت و شاخ و دارستان ببینێت، ئەویش چووەتە سەر چەمی ئاوەسپی، بەڵام لەلایەن ئەو چەکدارانەوە دەستگیرکراوە و ئەشکەنجە دراوە.



لە سنووری خانەقین دوو جووتیاری کورد لەلایەن داعشەوە ڕفێندران

بەرپرسێکی سەر بە هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی عێراقی ڕفاندنی دوو جووتیاری کوردی لە سنووری شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە قەزای خانەقین ڕاگەیاند. لەمبارەوە وەعەد ئەکرەم، سەرپەرشتیاری هێزەکانی ناوخۆ لە سنووری شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شاری خانەقین، بە خەباتی ڕاگەیاند: شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممە دوو جووتیار لە گوندی (نارین)ی سەر بە سنووری شارەدێی قەرەتەپە ڕفێندران. گوتیشی: ئەو جووتیارانە سەرقاڵی کێڵانی زەوی بوون و دواتر چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەریان و ڕفێندراون. بە گوتەی ئەو بەرپرسە: حاڵەتەکە بووەتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک، چونکە ئەو گوندە لە سنووری قەرەتەپە و حەمرین ئارام بووە لەچاو ناوچەکانی دیکەی خانەقین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک و دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی دایەلۆگی ڕافیدەین دەکات

مەسرور بارزانی: پشتگیریی لە هیچ گۆڕانکاری و هەمواڕکردنێکی دەستوور ناکەین کە دەستکاریی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات



دوێنێ سێشەممە 2019/11/5 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی دایەلۆگی ڕافیدەین کرد.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ئێستای عێراق کرا. جەخت لەوە کرایەوە کە هەبوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالّی و گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراقدایە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای لەشاندەکە کرد وەک دەستەبژێری ڕووناکبیری عێراق ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە یەک نزیککردنەوەی لایەنەکانی عێراق و داکۆکیکردن لە مافە دەستووریی و ڕەواکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بگێڕن.

دەربارەی داواکانی گۆڕین یان هەمواڕکردنی دەستووریش، سەرۆکی حکوومەت ڕوونیکردەوە کە کێشەکانی عێراق هۆکارەکەی ناوەڕۆکی دەستوور نییە بەڵکو جێبەجێ نەکردنی ماددەکانی دەستوورە.

گوتیشی ئێمە پشتگیریی لە هیچ گۆڕانکاری و هەمواڕکردنێکی دەستوور ناکەین کە دەستکاریی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات و کەمیان بکاتەوە

سەرکردەیەکی مەسیحی: کێشەی عێراق لە گەندەڵیی بەرپرسانە نەک دەستوور

سەرکردەیەکی مەسیحی ڕایدەگەیەنێت، کە کێشە لە دەستووری عێراق نییە، کێشە لە گەندەڵیی بەرپرسانی ئەو وڵاتەیە. یونادم یوسف کەنا، سەرکردەیەکی مەسیحی و ئەندامی لیژنەی هەمواڕکردنەوەی دەستووری عێراق، بە سۆمەرییە نیوزی ڕاگەیاندووە، لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ترس لەوە هەبوو کە سەرۆکایەتییەکان بەردەوام لە دەست پێکهاتەیەک بن.

یونادم یوسف کەنا بە گرنگی دەزانێ لە دابەشکردنی پۆستەکان لە عێراق بەپێی پێکهاتەکان بێت، نەک بەپێی ژمارەی کورسی و دەنگدەرانی پێکهاتەیەک. ئەو سەرکردە مەسیحییە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە دەستوور باس لە بەشداریی پارێزگا و هەرێمەکان لە داڕشتنی بڕیار دەکات، بەڵام کار بەو بنەمایە نەکراوە، بۆیە "ئەوەی ڕوو دەدا بەهۆی ئەوە نییە کە دەستوور کێشەی هەبێ، بەڵکو کێشە لە گەندەڵیی بەرپرسان و حزبەکانە، کە عێراقی وێران کرد. جێی باسە دوای خۆپیشاندانەکانی عێراق، لایەنە شۆڤینییەکانی ئەو وڵاتە دەستیان بە هەوڵەکانیان کرد بۆ هەمواڕکردنەوەی دەستوور، بۆ ئەوەی مافەکانی گەلی کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، لەو دەستوورە لابدرێن.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی: کار بۆ یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا دەکەین



دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆمار و لایەنە سیاسییەکان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی کرد.

سەرەتا بەڕێزیان لە وتەیەکدا گوتی : "ئەمڕۆ لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گرنگمان هەبوو بە ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک کۆمار بەڕێز د. بەرهەم سالح کە لە بەغداوە تەشریفی هێنابوو، هەروەها بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو هێزە سیاسییانەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستانی کورسیبان هەیە. کۆبوونەوەیەکی گرنگمان ئەنجام دا لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم بابەتە. لە کۆبوونەوەکەدا، هەموو بەشداربووان هاوداڕبوون لەسەر ئەوەی پشتگیریی ڕەواییی ئەو داواکارییانە بکەن کە ڕەوان و لەلایەن خۆپیشاندەرانی عێراقییەوە ئێستا داوا دەکرێت لە پرسی پێشکەشکردنی کارگوزاری، شەفافیەت، کارگوزاریی زیاتر بۆ هەموو شوێنەکانی عێراق، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پشتگیریی تەواوی ئەم داواکارییانە دەکەین. هەر لە کۆبوونەوەکەدا باسمان لەوە کرد کە پێویستە هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک یەکهەڵوێست بێت بەو مانایەی بتوانێت یارمەتیی هەموو هێزەکانی دیکەی عێراقی بدات بۆ ئەوەی لەو کێشەیەی ئەمڕۆ عێراق تێیکەوتووە هەموومان بەرپرسیاریەتیمان هەیە بەپێی قەبارەی خۆمان، ئێمەش وەک هەرێمی کوردستان درک بەو بەرپرسیاریەتییە دەکەین کە ئەمڕۆ لەسەر شانی ئێمەیە و هەموو هەوڵێکی ئێمە ئەوە دەبێت بتوانین یارمەتیی عێراق بە شێوەیەکی گشتی بدەین، یارمەتیی هاووڵاتیانی عێراق بدەین بە شێوەیەکی گشتی کە پەنا بەخوا لەو ناخۆشی و تەنگاوییە دەربچن. ئێمە پشتگیریی تەواوی ئەو چاکسازییانە دەکەین کە حکوومەتی عێراق دەستی پێکردووە و داوا دەکەین هەرچی زووترە ئەو چاکسازییانەی کە باسی لێدەکەن بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها باسی دەستوورمان کرد. ئێمە پشتگیری لە داواکاریی ڕەوا و دەستووریی گەلی عێراق دەکەین، لە هەمان کاتدا ئارامی و سەقامگیری و پاراستنی دامەزراوە فەرمییەکانی وڵات بە ئەرکی هەموو لایەک دەزانین. لایەنە کوردستانییەکانی بەشداربووی کۆبوونەوە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ڕۆڵی خۆیان پێشتر هەبووە بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق و دووپاتیان کردۆتەوە هەر هەنگاوێک پێویست بێت بۆ ئەوەی عێراق بەرەو ئاقارێکی باشتر بڕوات، پشتگیریی ئەو هەنگاوانە دەکەن. ئێستا کە داواکاریی هەموارکردنەوەی دەستور دەکرێت، پێمان وایە ئەگەر دەستوور پێویستی بە هەموارکردنەوە بێت، دەبێت لە کەشوهەوایەکی ئارامدا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت و ئەگەر هەر هەنگاوێک لە هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ بەرژەوەندی و بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی هاووڵاتیانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی بێت، بێگومان هەرێمی کوردستان پشتگیری دەکات."

دواتر لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتووی ئەم کۆبوونەوانە و دۆخی داهاتووی عێراق و کاریگەرییەکانی ئەم دۆخە لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گوتی: "پێشتر حکوومەتی هەرێم لێژنەیەکی دامەزراندووە کە کاری لێژنەکە پالپشتیی شاندی هەرێمی کوردستان دەبێت لە بەغدا بۆ پرسی دەستوور کە بە سەرۆکایەتیی وەزیری دادە، ئەوان سەردانی بەغدا دەکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق و بەشداری و سەرپەرشتیی سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز دکتۆر بەرهەم و هەوڵ دەدرێت ئەوەی پێویستە لەناو پەرلەمان قسەی لەسەر بکرێت لە پرسی دەستووردا. بێگومان ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت کاریگەری بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، وەک وتم سیاسەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە پشتگیریی هەموو هەنگاوێکی چاکسازی دەکەین لە عێراق و پشتگیریش لەو هەنگاوانە دەکەین کە عێراق بەرەو چاکسازی ببات و پێشمان وایە ئەو داواکارییەی دەکرێت، داواکاریی خەڵک بۆ باشترکردنی ژیانی ڕۆژانەیان و بۆ چاکسازی، ئەم داواکارییانە ڕەوان و دەبێت حکوومەت بە گرنگییەوە وەریان بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وا نییە کێشەکانی عێراق، کێشەکانی یەک ساڵی حوکمڕانیی جەنابی سەرۆک وەزیران بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بێت، ئەم کێشانە پێشتریش هەبووە و بێگومان یەک ساڵ ماوەیەکی زۆر کەمە بۆ هەر سەرۆک وەزیرانێک کە بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، ئەمە کاتی پێویستە و پێویستە هەموو عێراقییەکان بەیەکەوە یارمەتیی پرۆسەی چاکسازی بدەن لەم وڵاتەدا، چونکە ئەمڕۆ ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن داوای باشترکردنی ژیانیان دەکەن، داوای بەڕێوەبردنێکی باشتر دەکەن، داوای شەفافییەت دەکەن و ئەمە داواکارییەکی ڕەوایە بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی لە عێراقدا دەژین."

سەبارەت بە دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پەیامی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ کۆبوونەوە، سەرۆک نێچیرڤان ئاشکرای کرد : "هەز دەکەم دڵنیاتان بکەمەوە کە کێشەیەکی گەورە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە و کێشەیەکی گەورەش بەتایبەتی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا نییە و ئەگەر هەشبێت دڵنیاتان دەکەمەوە بە دیالۆگ و کۆبوونەوە و دانیشتنی بەیەکەوە چارەسەر دەکرێت و شتێکی ئەوەندە گەورە نییە. دڵنیام چارەسەریان بۆ دەدۆزینەوە. بەشداریکردنی سەرۆک کۆمار لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە بەڕێزیان سەرۆک کۆماری عێراقە، بە خۆشحاڵییەوە بەڕێزیان داواکاریی ئێمەی قبوڵ کرد بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیەدا و زیاتر قسەی لەسەر دۆخی ئێستای عێراق کرد و شرۆڤەیەکی تەواوی بۆ ئامادەبووان باس کرد. لە ڕاگەیەنراوی ئەمڕۆدا کە ئێمە بە کۆی گشتی ڕامانگەیاند، ئەو شتانەی لە کۆبوونەوەدا باس کراوە، لە ڕاگەیەنراوەکەدا ڕەنگی داوەتەوە."

دەربارەی یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان بەرامبەر بەو هەڕەشانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: "بێگومان مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، داعش تا ئێستاش مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەموو عێراق. بۆ دەرچوون لەو دۆخەی ئێستا هەیە، مەرجی یەکەم پاراستنی یەکڕیزی و یەکدەنگی و کۆدەنگییە لە هەرێمی کوردستان و هەموو هەوڵێک دەدەین ئەو یەکڕیزی و یەکدەنگییە لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێت و بە خۆشحاڵییەوە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆماندا ئەو یەک هەڵوێستییە لەسەر بابەتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان هەبوو."

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەر ئەگەرێک کە لە بەغدا ڕووبدات و لایەنەکانی پشت ئەو ڕووداوانەی لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بەڕێزیان گوتی: "ئەگەر سەیری شاشەی تەلەفزیۆنەکان بکەین بە ئاسانی دەردەکەوێت ئەوانەی خۆپیشاندانەکانیان دەستپێکرد گەنجن، نە ڕژێمی سەدام و نە ئەمەریکایان بیردێتەوە. بێگومان خۆپیشاندانەکە خۆڕسک بووە و لەپێناو باشترکردنی ژیان لە عێراق کردوویانە، ئینجا دواتر خەڵکی دیکە سواری ئەو شەپۆلە بووە و لایەنێک وێستوویەتی بە شێوەیەکی دیکە و بە ئاقارێکی دیکەیدا ببات کە ئەمە بابەتێکی دیکەیە، بەڵام ئێمە پێمان وایە لە سەرەتادا ئەمانە داواکاریی ڕەوای گەلی عێراقن و داواکاریی گەنجی عێراقن کە دەیانەوێت ژیانێکی باشتریان هەبێت و پێشم وایە ئەم داواکارییانە ڕەوان و ئەوەی دەیبیستین هەم سەرۆکایەتیی سیاسی لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی ئەم دەنگانەی زۆر بە جددی وەرگرتووە و بە دڵنیاییەوە لەمەودوا هەوڵی جددی دەدرێت بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی هەموو عێراق و ئێمە وا پێشبینی دەکەین چونکە پەیامی خۆیان گەیاند، پەیامی ئەو خەڵکە و پەیامی ئەو گەنجانە ئەوەیە کە دەمانەوێت ژیانێکی باشترمان هەبێت، خزمەتگوزاریمان دەوێت و کارمان دەوێت، ئەم پەیامەش گەیشت بە سەرکردەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی بە هەر هەموویانەوە. دڵنیام لەوەی لەمەودوا هەوڵی جددی دەدرێت، هەر حکوومەتێک لە بەغدا هەوڵی جددی دەدات بۆ ئەوەی ئەم داواکارییانە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوە نییە خۆشحاڵ بین دۆخی عێراق تێکبچێت، شتەکان بەیەکەوە بەستراوەتەوە، هەوڵی سەرۆکایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ بە هەموو شێوەیەک ئەوەیە دۆخەکە لە بەغدا بکرێت ئارام بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی دەبێت داخوازیی خۆپیشاندەرانی عێراق بە هەند وەربگیرێ و کاری جددی بکرێت بۆ جێبەجێکردنیان."

دەربارەی ڕەنگدانەوەی یەکڕیزیی هەرێمی کوردستان لەسەر کاری فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕوونی کردەوە: "لە کۆبوونەوەی پێشتردا بڕیاری ئەوەمان داوە هاوپەیمانیەتیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروست بکەین، واتە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و ئێستا لە سەرۆکایەتیی هەرێم بە جددی کار لەسەر ئەوە دەکرێت و هیوادارین لە ماوەیەکی نزیکدا بتوانین هاوپەیمانییەتییەکی یەکگرتوو لەناو هەموو هێزە کوردستانییەکان لە بەغدا ڕابگەیەنین و بێگومان ئەوەی کە زامنە بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان، ئەو یەکڕیزییەیە کە دەبێت جەختی لەسەر بکەینە و هەوڵی بۆ بدەین لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی کوردستان."

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە کۆکنەبوونی بەرپرسانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، بەڕێزیان گوتی: "کاتێک کابینەی نێمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، لە پڕۆگرامی بەڕێز سەرۆک وەزیراندا ئەوەلەوەیەتی یەکەم بۆ ئەوە دەستنیشان کرا کە کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت و هەر لە ڕۆژی یەکەمیشەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیە هەنگاوی ناوە کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت، بێگومان بەغداش هەمان ئارەزووی هەبووە بۆ چارەسەری کێشەکان بەپێی دەستووری عێراق، کۆبوونەوەکانیش دەستی پێکردبوو لەنێوان بەغدا و هەولێر و ئێمە ئێستاش وا پێشبینی دەکەین دوای ئەمە کە پەنا بەخوا دۆخەکە هێمن ببێتەوە، جارێکی دیکە گفتوگۆ لەنێوان بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە و بێگومان دەتوانم ئەوە بڵێم ئەولەویەتی یەکەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرکردنی کێشەکانە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق لەگەڵ بەغدا و ئەمە هەر بە کارە لەپێشینەکانی ئێمە دەمێنێتەوە. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ تورکیا ئاساییە و تورکیا دراوسێی ئێمەیە و هیچ شتێک لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا نەگۆڕاوە."

سەبارەت بە مەترسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و هاوکاریی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئێستا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: "بۆچوونی ئێمە ئەوە نییە دەستوور کێشە بێت، بەڵکو پێمان وایە جێبەجێنەکردنی دەستوور کێشەیە لە عێراقدا نەک خودی دەستوور، ئەوەی کە دەستوور پشتگوێخراوە لەم ساڵانەی ڕابردوودا، کە نەیانهێشتووە دەستوور جێبەجێ بکرێت، کە هەشتا لە سەدی گەلی عێراق دەنگی بۆ دابوو و پشتگوێ خرا و نەیانهێشت جێبەجێ بکرێت. ئەگەر ئێمە بچینەوە سەر بابەتەکان پێم وایە کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە دەستوور پشتگوێ خراوە. سیاسەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو لایەنەکانەوە ئەوەیە دەیەوێت یارمەتیی عێراق بدات کە لەم دۆخە دەربچێت، چونکە کێشەی عێراق کێشەی هەرێمی کوردستانیشە، ئێمە بە جددی هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت لەو قۆناغە دەرباز ببێت، بەڵام با ئەوەش بە کراوەیی بڵێم کە خەڵکی عێراق شایستەی ژیانێکی باشترە، گەنجەکانی عێراق شایستەی ژیانێکی زۆر لەوەی کە هەیە باشترن و ئەوان خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەراورد دەکەن، بێگومان عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە هەم لە ڕووی توانای مرۆیی و هەم لەڕووی سەرمایەوە، لەبەر ئەوە ئەمە پێویستی بەوەیە ڕێک بخرێت و ئێستا دەبینین هەم خودی بەڕێز سەرۆک وەزیران و هەم حکوومەتی عێراق بە جددی هەوڵ دەدەن، بەڵام زۆر زۆر کەمە هەڵسەنگاندنی سەرۆک وەزیرانێک بکەیت لەسەر بنەمای یەک ساڵ کارکردن."

دەربارەی سیناریۆکانی داهاتووی عێراق وەک هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەم سیناریۆ سیاسیانە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد: "ئێمە لەو بڕوایەدا نین هەڵبژاردن کێشە بێت، تەنانەت گەر هەڵبژاردنیش کرا، هەر ئەوانە دێنە دەسەڵات کە ئێستا دەیانبینین، گرنگترین شت ئەوەیە دانیشتنێکی جددی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی عێراق ئەنجام بدرێت و بە ڕوونی کێشەکان دەستنیشان بکرێت و بزانرێت کێشەکان لە کوێن؟ بە بڕوای ئێمە هەر شتێک لە ئێستادا پەلەی لێ بکرێت نەک تەنها بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر ناچێت، بەڵکو دۆخی عێراق بەرەو خراپتر دەبات."

لە کۆتاییشدا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە پارێزراویی مانەوەی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا و بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گوتی: "پێویستە ئێمە و هێزە عێراقییەکانیش پرسیار لەخۆیان بکەین کە ئایا مەبەست لە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق چییە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە عێراق بەرەو ئایندەیەکی باشتر یان بەرەو ئاقارێکی خراپتر بڕوات؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە، هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێک و قەوارەیەک لە عێراقدا دوای ساڵیی دوو هەزار و پێنج بەپێی دەستووری عێراق دانی پێدا نراوە، ئەگەر مەبەست ئەوەیە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لەوەی کە ئێستا هەیە کەمتر دەبێت، لەو باوەڕەدا نیم ئەمە ببێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا، هەروەها پێشبینیش ناکەم هیچ هێزێکی عێراقی بەیەوێ دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە. باوەڕ ناکەم کەس لە عێراق ئەمڕۆ بیەوێ دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، چونکە ئەگەر مەبەست لە هەموارکردنەوەی دەستوور سەقامگیری سیاسیی عێراقە، بێگومان بە کەمکردنەوەی بڕگە و ماددەکانی کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەم سەقامگیرییە دروست نابێت. جارێکی دیکە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پێمواییە فەرامۆشکردنی دەستوور کێشە بووە نەک هەموارکردنەوەی دەستوور. ئەم هەموو ساڵە نەیانهێشتووە دەستوور وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و کێشەکە لەوە دەستپێکردووە. گەلی عێراق ئەمڕۆ ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری پێویستە و ئەم شتانە زیاتر گرنگن و لە یاریەکە تێگەیشتووە. با ئموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە، جاران هەندێک لە لایەنە سیاسییەکان گەر بیانوستایە جادەی عێراقی بجوڵێنن، دەیوایە هەندێک قسە بە هەرێمی کوردستان بڵێن، ئەمڕۆ گەلی عێراق وڵامی ئەم هێزانەیان دایەوە هەر هەموویان، پێیان گوتن ئێمە قبوڵ ناکەین کە خزمەتگوزاری نییە خەتاکە بخەنە سەر هەرێمی کوردستان، پەیامەکەیان زۆر ڕوونە و داوای خزمەتگوزاری و کار دەکەن و ئێمەش پشتگیری لەم داوایانە دەکەین، چونکە گەلی عێراق شایستەی ژیانێکی باشترە، پێویستە سەرکردەکانی عێراق ئەم پرسە بە جددی وەرگرن لە هەرێمی کوردستان تا هەموو ناوچەکانی دیکە و دەبێت هەوڵی جددی بدەن بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی عێراق بەگشتی هەر لە زاخۆ تا دەگاتە فاو. دەربارەی پرسیاری دووەمیش، بەڵێ کۆبوونەوەکانی ئێمە بەردەوام دەبێت و پێشتریش کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام داوە و ئەمەی ئەمڕۆشمان ئەنجام دا و بەخۆشحاڵییەوە هەموو هێزە سیاسییەکان بەشدار بوون و بەپێی دۆخ و ئەو پێشهاتانەی دێنە پێشەوە، کۆبوونەوەکانمان بەردەوام دەبێت."

لە سایەی هێزەکانی پێشمەرگە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا بە ئارامی ئامادەکاری بۆ زیندووڕاگرتنی بۆنە ئاینییەکانیان دەکەن

بەهۆی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکەیان، مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا ئامادەکاری بۆ زیندووڕاگرتنی ڕێورەسمی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (د. خ.) دەکەن و بە بوونی پێشمەرگە لەو سنوورە بە ئاسوودەییەوە مەسیحییەکان ڕێورەسمەکان بەڕێوە دەبەن. جولی پتریۆس، چالاکوانێکی مەسیحییە لە دەشتی نەینەوا بە خەباتی ڕاگەیاند: بەهوی بوونی پێشمەرگە لە دەڤەرەکەمان دوو ساڵە یادی حەزرەتی مەسیح زیندوو دەکەینەوە، تا ئێستاش ئەو مەسیحییانەی دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نەیانتوانیوە ڕێورەسم بە سەربەستی بۆ یادی حەزرەتی مەسیح بکەنەوە لە ئێستاوە بەهۆی پێشمەرگە قارەمانەکان لە دەرەڤەرەکەمان ئامادەکاری بۆ یادی حەزرەتی مەسیح دەکەن.

لیوا تارق سلێمان هەرنی، فەرماندەی فەرماندەیی سپێلک لە میحوەری تلسقۆفی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای لەناوبردنی چەکدارنی تیرۆریستی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگەی کوردستان، مەسیحییەکان گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەڕێوەی دەبەن، پێشمەرگە بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان دەپارێزێت و ئارامی و سەقامگیری بۆ ڕێورەسمەکانیان دابین دەکات بۆ دووەم ساڵە مەسیحییەکان بێ ترس و بە سەربەستی ڕێورەسمە ئایینییەکانیان بەڕێوە دەبەن.



وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

چوار شەممە 2019/11/6 ژمارە (5865)

www.xebat.net

خەبات

نێچیرڤان بارزانی: کۆی سیستمی عێراق کێشەی هەیە



لە ئێوارەی ڕۆژی یەکەمی کارەکانی دیداری میریدا کە دوێنێ سێشەممە 5/11/ 2019 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری دیبەیتێکی کرد.

لە دیبەیتەکەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سەرەتا سویاسی ڕێکخەرانی دیداری میری کرد بۆ داوەتکردنیان و بەخێرهاتنی میوانانی کرد. دواتر باسی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز د. بەرهەم سالح سەرکۆماری عێراق کرد و گوتی:

کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئێمە؟ بە بەشداریی سەرۆک کۆمار کە لە بەغداوە تەشریفی هێنابوو، هەموو لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بەشدارییان کرد. تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەو پرسە بوو کە ئێستا لە بەغدا هەیە، ئەو خۆپیشاندانانەی ئێستا لە بەغدا هەیە .هەڵسەنگاندنمان بۆ کرد.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان بێبەش نین و ناشتوانین خۆمان بە بێبەش بزانین لەو شتانەی لە بەغدا ڕوودەدەن. بێگومان ئەوەی لە بەغدا ڕوودەدات بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەیە. پێش ئەوەی باسی ئەو کۆبوونەوەیە بکەم، پێم باشە کەمێک لەسەر ئەو خۆپیشاندانانە قسە بکەم کە لە بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عێراق هەیە. ئەگەر دیقەتی ئەو خۆپیشاندانانە بدەین، دەبینین خۆپیشاندانەکان زیاتر ئەوەیەکە کە تەمەنی لە 15تا 22و 23و 24ساڵێن، بە ڕاستی ئەمانە نە ڕژێمی سەدام و نە هاتنی هێزەکانی ئەمەریکایان لەبیرە، کەواتە بێگومان هۆکارێکی دیکەیان هەیە لەم خۆپیشاندانانەدا.

پێم وایە ئەم خۆپیشاندانانە سەرەتا خۆڕسک بوون، ئەوەی کە باس دەکرێ خەڵکی دیکەی لەپشتە، بە بڕوای من زیاتر داواکاریی ڕەوای خەڵکی عێراقە، هەر لە دوای 2003ەوە تا ئێستاکە بێ هیوان و نازانن وڵات بەرەو کوێ دەڕوات و خۆیان بە شایستەی ژیانێکی باشتر دەزانن کە بە ڕاستیش وایە و دیانەوێت خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بکرێن و دەرفەتی کاری زیاتریان بۆ بڕەخسێت، بە شێوەیەکی گشتیی ماندووین لەو هەموو بەڵێنانەی لە ساڵانی ڕابردوو پێیان دراوە و هیچ نەکراوە.

زۆر جار باسمان دەکرد و دەمانگوت، عێراقی پێش 2003و دوای 2003؟ بەڵام پێم وایە ئێستا کاتی ئەوەیە بڵێین عێراقی پێش ئۆکتۆبەر و دوای ئۆکتۆبەر، ئەمە عێراقێکی تەواو نوێیە، خەڵکی عێراق دەنگی خۆیان گەیاند، ماندوو بوون لەو هەموو دروشم و قسانە و ئەو هەموو شتانەی پێشتر پێیان فڕۆشراوە و دەیانەوێ ژیان و دۆخێکی باشتریان هەبێت، تا ئێستا هیچ کەسێک میکانزمێکی پێشکەش نەکردووە کە چۆن کێشەکە چارەسەر دەبێت.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان داواکاریی خۆپیشاندەران بە ڕەوا دەزانین، پێمان وایە ئەم داواکارییە، داواکارییەکە کە هاووڵاتیان مافێکی سروشتیی خۆیانە لە دەسەڵاتی بکەن و دەبێت درکیش بەوە بکەین کە تەنیا سەرۆک وەزیران بەرپرسیار نییە بەرامبەر بەو دۆخە خراپە؟ بەڵکو کۆی سیستمی سیاسیی عێراق بەرپرسیارە لە ساڵی 2003وە تا ئێستا .سەرۆک وەزیران یەک ساڵە دەسەڵاتی وەرگرتووە، بێگومان لە یەک ساڵیشدا گۆڕانی سیحری بەدەستەوە نییە کە بتوانێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات. بە دڵنیاییەوە دەبێت دەرفەتی زیاتری پێ بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیامی خەڵک ڕوونە، خەڵک لەم سیستمە سیاسییەی عێراق ماندوو بووە و مافی خۆشیانە، ئەم سیستمە هەموی لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی حزبیی و خەڵک ماندوو بووە لەوە و پەیامی خۆشیان گەیاندووە و هیوادارم هەموو سەرکردەکانی عێراق درکی پێ بکەن.

ئێمەش لە هەرێمی کوردستانداً دەبێت وانە لەوە وەرگرین، چونکە هەروەک باسم کرد ئەوەی لە بەغدا و عێراق ڕوودەدات، کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. پێشتر دەگوترا ئەوەی لە بەغدا ڕوودەدات مافمان بەسەریەوە نییە هەرچی دەبێت با بێبێت، بەڵام ئەمە یەکەمجارە زۆر بە جددی هەرێمی کوردستان زۆر نیگەرانە لەو ڕەوشەی ئێستا لە بەغدا و ناوچەکانی دیکە هەیە. ئەمڕۆ بە درێژی ئەو بابەتانەمان باس کرد. جەختمان کردەوە ئێمە هاوکار دەبین وەک هەرێمی کوردستان بە هەموو هێزە سیاسییەکانەوە یارمەتیی بەغدا بدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق.

سەبارەت بە میکانزمی چارەسەرکردنی ئەو دۆخەی عێراق لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کە لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا باس کرابێت، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد:

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەتوانین ئەنجامی بدەین، ئەوە زیاتر یارمەتیدانیانە، یارمەتیدانی بەغدایە، بۆ ئەوەی میکانیزمێک پێشکەش بکات و ئێمە یارمەتییان بدەین کە چۆن تیایدا سەرکەوێت، ئەوەی گرنگە ئێستا بە گۆڕینی حکوومەت و هەڵبژاردنی پێشوەخت و گۆڕینی دەستوور، بە بڕوای من ئەمانە هەموویان چارەسەر نین.

دەبێت هەموو هێزە عێراقییەکان دانیشتنێکی جددی بکەین و میکانزمێکی دیکە بدۆزینەوە بەشێوەیەک ڕەنگدانەوەی داواکاریی ئەو خەڵکە بێت کە ئەمڕۆ هاتۆتە سەر شەقام. کۆی سیستمی عێراق کێشەی هەیە، گرنگترینیان پرسی ئابووریی، تا ئێستا ڕوون نییە ئابووریی عێراق چ جۆرە ئابووریەکە، ئایا سیستمەکە سۆسیالیستییە، یان بازاڕی ئازادە .هەموو وەزارەتەکانی عێراق بە دەیان و سەدان کۆمپانیایان هەیە، هەر لەناو خودی وەزارەتەکاندا، کە کۆمپانیایەکی دیکە لە دەرەوە دێت و دەیەوێت کار بکات بە هیچ شێوەیەک ناهێڵن کار بکات و ئەمەش هەمووی گەندەڵی و ناشەفافی دروست دەکات.

عێراق پێویستی بەوەیە چارەسەری جددی بۆ ئەو پرسە ئابووری و سیاسییانە بدۆزێتەوە و دابنیشن، چونکە ئەمڕۆ زیاتر لە سەدا نەوەدی دەرامەتی عێراق لەسەر نەوتە. کاتێک باسی عێراق دەکەم، نامەوێت هەرێمی کوردستان جیا بکەمەوە لەو کێشانە و بڵێم ڕەوشمان زۆر باشترە، من دەمەوێت بڵێم کێشەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، شێوەی بیرکردنەوەی ئیدارەدانی عێراق کێشەیەکی گەورەیە، نە دەستوور کێشەیە و نە هەڵبژاردن کێشەیە؟ کۆی سیستمی سیاسی لە عێراقدا پێویستە دیسانەوە سەرلەنوێ قسەی لەسەر بکرێت بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا.

من ئەگەر لە جیاتی ئەوان بم، داوام لە بانکی نێودەوڵەتی دەکرد و داوام لە ئای ئێم ئێف دەکرد و دەمگوت فەرموو وەرن یارمەتیم بدەن. دەموت کێشەیەکی جددیم هەیە و یارمەتیی عێراق بدەن لەڕووی تەکنیکییەوە. عێراق دەوڵەمەندە چ لەڕووی سامانی سروشتی و لەڕووی توانای مرۆییەوە، نەوت و غاز و هەموو شتێکی هەیە؟ کەواتە پێویستە لە عێراق مۆدێلێک پێشکەش بکرێت بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوەی ئێستا هەیە خەڵک لێی ماندوو بووە و بەرگە ناگرێت.

سەبارەت دەستوور و هەموارکردنەوەی، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند:

خۆپیشاندانەکانی عێراق دەریخست کە بە بۆچوونی من بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ بوو، جاران لایەنە سیاسییەکان لە عێراق کە دەیانویست دەنگ کۆبکەنەوە، لە تەلەڤزیۆنەوە دژی هەرێم قسەیان دەکرد و پێیان وابوو بەم شێوەیە دەتوانن دەنگ کۆبکەنەوە، کاتێک دەمانگوت ئێوە بۆ بەم شێوەیە هێرش دەکەنە سەرمان، دەیانگوت لەبەر ڕای شەقامی خۆمان و دەنگ کۆدەکەینەوە و هەمیشە هەرێمی کوردستان بیانوویەک بوو تا هێرشی بکەنە سەر.

خۆشبەختانە بۆ یەکەمجار گەلی عێراق بەو خۆپیشاندانانەی کە کردیان، بە سەرکردەکانی عێراقیان گوت، ئێمە ماندوو بووین لەو شتەی تا ئێستا بە ئێمەی دەفڕۆشن، ئێمە خزمەتگوزاریمان دەوێت، ئێمە ژیانمان دەوێت، ئاو و کارەبامان دەوێت، پەیامی خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی گشتی ئەمجارە هەر خۆیان ئەمەیان ئەنجام دا کە جێی ڕێز و سوپاسە.

کاتێک باسی گۆڕینی دەستوور دەکرێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان بڵێین نابێت ئەمە بکرێت، پرسیارمان هەیە، مەبەستتان لە گۆڕینی دەستوور چییە؟ وەڵامی هەر تاکێک ئەوەیە، دەمانەوێت دەستوور بگۆڕین بۆ ئەوەی سەقامگیریی سیاسی لە عێراق بەهێزتر بێت. پرسیارمان ئەوەیە؟ ئەڕێ بە کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی هەرێم، سەقامگیریی سیاسی لە عێراق پەوتر دەبێت، یان خراپتر دەبێت؟ کامەیەتی؟ ئەمە پرسیارە جەوهەرییەکەیە، پرسیار ئەوە نییە کە ئێستا هەرێمی کوردستان دەڵێت نابێت دەستوور بگۆڕدرێت، پرسیاری ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە لەجێی خۆیەتی ئەوەیە، ئەڕێ کام بڕگەی دەستوور بگۆڕین خۆپیشاندان ناکرێت؟ ئێمە ئامادەین ئەمانە گفتوگۆ بکەین، ئەڕێ کام بڕگەی دەستوورە گەر بیگۆڕین ژیانی خەڵکی عێراق باشتر دەبێت؟ لەپێناو باشترکردنی سیستمی سیاسیی عێراق، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هەموو عێراق و باشترکردنی ژیانی خەڵک لە فاو تا زاخۆ، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە.

پرسیاری جەوهەری ئەوەیە، ئایا بە گۆڕینی دەستور و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە ئامانجی سەرەکیی سەقامگیریی سیاسییە، سەقامگیریی سیاسی بۆ عێراق دەستەبەر دەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاساییە کە بڵێین نەخێر نابێت، چونکە دەستوور کێشە نییە، بەڵکو لە عێراقدا فەرامۆشکردنی دەستور و جێبەجێنەکردنی دەستور کێشەیەکی گەورەیە.

با باسی هەرێمی کوردستان بکەم، لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکمان هەیە کە فیدراڵییە، شێوەی مامەڵەی بەغدا لە ساڵی 2003ەوە تا ئێستا، لە هیچ قۆناغێکدا فیدراڵی نەبووە. لەوەش تێدەگەین کە لە سیستمی فیدراڵیدا هەرێمی کوردستان هەم ماف و هەم ئەرکیشی هەیە، بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە لە 2003وە تاکو ئێستا ئایا بە ڕاستی مامەڵەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای فیدراڵی بووە؟ نەخێر، هەمووی لەسەر بنەمای مەرکەزیەت بووە، کەواتە چەند مادەی دەستووری هەیە کە جێبەجێ کراون و هەموویان فەرامۆش کراون؟

ڕاستییەکی دیکەش هەیە، لە 2003 کاتێک کورد بڕیاری دا بەشدار بێت لە عێراق، لەسەر بنەمای دەستوور ئەو بڕیارەمان داوە. لە دیباچەی دەستووردا زۆر بە ڕوونی هاتووە (جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە دەستەبەری یەکێتیی خاکی عێراقە) ئەوانەی لە دەستوور شارەزان پشتگیریی ئەمە دەکەن .ئێمە وەک هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2003دۆخێکی زۆر تایبەتمان هەبوو، ڕاستە ئێمە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووین، تەنانەت پارەشمان جیاواز بوو. ئێمە بە خواستی خۆمان گەڕاینەوە بەغدا و یارمەتیی عێراقی نوێمان دا.

خوالێخۆشبوو جەنابی سەرۆک مام جەلال، خوالێخۆشبوو جەنابی نەوشیروان مستەفا و سەرۆک بارزانی چی لە دەستیان هات کردیان بۆ بنیاتنانەوەی عێراق و تەنانەت پێشمەرگەمان نارد بۆ پاراستنی بەغدا تا لە هەندێک شوێنی بەغدا ئارامی بەرقەرار بکەن، واتە خواستی کورد بۆ بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ شتێکی شاراوە نییە. ئەمڕۆش ئەو کێشەیەی ئێستا هەیە تەنیا بە کێشەی بەغدای نابینین، بە کێشەی خۆشمانی دەزانین.

ئێمە لە یەک جوگرافیادا ین و ئەوەی لەوێ ڕوودەدات، کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبێت و بەپێچەوانەشەوە ئەوەی لێرە ڕوودەدات کاریگەری لەسەر ئەوێ دەبێت و پێویستە بە هێمنی و بێ تاوانبارکردنی یەکتری، بێ ئەوەی بڵێین دەستکەوتەکانی کورد زۆرە و دەبێت کەم بکرێتەوە! کام دەستکەوت زۆرە و دەبێت کەمبکرێتەوە و کام دەستکەوتی کورد ڕێگر بووە لە دابینکردنی کارەبا؟ کام دەستکەوتی کورد ڕێگربووە لەوەی ژیانێکی باشتر بۆ عێراقییەکان دەستەبەر بکرێت و کێشەی ئاو لە باشوور دروست بکات؟ ئەگەر بەندێکی وا لە دەستوور هەیە، بە خۆشحاڵییەوە ئامادەین قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئێمەش دەمانەوێت عێراقییەکان ژیانێکی باشتریان هەبێت.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بۆ یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چی دەبێت، سەرۆکی نێچیرڤان بارزانی گوتی:

کێشەی ئێمە بۆ چەندین ساڵ، لە سایکۆلۆجیەتی ئێمە، بەغدا هەر بوونی نەبوو. بایەخی نەبووە بۆمان، دۆخی بەغدا چۆنە، گرنگیمان پێی نەداوە. بە ڕای من هەڵە بووین و هەڵەشە. بەغدا بە هەر شێوەیەک بێت شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی هەیە و دامەزراوەی هەیە و ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانە. پێویستە ئێمە بەردەوام سوود لەو شەرعیەتە وەربگرین بۆ هەرێمی کوردستان.

خاڵێکی دیکە، کۆی ئەندامانی کوردی هەموو هێزە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران 58نوێنەرە، بەڵام هەر یەکیان قسەیەک و گوتارێکی هەیە. نە پارتی و نە یەکێتی و نە گۆڕان و نە یەکگرتووی ئیسلامی هیچ لایەنێک لە ئێمە بەو پەرتەوازییە ناتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت. ئێستا لە سەرۆکایەتیی هەرێم، بە سوپاسەوە دەڵێم، هەموو سەرکردە و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا دروست بکەین. کۆبوونەوەی پێشتر بڕیارێکی وامان داوە و لیژنەیەکیشمان دروست کردووە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مستەفا سەید قادر وەک یەک لە جێگرەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لیژنەیەک لەگەڵ لایەنەکان خەریکە و کۆبوونەوەیان کردووە و بەردەوامن. دەمانەوێت ئەو هاوپەیمانییە دروست بکەین، مەبەستمان ئەوە نییە هەڕەشە لە هیچ هێزێکی عێراقی بکەین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو هاوپەیمانییەوە هەموومان بەیەکەوە بتوانین خزمەتی هاووڵاتیانی عێراق بگشتی بکەین و دەستەبەری دەستکەوتەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بکەین. ئەم پرسە تا ئێستا باش دەڕوات و ئومێدەوارم لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانین ئەو هاوپەیمانییە ڕابگەیەنین.

سەبارەت بە دۆخی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان و هەوڵەکانی جەنابیان لەمبارەیەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد:

لەڕووی سۆزداریی‌یەوە، گومان لەوەدا نییە هەر کوردێک ئەوەی دەبینێت لە سووریا و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورد دێت لە سووریا پێی ناخۆشە و هیوا دەخوازێت بە شێوەیەکی دیکە بێت ?بێگومان لە ڕێگەی خەبات و بەرخودانی کوردەوە کە دژی داعش کردیان، کۆمەڵێکی زۆر شەهید و بریندارییان دا بۆ پاراستنی کورد و تەنانەت سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی سووریا، بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە باسی ئێستا بکەین، پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە دواوە. زۆر بەداخەوە، زۆر پێویستە وەکو کورد، مێژوو بە وردی بخوێنینەوە بۆ ئەوەی فێر ببین. کاتێک شتێک دێتە پێش، سروشتێکمان هەیە، ئۆپاڵەکە دەخەینە ئەستۆی خەڵکی دیکە، بەڵام بە وردی ڕەوشی حاڵی خۆمان ناخەینە بەر ڕەخنە و خۆمان لە کوێ هەڵەمان کرد، ئەگەر ئێمە ئەو هەڵانە ببین و بە وردی لێکۆڵینەوەیان بۆ بکەین، دەتوانین هەنگاوەکانی ئایندەمان وردتر بێت. کاتێک کێشەی سووریا دەستی پێکرد، خۆم شەخسی لە ناو هەموو پرسەکان بووم. لە زۆربەی کۆبوونەوەکان، کێشەی تورکیا لەو کاتەدا کێشەی کورد نەبوو لە سووریا، کێشەکە پەکەکە بوو. ئەوان یەکڕوو دەیانگوت، ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەک بەرگەی بوونی ئاڵای پەکەکە بکەین لە سنووری خۆمان لەگەڵ سووریا و بەردەوام ئەم دید و بۆچوونەی خۆیان بە ئێمە گوتووە، ئێمەش بەردەوام هەوڵمان داوە برایانمان لە سووریا تێبگەیەنین کە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە.

با ئەوەش بڵێم، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کاتە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پەیدە نەبوو ?تەنانەت تورکەکان هاتن و گوتیان دەمانەوێت ناوبژی بکەین و یەک داوامان هەیە کورد خۆی لە پەکەکە جیا بکاتەوە. بەداخەوە پەکەکە هەوڵی دا شەرعیەتی خۆی لە ڕێگەی کوردانی سووریاوە وەرگرێت، لە ئەنجام دا ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورد لە سووریا هات، ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیە بوو کە پەیڕەو کرا.

من لە پەیوەندیی بەردەوامدام لەگەڵ جەنەراڵ مەزلووم کۆبانێ، کاتێک بەڕێز لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا هاتە هەولێر، داوام لێکرد هەوڵ بدات بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانە لەگەڵ دیمەشق، چارەسەرێک بتوانێت کێشەکانی کورد لەناو سووریا چارەسەر بکات. چەندین جار بە تەلەفۆن و لە دیدارەکانیشم لەگەڵ مەزلووم، جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە. لەگەڵ ڕێزم بۆ بڕیاری سەرۆک ترامپ، بەڵام کێشەی سەرەکیی سەرۆک ترەمپ ئەوەیە، نازانێت بۆچی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریان. ئەمەریکا هیچ سیاسەتێکی ڕوونی نەبوو لە بارەی پرسی سووریاوە. پرسی داعش پرسێکی سەرەکی بوو. بە سوپاسەوە هێزەکانی ئەمەریکا هەموو هەوڵێکیان دا و یارمەتیی ئێمەشیان دا بۆ لەناوبردنی داعش. ئێمە بەردەوام سوپاسگوزاری ئەمەریکا و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانیی دژی داعشین لە ئەوروپا بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا کە بێ ئەوان ئێمە نەماندەتوانی و لە سووریاش نەیاندەتوانی داعش تێکبشکێنن و یارمەتیی ئێمەیان دا و سوپاسیان دەکەین.

پێمان وایە کێشەکە دەبێت لەگەڵ سووریا بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەمە چارەسەرێکی دروستە بۆ کوردانی سووریا. پێش هاتنی بەڕێز لاڤرۆڤ، قسەم لەگەڵ بەڕێز مەزلووم کوبانێ کرد و ئەو پرسەم باس کرد و ئەویش ڕەزامەند بوو کە ئەو پرسە بخەمەڕوو لەگەڵ لاڤرۆڤ.

کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو گرووپانەیە لەگەڵ سوپای تورکیان. بە جددی ئێمە نیگەرانین لەوبارەیەوە، چونکە ئەوان لە هاتینان بۆ عەفرین شتی تا بڵێی خراپ ڕووی دا و نیگەرانی ئەو شتانەین لە سووریا. دووەم شت ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە جددی نیگەرانین لە هاتنی ئاوارە، نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی عێراق و پەنابەری سووریامان هەبوو، دوای ئەو ژمارەیە ئێستا ملیۆنێک و 100هەزار ئاوارە و پەنابەرمان هەیە.

دانیشتوانی هەرێم نزیکەی بیست و نۆ و سی لە سەدا زیادی کردووە، قورسایی دارایی زیاتر لە ملیارێک و پێنجسەد هەزار دۆلار بووە و ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان یەکجار زۆرە. نیگەرانییەکی دیکە کە بە جددی پێی نیگەرانین، پرسی داعشە، ئێمە پێمان وا نییە داعش فکرەکەی کۆتایی هاتبێت، ئێستاش داعش بە مەترسییەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق دەبینین و پێویستە ئێمە لەگەڵ بەغدا کاری جددی بکەین بۆ ئەوەی نەهێڵین داعش سەرهەڵبداتەوە. هەوڵەکانمان بەردەوام دەبێت، بەردەوام لەگەڵ ئێران و تورکیا قسەمان کردووە، ئەوەی پێمان بکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەینەتیی خوشک و برایانمان لە سووریا دەیکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو دۆخەی تێیکەوتوون ڕزگاریان بکەین و لە نەهامەتییەکانیان کەم بکەینەوە.

بەڵام شتێکی دیکە هەیە کە ئەویش ئەوەیە بەرپرسیاریەتیی ئێمە هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئێمە دەستێوەردان لە کاروباری هیچ وڵاتێک ناکەین، نە سووریا و نە تورکیا و نە ئێران، ئەگەر بتوانین فاکتەرێکی یارمەتیدەر بین بۆ ئەو شوێنانەی کورد تێیاندا دەژی، دەیکەین، بەڵام دەستێوەردان ناکەین. ئێمە لەگەڵ پەیدە و ئەنەکەسە قسەمان کردووە، داوامان کردووە یەکگرتوو بن و بەیەکەوە کار بکەن و یەک گوتاریان هەبێت. ئەگەر بەیەکەوە بن دەتوانن لە پرسی دەستووری سووریادا دەستکەوتی باشتر بەدست بهێنن.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی پانێڵەکەدا باسی کێشەی کوردی لە تورکیا کرد و ڕایگەیاند:

کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکی جددییە. ئێمە وەک هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی باڵامان بینی، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەست پێبکات، ئێستاش لە هەموو دیدارەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا ئەو پرسەمان فەرامۆش نەکردووە، بەڵام دەمانەوێت تەنیا یارمەتیدەر بین، ئێمە ڕوون بووین لەگەڵیان کە کێشەی کورد دەبێت بە ئاشتیانە و دوور لە تونددوتیژی لە تورکیا چارەسەر بکرێت، پەیامی ئێمە ئێستاش ئەوەیە.

ئەم کێشەیە بە چارەسەری سەربازی چارە ناکرێت، دەبێت ئاشتیانە بێت و لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیادا چارەسەر بکرێت.

ئەو قسانەی پێویست بووە لەگەڵ جەنەراڵ مەزلووم بکەین، کردوومانە. ئەوانەشی پێویست بووە، گوتیی لێ بێت، گوتیی لێ بووە و بەردەوامیش دەبین، ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە بمانەوێت ڕێگەیان پێشان بدەین، بەڵکو ئەزموونێکمان هەیە. بە گوێرەی ئەزموونی خۆمان هەوڵ دەدەین ئەوەی باشە بۆیان ئەو ڕێگەیان پێشان بدەین. زۆر قسەمان لەگەڵ کردووە و زۆریش ڕاستگۆیانە قسەمان کردووە و ئەوەی پێویست بووە باسمان کردووە و بەردەوامیش دەبین و ئەوەی پێویستیش بێت کردوومانە و بەردەوامیش دەبین.

بەڕێزیان هەروەها باسی لە یەکڕیزیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی:

ئێمە بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات لە ڕێگەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانەوە قسە لەگەڵ یەکتری بکەین، ڕێک با بێمە سەر بابەتەکە، یەکێتی و پارتی لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا گەیشتوونەتە ئەم ڕێکەوتنە، کێشەی زۆر جۆراوجۆرمان هەبووە لەم چەند ساڵەدا و پەیوەندییەکانیان بەرز و نزمیی زۆر هەبووە، بەڵام پرۆسەکە بەردەوام بووە و نەپچڕاوە. با لە بیری نەکەین، لە ڕابردوودا کاتێک کێشەیەک لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دروست دەبوو ئەوانەی بیریان دێتەوە دەزانن کە ڕاستەوخۆ پەنایان بۆ چەک دەبرد، ترسەکە ئەوە بوو شەڕ دروست دەبووەوە.

بینیمان لە خراپترین حاڵەتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیدا، کەس بیری لە هەڵگیرساندنی شەڕ نەکردەوە کە جارێکی دیکە خوانەخواستە شەڕی ناوخۆ ڕووبدات ?ئێمە زۆر بە جددی قسە دەکەین و ڕەخنە لە یەکتری دەگرین، بەڵام هەرداوڵا نەیانگەیاندۆتە ئەوەی کێشەکە بگاتە کێشەیەکی چەکداری و خەڵک نیگەران ببێت. ئەوەی ئێستا هەیە من دڵنیاتان دەکەمەوە کە جێی ئەوە نییە نیگەران بن و چارەسەر دەکرێت و پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی زۆر لەوە قوڵترە. یەکێتی هاوبەشێکی سەرەکیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

پەیوەندیی زۆر باش لە نێوان سەرۆکی حکوومەت و وەزیرەکانی هەیە و وەک یەک تیمن بێ ئەوەی سەیر بکرێت ئەمە سەر بە چ لایەنێکە. سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیرانیش وەک تیم بەیەکەوە کار دەکەن و پەیوەندییەکانیان تا بڵێی باشە. هیچ پێویست ناکات کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ببێتە شۆێنی قسەکردنی یەکێتی و پارتی لەگەڵ یەکتر، میکانزمی دیکە هەیە و کۆبوونەوەی دیکە دەبێت و ئەو شتانەی ئێستاش باسیان لێ دەکرێت زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن. ئەوانەی ئێستا هەن، لە کێشەکانی ڕابردوو گەورەتر نین.

من نیگەران نیم لەبارەیانەوە و ئێمە هیچ چارەسەرێکی دیکەمان نییە نەک تەنیا پارتی و یەکێتی بەڵکو هەر هەموویان، ئەمڕۆ لایەنە موعارەزەکانیش بەشداریی کۆبوونەوەکانیان کرد کە لە حکوومەتیش نین، بەڵام لە مەترسیی دۆخەکە تێدەگەن و لەپێناو دەستکەوتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە، ئامادەی

کۆبوونەوە بوون و بەشداربییەکی کاراشیان کرد تا بگەینە ئەنجامێک لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا بێت. دەربارەی پرۆسەی دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، بەرپرسێکی باڵای کورد بە هەموویانەوە وەک گوتم لایەنەکانی کورد بە هەموویانەوە لە ساڵی 2003و دواتریش رۆڵێکی سەرەکییان بینی لە دارشتنەوەی عێراقی نوێ و ئەمڕۆش دڵنیا بن لەوەی کە ئەوەی ئێمە پێمان بکرێت لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەین، هەروەها ئەوەی وا پێشان دەدرێت کە ئێمە بوونێکی وامان لە بەغدا نییە، دوای هەموو ئەو ڕووداوانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی ڕابردووەدا ڕوویان دا، لەنێوان خۆمان ئەمڕۆ گەیشتووینەتە تێگەیشتنێکی هاوبەش، نەک تەنیا کورد بەلکو لەنێوان هەموو ئەو پێکهاتانەی لە عێراقدا دەژین کە چۆن بتوانین ئەم وڵاتە بەرپێوە بەرین و ڕۆڵی خۆمان زیاتر و ئامادەبیمان لە بەغدا زیاتر دەکەین لەوەی کە ئێستا هەیە و هەبووفان زیاتر دەبێت و هەموشی بۆ یارمەتیدانی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوەیە.

ئێمە نالێین مۆدێلی بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستان هیچ کەموکوڕییەکی نییە، نکوڵی لەوە ناکەم، لە هەرێمی کوردستان کێشە هەیە، بەڵام ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ئێستا و ساڵانی ڕابردووداو لە پرسەکانی شەفافیەت و نەوت و چاکسازی و بوارەکانی دیکە، دەبینین هەندێک هەنگاوی زۆر گرنگ بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان نراون و با ئەمانە بە کەم نەبینین، ئێمە لەم چەند ساڵەدا هەنگاوی گرنگمان ناوە، بەڵام هەنگاوەکان بەس نین و دەبێت بەردەوام بین. لە چوار ـ پێنج ساڵی ڕابردووداو نەمانتوانیوە شتی گەورە بکەین، تەنیا توانیمان لە داڕمان ڕزگاری بکەین. بیرتان نەچێت لە چەند ساڵی ڕابردووداو (1100) کیلۆمەتر لە شەڕدا بووین لەگەڵ داعش، بیرتان نەچێت دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەری عێراقی و سووری هاتبوونە هەرێم و وەک گوتم سەدا بیست و نۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیادی کرد، بیرتان نەچێت لەم شەڕانەدا و بۆ بەرگریکردن لەخۆمان (2) هەزار شەهید و (11) هەزار بریندارمان داوە. بیرتان نەچێت بە بیانووی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان نەوتی هەناردەی دەرەوە کردووە لە سەرەتای ساڵی 2014بودجە و مووچەمان بە تەواوەتی لەلایەن بەغداوە بڕا لەکاتێکدا لە مانگی 5ی ئەو ساڵە نەوتمان هەناردە کردووە.

ئەگەر ئەو تێگەیشتنە بەرزەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئەگەر ئەو تێگەیشتنەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئەستەم بوو هیچ حکوومەتێک لە دنیا بەرگەی ئەو دۆخەی گرتبا. ئەوە سەرکەوتنی سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکەی نەبوو، سەرکەوتنی خەڵک بوو. ئەمڕۆ مەسەلەکە ئەوە نییە بەغدا بۆ ئێمە گرنگ بێت کە بودجە و مووچەمان بۆ دابین دەکات، بەڵکو بەغدا لەڕووی سیاسی و شەرعیەتی یاساییەوە ئەوەی سەڵماندووە کە دەبێت ئێمە کێشەکانی خۆمان لە بەغدا چارەسەر بکەین لەسەر بنەمای دەستوور و ئەم پەیامە و پێگیریی خۆشمان بە دەستوورەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چەندین جار دووپات کردۆتەوە. پەرۆشیی ئێمە بۆ بەغدا تەنیا لەبەر هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو لەبەر خودی عێراقییەکان و دۆخی عێراقیشە و ئێمە وەک هەرێمی کوردستان دەتوانین ڕۆڵی خۆمان ببینین.

بەرپێز سەرۆک کۆمار کە ئەمڕۆ تەشریفی هێنابوو بۆ ئێرە زۆر بە ڕوونی پرسی گۆڕینی دەستووری لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ شرۆڤە کردین کە دەیانەوێت دەستوور بگۆڕن، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێت دەستکەوتەکانی کوردستان کەم بکرێتەوە، ئەوا ناکرێت و ئەمەش بە هیچ شێوەیەک قبووڵ نییە و ئەمەش هەڕەشە نییە لە کەسی بکەین، چونکە هەر گۆڕانکارییەک بە ئامانجی ئەوە ئەنجام دەدرێت کە سەقامگیریی سیاسی لە عێراق جێگیر ببێت و ئەمەش بە هیچ شێوەیەک بە کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراق بەدی نایەت، کەواتە پێویست ناکات ئێمە باسی ئەو پرسە بکەین و لەو بڕوایەدام هێزە عێراقییەکانیش مەبەستیان ئەوە ببێت، بەڵام هەر ماددەیەکی دەستووری کە دۆخی عێراق باشتر بکات و خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە هاووڵاتیانی عێراق بکات، پشتگیری دەکەین و پێشمان خۆش دەبێت.

کاتی ئەوە هاتووە ئێمە لە بەغدا بوونێکی جددیمان هەبێت و هەر واش دەکەین و دەستێشمان پێکردووە و بەردەوام لە پەیوەندیداین لەگەڵ سەرۆک وەزیران و لایەنەکانی دیکەی سیاسی لە عێراقد. لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆمار کە خۆی بە بەردەوامی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکان لە پەیوەندیدایە و بۆ ئەوی بتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن و هیوا ناخوازین دۆخی عێراق ئاڵۆز بێت. پێموایە پێویست بەوە دەکات زیاتر گرنگی بە چاکسازی بدرێت و بەرپێز سەرۆک وەزیرانی عێراق باسی چاکسازی دەکات و شایانی ئەوەیە دەرفەتی دیکەی پێ بدرێت لە پرسی چاکسازیدا و لەمبارەیەوە هێزە سیاسییەکان یارمەتی بدەین.

با ئێمە باسی واقعی عێراق بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی سەرۆک وەزیران لەتوانایدایە ئەنجامی بدات زۆر سنووردارە، سەرۆک وەزیران تا چەند توانیویەتی وەزیرێک دابنێت؟ هەمووی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە دانراوە و کاندیدیان بۆی ناردووە تا بکرێتە وەزیر. بە ڕاستی سیستمی سیاسیی عێراق ئەوە نییە کە چونکە ئەو سەرۆک وەزیرانە، کۆنترۆڵەکەی لەدەستە! من پێموایە کێشەکە گەورەکە لێرەیە، ئەوانەی ئێستا لە عێراق بەرپرسیاریەتی وەردەگرن و دەبن بە وەزیر زیاتر چاوەڕێی ئەوەن کە بۆ حزبەکەی خۆیان چی دەکەن و چیان پێدەکرێت! هی ئەوە نین بڵێین بۆ عێراق چی دەکەین! سەرۆک وەزیرانیش دەسەڵاتێکی کەمی هەیە، نە حزبێکی لەپشتە و نە بلۆکێکی بەهێزی هەیە، بەڵکو لە ئەنجامی تەوافقی لایەنەکانی ناو پەرلەمان بۆتە سەرۆک وەزیران و کەسیش پشتگیری ناکات! ئایا چۆن دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و چۆن دەتوانێت ئەم وڵاتە بەرێوە ببات؟ ئەو پێویستی بە پشتگیریی سیاسیی هەموو هێزەکان هەیە.

وەک کەسایەتیش بەرێز عادل عەبدولمەهدی شایستەی ئەوەیە دەرفەتێکی دیکەی پێ بدرێت و پشتگیرییەکی تەواوی بکرێت، چونکە ئەوەی ئێستا لەگەڵی دەکرێت پشتگیری نییە و لایەنە بەشداربووەکانی ناو حکوومەتی عێراقیش یارمەتیی سەرۆک وەزیران نادەن. هەموو کات دەڵێم لە هەر قەیرانێکدا دەرفەتێک هەیە، ئەمەی ئێستا قەیرانێکی گەورەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی گەورەشە بۆ عێراق کە بە جددی دابنیشن بێ تۆمەتبارکردنی یەکتری و وڵاتانی دیکە کێشەکان چارەسەر بکەن، چونکە بە تۆمەتبارکردنی یەکتری و بە هێنانی دەستی وڵاتان، کێشەکە چارەسەر نابێت.

ئەگەر لە هەرێمی کوردستانەوە شتێک، پیلانگێڕییەک دژی بەغدا ئەنجام دەدرێت، وەک هەرێمی کوردستان ئامادەین بۆ هەموو لێکۆڵینەوەیەک، چونکە نامانەوێ هەرێمی کوردستان ببێتە شوێنێک بۆ پیلانگێڕی لەسەر بەغدا. ئەمەمان نەکردووە و لە داهاتووشدا نایکەین. ئەگەر زانیاریەک هەیە ئامادەین و بە جددی لەسەری ڕادەوەستین. جارێک یەکێک پێی گوتم هەر کە شتێک دەبێت دەڵێن خەتای فلان وڵاتە، باشە گەر سەدا حەفتای خەتای وڵاتەکە بێت ئەوا سەدا سی خەتای خۆتانە، دانیشین ئەو سەدا سییە چارەسەر بکەین. منیش هەمان شت دووبارە دەکەمەوە، لەجیاتی یەکتر تاوانبارکردن بە دانیشتن و هەڵەکان بدۆزینەوە و چارەسەری بکەین.



د. محەمەد بازیانی: کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان میژوویی بوو



دکتۆر محەمەد بازیانی، سیاسەتمەداری کورد دەڵێت، کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم بە ئامادبوونی سەرۆککۆمار لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، میژوویی بوو و جارێکی دیکە هەولێر دەبێتە ناوەندی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق.

سیاسەتمەداری کورد، د. محەمەد بازیانی بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: گۆڕینی دەستوور و ئەو مافانەی کە لە دەستووردا بۆ کورد بەدەستهاتوون زۆر زەحمەتە بگۆڕدرێن، ئەگەر هاتو هەرێم خۆی ڕازی نەبێت ئەو گۆڕانکارییانە بکرێن، بە تایبەت دەستکەوتەکان، چونکە هەموارکردنەوەی دەستوور پێویستی بە دەنگی خەڵکی کوردستان هەیە. ئەو سیاسەتمەدارەی کورد گوتیشی: کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم بە بەشداریی سەرۆککۆمار لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان میژوویی بوو، چونکە گرنگە کۆبنەوە و هەڵوێستیان هەبێت، بۆیە ئەو کۆبوونەوەیە جێگەی دڵخۆشییە. د. محەمەد بازیانی باسی لەوەشکردووە: بە ڕای من جارێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لایەنەکانی عێراق دەگەڕێنەوە بۆ هەولێر و هەولێر دەبێتەوە ناوەندی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق وەکو هەمیشە، بۆیە ئەگەر کورد یاریزانێکی باش بێت، کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکات، بە مەرجێک مافەکانی کورد پێشێل نەکرێن.

موسەنا ئەمین: خۆپیشاندان مافێکی ڕەوای خەڵکە بەڵام مەترسی لە زەمینەسازی بۆ کودەتا هەیە



K24/موسەنا ئەمین، پەرلەمانتاری یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەبارەی هەموارکردنەوە یانیش گۆڕینی دەستووری عێراق دەڵێت: گۆڕینی دەستوور کارێکی ئەستەمە، ئەگەر ڕەشنووسێکی نوێ لە شوێنی دەستووری ئێستا ئامادە نەکرابێت. ئەم قسانەی ئەمین لە میانەی دیدارێکدا هاتوون، کە لە چوارچێوەی دیداری مێری لە شاری هەولێر بە سپۆنسەری کوردستان 24 بەڕێوەدەچێت و دووپاتیکردەوە، ئەوەی ئێستا لەبارەی گۆڕینی دەستووری عێراق دەگوزەڕێت، مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە هەموو لایەک ئەوە دەزانێت، کە ئەوەی ئێستا لە عێراق هەیە، خۆی لە تۆپەڵێک گەندەڵی، میلیشیا، فەوزا و نەبوونی بنەمای دەوڵەتدا دەبینێتەوە و لە پارێزگاکانی عێراق میلیشیا و حزبە سیاسییەکان حوکم دەکەن نەک دەوڵەت. گوتیشی: لە عێراق یاسا سەروەر نییە و دادگاش پەکیکەوتووە و بە هەزاران جەختیشی کردەوە، 2 ماددە لە دەستووری عێراقدا هەیە و جەخت لەسەر چۆنیەتی گۆڕینی دەستووری ئێستا دەکەنەوە، یەکێکیان ماددەی 142ـە و ئەوی دیکەشیان ماددەی 126ـە، لەو دوو ماددەیە زەمانەت بۆ کورد هەیە، کە لە ماددەی 142ـدا هاتووە، ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە دەستووردا بکرێت، بەڵام لەلایەن 3پارێزگاوە بە ڕێژەی 2 لەسەر 3 ڕەت بکرێتەوە، ئەوا کۆی گۆڕانکارییەکە ڕەت دەکرێتەوە. گوتیشی: هەرچی ماددەی 126ـە زەمانی ئەوەی دۆسییەی گەندەڵکاران لە دەستەی دەستپاکی کەوتوون و تا ئێستا ڕووبەڕووی دادگا نەکراونەتەوە.

باسی ئەوەشی کرد، ئەو پێکەوەژیانەی ئێستا لە عێراق هەیە و ئەو شەراکەتەی کورد لە بەغدا هەیەتی، بەو دەستوور ڕێکخراوە، هەر ئەم دەستوورەشە کە هەرێمی کوردستانی بە یاسایی ناساندووە، بۆیە ئاساییە کورد ترسی لە گۆڕینی دەستوور هەبێت، چونکە نازانرێت ئەو گۆڕینەی دەستوور چ ئەنجامێکی بۆ کورد لێ دەکەوێتەوە.

ئەگەر هەوڵ بۆ گۆڕین یانیش هەموارکردنەوەی دەستوور بدرێت، پێویست ناکات کورد ترسی هەبێت، چونکە ئەو دوو ماددەیە دەستەبەری دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەگەر هەوڵەکان بۆ کودەتا بێت بەسەر دەستووردا یانیش پەکخستن و سڕکردنی دەستوور بێت، ئەوا شتێکی ئاساییە کە مەترسیمان لەو گۆڕانکاریانە هەبێت.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتووە ئاماژەی بەوەشدا: ئەوەی جێگای مەترسییە خۆپیشاندان نییە، چونکە لەکاتێکدا گەندەڵی و نادادپەروەری باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە، خۆپیشاندان مافێکی ڕەوای هاووڵاتیانە، بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە ئەوەیە، کە هەندێ هێزی سیاسی سواری شەپۆلی خۆپیشاندانەکان بوونە و ئەگەری ئەوە هەیە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەلای تووندتیژیدا ببەن و بارێکی نائاسایی دروست بکەن و لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانەوە ڕێگای بەردەم کودەتا خۆش بکەن

د. مەحموود عوسمان:
ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەڕێت ململانێی لایەنەکانە
دەستووری عێراق ماددەی زۆری تێدایە لاستیکین و لە بەرژەوەندی شیعەکاندان

دکتۆر مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری دیاری کورد، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق، دەڵێت: ئەوەی ئێستا دەگوزەڕێت، وێڕای نەبوونی خزمەتگوزاری، ململانێی لایەنە عێراقییەکانیشە بە تایبەت شیعەکان. لە بارەی دەستوورییشەوە ڕوونی دەکاتەوە، وێڕای بوونی چەندین بڕگە و ماددەی گرنگ، کە بڕیتین لە دیموکراسی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەکان و هەندێ ماددەش کە تێیاندا مافەکانی هەرێمی کوردستانیان پاراستووە، بەڵام هەندێ کەموکوڕیش لە دەستووردا هەن، هۆکاری ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو کەسانەی دەستووریان نووسیوەتەوە سیاسی بوون، نەک یاسایی، نموونەش بە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوە جیا لە ململانێی هێزەکان، بە تایبەت نێوماڵی شیعەکان لە نێوخۆی خۆیاندا هۆکاری دیکەی کێشەکانن.

هەندێک لایەن بانگەشەی گۆڕینی دەستووری عێراق دەکەن، ناوبراو پێیوایە وێڕای بوونی چەندین بڕگە و ماددەی گرنگ، کە بڕیتین لە دیموکراسی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەکان و هەندێ ماددەش کە تێیاندا مافەکانی هەرێمی کوردستانیان پاراستووە، بەڵام هەندێ کەموکوڕیش لە دەستووردا هەن، هۆکاری ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو کەسانەی دەستووریان نووسیوەتەوە سیاسی بوون، نەک یاسایی، نموونەش بە ماددەی 76 دیێنێتەوە، کە دەڵێ، ئەو کوتلەیە حکوومەت پێکدەهێنێت کە زۆرینەیە، ئیدی ڕوون نەکراوەتەوە، ئایا ئەو لیستەی لە هەڵبژاردن زۆرینە دەبێت، یا لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە چەند لیستێک هاوپەیمانی پێکدێێن و دەبنە زۆرینە! دکتۆر مەحموود، ئەو ماددەیەش بە سوودی شیعەکان ناوزەد دەکات، کە هەمیشە کێشە بووە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، دەشڵێ، ماددەی دیکەش زۆرن، کە لاستیکین و هەر لایەنە و بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوێ، لێکدانەوەی بۆ دەکات، کە لەوەشدا شیعەکان سوودمەند بوون.

دهۆک.. روژانه 540 خێزان دێ گازا سپی وەرگرن



خەبات ـ دهۆک

دێرێس کونفرانسەکێ هەفپشک دا ماجید سەید سالح بەرپرسێ بادەکا سوتەمەنیێ ل پارێزگەها دهۆکێ دیار کر کو ئەنجومەنێ وەزیرێن هەرێما کوردستانێ دکومبونا خویا ئاسی دا بریار دا 200 لترێن گازا سپی بدەنە هەر خێزانەکێ و ژ هنگی ئەنجومەنێ وەزیران و پارێزگەها دهۆکێ دان و ستاندن دگەل حکومەتا عێراقێ سازکرن ژ پێخەمەت دابینکرنا گازا سپی بو وەلاتیان، و ژ بە کاودانێن ئایینی، جهێ داخێ یە حکومەتا فیدرال رێژەکا گەلەک کێم کو دبیتە 20% ژ پێدڤیا هەرێما کوردستانێ بو هەر چوار پارێزگەهێن هەرێمێ بتنێ 5ملیۆن لتر پێن مەزاختن بو ڤێ قوناغێ و ژ دستپێکا ڤێ هەیڤێ گاز دهێتە رەوانە کرن بو دهۆکێ روژانە سێ تانکەر دهێن کو دبنە 108 هزار لتر.گوت: بەری نوکە مە هەمی بەرهەڤی کربون چ وەکی کومپانی بو بەلاڤکرنێ یان ژی لایەنێن دی پێن تەکنیکی ئەم د بەرهەڤ بوین هەرگاڤا گاز گەهشت ئەم بەلاڤکەین ئەم دگەل پارێزگارێ دهۆکێ ژی کومبوین و بریار دا ئەڤ رێژا روژانە دگەهیت ئەم لسەر وەلاتیان بەلاڤکەین و دێ دگەل حکومەتا عێراقێ بزاڤا کەین بو زێدەکرنا رێژا گازێ و سوزێ دەدینە خەلکێ خو کو هەر رێژەکا گازا سپی بگەهیت ئەم ب ڕێک و پێکی و ئاشکەرا بەلاڤکەین و لبەراهیێ پروسا بەلاڤکرنێ ل دەڤەرێن چیایی هێتە بەغدا و ئالوزیێن پەیدا بوین کار هاتە پاش ئێخستن لێ خوش بەختانە بەری چەند روژەکا بریارەک ژ بەغدا دەرگەفت بو هەر پارێزگەهەکێ ل ئێراقێ رێژەکا گازا سپی بهێتە دابینکرن و دیار کر کو رێژا وان داخاز کری بو پارێزگەها دهۆکێ ب هەفکاریا رێڤەبەریا نەفت و کانزا بو هەر خێزانەکێ 200 لتر بهێن دابینکرن وخەلکێ پارێزگەهێ پێدڤی ب 52 ملیون لترێن گازێ هەیە، ژبلی دەزگەهێن حکومی و قوتابخانا و مزگەفت و جهێن دهخوێنن. وتیشی: دوای ئەوەی وەزارەتەکەمان دەرگای پێشکەشکردنی بۆ دەرچوانی پۆلی 12 لە بەشی خوێندنی کوردی لە ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کردەوە، لە رێگەی نووسینگەی کەرکوکەوە ژمارەیەک لە دەرچووان داواکاریان پێشکەشکرد، بەگەیشتنی لیستی پێشکەشکاران، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن وردبینی تەواو لەسەر داخوازیەکانیان کرا، لە ئەنجامدا بۆ ئەمسالێش بە واژووی د. ئارام وەزارەتەکەمان رەزامەندی نیشاندا لەسەر وەرگرتنی 533 قوتابی شاری کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان بەهەمان پێوەر و کۆڤرەی وەرگیراوی قوتابیانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020. بەو بۆنەیەوە ئەنجامدان. لدور بهایێ هەر بەرمیلەکا گازێ رێڤەبەرێ نەفت و کانزا دیار کر کو هەر خێزانەکێ دێ 200 لیترا دەنێ ب بهایێ 42 هزار و 500 دینارا.

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە یاوەری شاندێکی وەزارەت سەردانی شاری سلێمانی دەکات



بەمەبەستی بەشداریکردن بەکۆتاییهێنان بەخولی پەرەپێدان بە تواناکان بۆ مامۆستایانی ئایینی و بەسەرکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی سلێمانی و چەند کەسایەتییەک دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری شاندێکی وەزارەت سەردانی شاری سلێمانی کرد.

سەرەتا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافیان کرد و لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی و لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئایینی و سەرجەم فەرمانبەرانی ئەوقافی گشتی سلێمانییەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا و هەموو بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بەسەرکردەوە و لە هەمان کاتدا سەردانی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانیان کرد.

پاشان سەردانی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی و مەزاری کاک ئەحمەدی شێخیان کرد، پاشان سەردانی تەکیەی شێخ عەبدولقادری چوێسە و خانەقای شێخ محێدینی چەمپارا و مامۆستا نەجمەددین سەرۆکی لقی یەکێتی زانایانی سلێمانیان کرد. هەر لە مەیانی سەردانەکەی وەزیری ئەوقاف و شاندی یاوەری پاش نیوەڕۆی دوێنێ سەردانی زانکۆی جیهانی کرد و بەگەرمی لەلایەن سەرۆکی زانکۆی جیهان و مامۆستایانی زانکۆوە پێشوازیان لێکرا کە مەبەست و ئامانج لە سەردانەکەی بۆ زانکۆی ناوبراو ئەوە بوو کە بەشداریانکرد لە مەراسیمی کۆتاییهێنان بەخولی پەرەپێدانی تواناکان بۆ مامۆستایانی ئایینی. وەزیری ئەوقاف وێڕای سوپاس و دەستخۆشی بۆ زانکۆی جیهان و پیرۆزبایی کردن لە مامۆستایانی ئایینی دەرچووی خولەکە، ئاماژەیان بەوەدا کە بەشداریکردنی مامۆستایانی ئایینی و فەرمانبەرانی وەزارەت لەم جۆرە خولانەدا کارێکی زۆر باشە.

لەکۆتایی مەراسیمەکەدا خەلاتی رێزلێنان پێشکەش بە مامۆستایانی وانە بێژی خولەکە کرا و بڕوانامەی دەرچوون بەسەر 56 مامۆستای ئایینی پێشکەشکرا کە بە سوپاس و پێزانینەوە زانکۆی جیهان بەڕێوەدەبەن.

لە دریژەی کار و چالاکییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە پێناو خزمەتکردنی شاری هەولێر



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: پڕۆژەی دروست کردنی شەقامە ناوخۆییەکانی گەڕەکی سیمی خاتووناوە بەسەرکرایەوە لە لایەن هەر یەک لە پارێزگاری هەولێر د. فرسەت سۆفی و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و ئەندازیار سامان محەمەد بلباس و قایمقامی هەولێر نەبەز عەبدولحەمید بەڕێوەبەری شارەوانی چوار و بۆتان تاهیر بەڕێوەبەری تەکنیکی و ستافی سەرۆکایەتی شارەوانی. پڕۆژەکە بریتیە لە فەرشکردنی تێکەڵەی tupe A و لێدانی کربستۆن پاشان فەرشکردنی تێکەڵەی tupe B ماوەی پڕۆژەکە 120 رۆژە بە گوژمەی 354.106.500 دینار کە لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر جێبەجێ دەکرێت.

533 خوێندکاری کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان لە زانکۆکانی کوردستان وەرگیران

عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی ڕووندکردنەوەی زیاتری لەو بارەیەوەدا و رایگەیاند: وەزارەتەکەمان لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی کارئاسانی تەواوی کردووە بۆ وەرگرتنی قوتابیان ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو قوتابیانەی لە خوێندنگەکوردییەکان تەواو لەسەر داخوازیەکانیان کرا، لە ئەنجامدا بۆ ئەمسالێش بە واژووی د. ئارام وەزارەتەکەمان بڕیاری پێشکەشکردنی بۆ دەرچوانی پۆلی 12 لە بەشی خوێندنی کوردی لە ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کردەوە، لە رێگەی نووسینگەی کەرکوکەوە ژمارەیەک لە دەرچووان داواکاریان پێشکەشکرد، بەگەیشتنی لیستی پێشکەشکاران، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن وردبینی دەخوێنن. وتیشی: دوای ئەوەی وەزارەتەکەمان دەرگای پێشکەشکردنی بۆ دەرچوانی پۆلی 12 لە بەشی خوێندنی کوردی لە ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کردەوە، لە رێگەی نووسینگەی کەرکوکەوە ژمارەیەک لە دەرچووان داواکاریان پێشکەشکرد، بەگەیشتنی لیستی پێشکەشکاران، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن وردبینی د. ئارام پیرۆزبایی لە دەرچووانی قوتابیانی شاری کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای خواست لە ماوەی خوێندنیان لە زانکۆ بتوانن بە زانست و زانیاری خزمەت بە وڵاتەکەمان بکەن. جێگەی ئاماژەیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی داوا لە قوتابیانی وەرگیراو دەکات سەردانی نوسینگەی کەرکوک- ی وەزارەتەکەمان بکەن بۆ دەستکردن بە ڕاییکردنی مامەڵەی وەرگرتن لە زانکۆکانیان.

زانکۆی سەلاحەدین... ئەمڕۆ یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستە کشتوکاڵییەکان ساز دەکرێت

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/11/6 ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زانستە ئەندازیاریی کشتوکاڵییەکان یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستە کشتوکاڵییەکان لە ساڵی 2019 لە سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساز دەکات. پێشانگاکە بەبەشداری حەوت وڵاتی جیهانی و 32 کۆمپانیای بیانی و حکوومی و دامودەزگای حکوومی و بیانی و کەرتی تایبەت بەڕێوەدەچێت. هەر لە کۆنفرانسەکەدا بەرهەم و چالاکییەکانی لایەنی بەشدار بوو، بە گەورەترین پێشانگا نمایش دەکرێت، هەروەها کۆنفرانسەکە 93 تۆێژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت.

پۆلیسێکی زامداری هەولێر بەسەر کرایەوە



پۆلیسێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دوای ئەوەی ڕۆژی دووشەممە 2019/11/4 لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ تۆمەتبارێک کە ئامادە نەبوو خۆی رادەست بکات بریندار ببوو، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردەوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لە نێوان کارمەندانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە بەشی نەهێشتنی دزینی ئۆتۆمبێل لەگەڵ تۆمەتبارێک، کە فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو، دواتر تۆمەتبارەکە ئامادە نەبوو خۆی رادەست بکات و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پۆلیس و تۆمەتبارەکە ڕوویدا، لە ئەنجامدا کارمەندێکی پۆلیس بە سووکی زامدار بوو، لیوای ماف عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر سەردانی کارمەندە زامدارکراوەکەی کرد. لە سەردانەکەیدا بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر سڵاوی پارێزگاری هەولێری بە کارمەندەکەی پۆلیس ڕاگەیاند و هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ خواست. بەڵێنیشی پێدا کە تۆمەتبار بە زووترین کات سزای یاسایی بەسەردا بسەپێنرێت.

تەرمی هاوواڵتییەک بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە

عەلی جەمال قدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێ: ئێوارەی دوێنێ دووشەمە ئاگادارکراینەوە لەبوونی تەرمی هاوواڵتییەک بەهەڵواسراوی لەنێو کارگەیەکی چەو و لم لەسەر ڕوباری سیروان، دەست بەجێ مەفرەزەکانی پۆلیس چوونە شوێنی ڕووداوەکە و پاش کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بەڵگە لەشوێنی ڕووداوەکە تەرمەکەیان هێنایە پزیشکی دادوەری قەزای کەلار بەمەبەستی توێکاری .

ڕاشیگەیاند: ئەو هاوواڵتییەی گیانی لەدەستداوە ناوی (شاهۆ نەسروڵا حەمەسالح)ە و لەدایکبووی ساڵی 1981ەو دانیشتووی قەزای کەلارە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژە لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە.

ئاماژەی بەوەش کردووە پۆلیس چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەرییە و لێکۆڵینەوەی ورد دەکات لەسەر چۆنێتی ڕووداوەکە کە ئایا ڕووداوەکە کوشتنە یان خۆکوژیە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان 384 قوتابی لە دەرچووانی بەشی پزیشکی دادەمەزرێنێ

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: د. خالس قادر بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم ڕوونیکردەوە: بەپێی فەرمانێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کە واژووی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەسەرەوەیە و ڕەزامەندی دراوە بە دامەزراندنی 384 قوتابی لە دەرچووانی بەشی پزیشکی بۆ هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و ئەو دەرچوونانەش پزیشکی خولاوی نەخۆشخانەکانن، و پێویستە ڕێکارەکانی دامەزراندنیان بۆ تەواو بکرێت و دەست بە دەوامی خۆیان بکەن. شایانی باسە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی لە ماوەی ساڵانی 2015 تا 2019 نزیکەی 950 پزیشکی گشتی و زیاتر لە 5هەزار کارمەندی پزیشکی و تەندروستی لە کارەکانیان دابڕاون یاخود مۆڵەتی بێ مووچەییان وەرگرتووە بۆیە وەزارەتی تەندروستی پێویستی بە دامەزراندنی پزیشک هەبوو.

گەرمیان.. وەرگرتنی مامەڵەی نوێ و فایلی کەم ئەندامان دوای 5 ساڵ لە وەستانی دەست پێدەکاتەوە

خەبات ـ سەبریە یوسف: لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دەست بە وەرگرتنەوەی مامەڵەی نوێی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێ. دەروون عومەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەمڕۆوە وەرگرتنی فایل و مامەڵەی نوێی کەم ئەندامی لە گەرمیان دەست پێدەکاتەوە، هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت سوودمەندبن لە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە سنوری گەرمیاندا دەتوانن لەمڕۆوە سەردانی تۆڕی پاراستنی کومەڵایەتی گەرمیان بکەن لەشاری کەلار. وتیشی: کەم ئەندامانی دانیشتووی شارەکانی خانەقین و کفری سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی شارەکانیان بکەن بەمەبەستی ناو تۆمارکردن.

هێزەکانی ناوخۆ دوای خانەنشینیان مووچەیەکی کەمیان بۆ دەبڕێتەوە و پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت

ژیان تاهیر پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند، کە ژمارەیەک پێشمەرگەی لیوای نەوت و گاز سکاڵای خۆیان گەیاندووەتە پەرلەمان لەبارەی خانەشینکردنیان بە یاسای هێزەکانی ناوخۆ، چونکە ئەوانەی سەر بە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانین، سەر بە وەزارەتی ناوخۆن و لە کاتی خانەنشینکردنیاندا مووچەیەکی کەمیان بۆ هەژمار دەکرێت.

ڕاشیدەگەیەنێت جگە لە هێزەکانی زێرەڤانی و پۆلیسی نەوت و گاز، هەموو هێزەکانی ناوخۆ دوای خانەنشینییان مووچەیەکی کەمیان بۆ دەبڕێتەوە، ئەوش شایستەی خزمەتی ئەوان نییە و پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

ژیان تاهیر پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی پارتی بەڵێنی بە پێشمەرگەی زێرەڤانی و هێزەکانی ناوخۆ داوە بەدواداچوونی جیددی بۆ کێشەی خانەنشینبوونیان دەکرێت و داواکارییەکەیان بۆ حکوومەت ڕەوانە دەکرێت، هەروەها پڕۆژەیەکی دیکە بۆ خانەنشینبوونی هێزەکانی ناوخۆ ئامادە دەکرێت و مووچە و ئیمتیازاتی دوای خانەنشینبوونیان لە بەرچاو دەگیرێت.

وەزارەتی کشتوکاڵ پارێزگاری لە بەرووبومی ناوخۆیی دەکات

وەزیری کشتوکاڵ: بەداخەوە ئەو بەرهەمانەی کە وەزارەت قەدەغەی هاوردەکردنی دەکات، لە عەلوەکان بەرچاو دەکەوێت

جووتیاران: ساڵانە رەنجێکی زۆر دەدەین بۆ پێگەیاندنی بەرهەمی ناوخۆ، بەڵام هیچ قازانجێکی نییە



ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

جووتیاران هەمیشە گلەیی و گازاندەیان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە کە بۆچی ئاوڕیان لێ نادانەوەو لەبەر هاوردەکردنی بەرهەمی هاوردە گرنگی بەبەرووبومی خۆماڵی نادرێت و لەبازاڕەکاندا بەرهەمی خۆماڵی هەرزان فرۆش دەکەن و لەعەلوەکاندا ڕێژەیەکی بەرچاوی بەرهەمی هاوردە بوونی هەیە، بەڵام بە قسەی هەندێک لەو کەسانەی لە عەلوەکان کاردەکەن لەوەتەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارەیەک بەرهەمی هاوردەی قەدەغەکردووە خەریکە کرپارانی بەرهەمی خۆماڵی ڕووی لە زیادبوونکردووە.

جووتیار و بەکاربەرانی بەرووبومە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکەن کە بەرهەمە خۆماڵییەکان تام و چێژی زیاتری هەیە و لەرووی تەندروستیشەوە تەندروستترن، بەڵام نەبوونی کارگەی قوتووبەندکردنی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانە وایکردووە ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو خۆراکە کشتوکاڵییانەی لە کێڵگەکانی کوردستان و لەلایەن جووتیانەوە بەرهەم دەهێندرێت، بەفیڕۆ بچێت و هیچ سوودێکی بۆ جووتیار و ژێرخانی ئابووری کوردستانیش نەبێت، بۆیە بوونی کارگەی میوەگووشین و قوتووبەندکردن بە گرنگییەکی سەردەمییانە دەزاندرێت و لەم بوارەیشدا تاکوتەرا هەوڵی تاکەکەسی هەبووەو لێرەو لەوێ بەدی دەکرێت، هەرچەندە ئەو هەوڵانەیش نەبوونەتە دیاردە و هێشتا کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزارانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیووە وەک پێویست ئاوڕ لەم بوارە بازرگانی و پیشەسازییە بدەنەوە، کە لینکێکی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی هەبێت بە کشتوکاڵ و جووتیارانەوە.

هەر لەبەر ئەوەیشە بەردەوام داواکاری لەسەر دروستکردنی کارگەی تایبەتمەند بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەیەو ئابووریناسانیش پێیانوایە ئەو ژێرخانە ئابووریەی پێویستە لەسەر بنەمای کشتوکاڵ و بەرهەمی خۆماڵی دابمەزرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەم مەبەستە نەنراوە و هەمیشە خەو بەوەوە دەبینن کە بەرهەمەکانیان بەتەواوی لەبازاڕەکاندا ساغ دەبێتەوەو چیتر بەرهەمی هاوردە ڕەواجی نابێت و داوا لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەن کە چیتر پەراوێز نەخرێن و ئاوڕی زیاتریان لێ بدرێتەوە دەربارەی ئەو بابەتە ژمارەیەک لە جووتیارانمان دووانەوە:

مام ساڵحی جووتیار ڕوونیکردەوە: چەندین ساڵە بەکاری جووتیاری خەریکم و هەرگیز قازانجم نەکردووەو ڕۆژانە لەسەر زەویەکەم خەیارو پیاز و تەماتە دەچێنم و لەکاتی پێ گەیشتنی بەرهەمەکەم زۆر بەختەوەر دەبم بەڵام بەداخەوە هەموو ماندوو بوونەکەم بە فیڕۆ دەڕوات و هیچ کاتێک قازانجم نەکردووە هۆکارەکەشی بۆ پشتگوێ خستنی جووتیاران دەگەڕێتەوە.

کەماڵ جووتیارێکی دیکەبوو گوتی: ساڵانە بەرهەمێکی زۆرمان هەیەو هەرگیز قازانجمان نەکردووە لەبەر ئەوەی بەرهەمی هاوردە بازاڕەکانی تەنیوەو بەرهەمی ناوخۆ کەس ئاوڕی لێ نادانەوەو هەرزان فرۆشی دەکەین.

مام ڕەسوڵی جووتیاریش خەیارو تەماتەی هێنابوو بۆ بازاڕو حەزی دەکرد بەرهەمەکەی زوو ساغ بکاتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ماڵ گوتی: هەر بەرهەمێکی ناوخۆ بهێنیتە بازاڕ ئەوا بەرهەمی هاوردە زیاتر ساغ دەبێتەوە هی خۆماڵی درەنگتر ساغ دەبێتەوە زۆر سوپاسی هەوڵ دەدەین لە دەروازە سنوریەکان ڕێگری لەوبەرووبوومانە دەگرین ئەوەتا هەوڵماندواوە باشترین جۆری بنەتۆی نمونەیی دابەشی سەر جووتیارانی کوردستان بکەین بۆئەوەی گرنگی بەبەرهەمی خۆماڵی بدەین

هاوواڵتیان: بەرهەمی ناوخۆ تام و چێژی خۆشترە

هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان حەزێکی تایبەتیان بۆ هەر بەرهەمێکی خۆماڵی هەیە کە لە خاک و ئاووهەوای ئەم وڵاتە بەرهەم هاتبێت و بە گرنگییەوە لێ دەڕوانن، بۆیەش بەگشتی پێیانوایە نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی وایکردووە بە ناچاریەوە بەکاربەر پەنا بۆ بەرهەمە هاوردەکراوەکانی وڵاتان ببات، بۆ ئەم مەبەستەیش ژمارەیەک لە هاوواڵتیان قسەی خۆیان هەبوو.

بیلاڵی فەرمانبەر گوتی: تامی بەرهەمی ناوخۆ زۆر خۆشترە لە بەرهەمی هاوردە چونکە خاکی کوردستان بە پیت و فەڕەو خاوەن ئاووهەوایەکی دڵڕفێنە بۆیە هەرچەندەی گرنگی بەبەرهەمی خۆماڵ بدرێ هێشتا هەرکەمە.

جەمالی فەرمانبەر گوتی: ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئایندە گرنگی تەواو بە بەرهەمی جووتیارانی خۆمان بدات ئەوا بەرهەمی خۆماڵی شان لەشانی بەرهەمی هاوردە دەدات و لەو حاڵەتەشدا جووتیاران قازانج دەکەن.

مام غدری جووتیار گوتی: هەمیشە گلەیی و گازاندە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین بۆچی وەکو پێویست پاڵپشتی لە جووتیاران ناکات.

ڕەجەب عەزیز کارگێڕی نووسینگەکانی عەلوەی هەولێر گوتی: لەعەلوەی هەولێر زیاتر لە 100 نووسینگەی سەوزەو میوە هەیەو هەر هەموویان پابەندن بە نرخی دیاریکراوی کشتوکاڵ و لەو نرخە دیاریکراوە زیاتر هیچ نووسینگەیەک ناتوانێت دەستکاری نرخەکان بکات و سەوزەو میوە لەو نرخە زیاتر بفرۆشرێت و لە عەلوە زیاتر بەرهەمی هاوردە بەرچاو دەکەوێت و بەرهەمی خۆماڵی کەمتر بەرچاو دەکەوێت و هۆکارەکەشی بۆ پاڵپشتی نەکردنی جووتیاران دەگەڕێتەوە و ئەو جووتیارانەی، کە ساڵانە خۆیان ماندوو دەکەن هەرگیز قازانج لەبەرهەمەکانیان ناکەن و بگرە بەرهەمەکانیان هەرزان فرۆش دەکەن، ئەگەر هاتوو وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر ئاوڕیان لێ بداتەوە ئەوا هەوڵی زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەدەن، بەڵام زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە لەو عەلوەدا بەرچاو دەکەوێت زیاتر بەرهەمی هاوردەی وڵاتانە.



هاوواڵتیان: لەبەر بەرهەمی هاوردە بەرهەمی ناوخۆ فەرامۆشکراوە

بەرهەمە قەدەغەکراوەکانی لە عەلوەدا بینی و بەڵێنی بەجووتیاراندا کە ئەو گلەیی و گازاندەیە بگەیەنێتە ئەنجوومەنی وەزیران.

بەرنامەی خۆمان داوەتە ئیئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی پشتگیری تەواو لە جووتیارانی کوردستان بکەین و بەڵێنمان بە جووتیاران داوە لەچۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە سەردانی عەلوەی هەولێرمان کرد تا بزانین مەرزەکان تا چەند پابەندی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارەن

ڕاپۆرتێک ئامادەدەکەین و دەدەین بە ئەنجومەنی وەزیران تا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارو هەمانگ بن لەگەڵ وەزارەتی




ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستان پەرەی پێبدرێت و بخرێتە بەرنامەی کاری حکومەتی کوردستان، کۆڵەگەیەکی سەرەکی و لەبننەهاتووی سەرچاوە دارایییەکەی هەر وڵاتێکە کە چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە بەرهەمی خۆماڵی دەخەینە ڕوو.

جووتیاران: چاوەڕوانی ئەوەین بەرهەمی خۆماڵی گرنگی پێ بدرێت

جووتیارانی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین کە بۆ ئەمساڵ هەندێ بەرهەمی هاوردەی قەدەغەکرد بەڵام بەداخەوە ئەو بەرهەمەی کە قەدەغەی کردبوو لەبازاڕەکاندا بوونی هەبوو خودی وەزیری کشتوکاڵ بەچاوی خۆی وەزارەتی کشتوکاڵ پلان و بەرنامەی هەیە

هەرلەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەمان بە ووتەی بێگەرد تالەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوداو ڕوونیکردەوە: پلان و بەرنامەی هەیە کە هەمیشە پالشتی تەواویان لێ بکەین ئەوەتا لە پێناو بەرژەوەندی جووتیاران هەولێ قەدەغەکردنی چەند بەرهەمێکی هاوردەمان دەکرد وەک تریێ و هەنارو بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لە عەلوە بەچاوی خۆمان ئەو بەرهەمانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ قەدەغەی دەکات لە عەلوەکاندا بەرچاو دەکەون دیارە ئەو بەرهەمانە بەشێوازێک دێت کە لەمەرزەکاندا هاوردەکراوە و کشتوکاڵ بۆ پاراستنی بەرووبومی ناوخۆ ڕێوشوێنی توند دەگرینە بەرو دەست بەسەر هەموو ئەو بەروومانەدا دەگرین و هەرکەسێک پابەندی ئەو ڕێنماییانە نەبێت و ئەوا خۆی بەرپرسیار دەبێت و



ئەسرین عاسی شوانی

رۆڵی ئافرەت لە شۆڕشەکانی کورد دا

خستنەوەی منداڵ و پەروەردەکردنی بە هەستی کوردانە وایکردووە سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و جینۆسایدەی کە بە سەر گەلی کوردا هاتووە لە رابردوو و ئێستادا و ئەو کوشت و کوشتارەی بەرامبەر بە کورد ئەکرێت هەر لە سەرەتای مێژووە تاکوو ئێستا کورد بەو ژمارە باشە ماوەتەوە، سەرەڕای قڕکردنی لە لایەن دوژمنانییەوە کە ئەوە رۆڵی ئافرەتی کورد بووە ئەو توانا نەتەوەییەی پێبەخشیوە. جگە لەوەش رۆڵی ئافرەتی کورد لە شۆڕشەکانی گەلی کورددا زۆر کاریگەر بووە هەر لەسەرەتاوە گەر بە شێوەی سادەش بووبێت، بۆیە گەر ئافرەتی کورد راستەوخۆ بەشداری شۆڕشی چەکداریشی نەکردبێت هەمیشە داینەمۆی شۆڕش بووە لەبەر ئەوەی هەموو شۆڕش و بزوتنەوە کوردایەتییەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا بە نان و پێخۆری ئافرەتی کورد پاڵپشتی کراون و هیچ سەرکردەیەکی کورد و پێشمەرگەی کوردستان نییە سەدان جار و هەزاران جار لەسەر خوانی ئافرەتانی کورد و بە نانە رەقی دایکان و خوشکانیان رووبەڕووی دوژمنان نەبووبێتنەوە و داستانی سەروەریان تۆمار نەکردبێت. هەروەها

زۆربەی پێشمەرگەی کوردستان هاوسەردار بوونە و هاوسەرەکانیان شان بە شانی هاوژینەکانیان لە شاخ بوونە و هیچیان لە پێشمەرگەیەک کەمتر نەبووە، زۆرجار رۆڵی گەورەتریان گێراوە دوژمن لەسەر دەستیان شکستی هێناوە، چونکە ئافرەتی کورد بۆ هاوسەرە پێشمەرگەکەی پشت و پەنا بووە لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان رۆڵی گەورەیان لە بە رۆشنبیرکردنی دەوروبەرەکەیان بینیوە و لە چارەسەرکردنی بریندار و وەربەخشین بە دەوروبەر رۆڵی گاریگەریان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی کورد بە تایبەت ئەو ئافرەتانەی لەگەڵ هاوسەرە پێشمەرگەکانیان لە شاخ بوونە رۆڵی پێشمەرگە و پاڵەوانیان بینیوە و هەمیشە وردیان بە پێشمەرگەی قارەمانی گەلەکەیان بەخشیوە. ئەوەش واتا ئافرەتی کورد لە ئێستادا هیچیان لە پیاو کەمتر نییە چ وەک جەنگاوەرێک چ وەک کاری بەرێوەبردن. ئەوەتا دەبینین ئافرەتانی کورد لە رۆژئاوا شکستیان بە درندەترین تیرۆریستانی داعش هێناو و بۆ جیهانیان سەلماند کە ئافرەتی کورد ئەوانەن کە غەیری مومکین ئەکەن بە راستی و وەک پیاو مەترسیدارترین سەنگەر بەرامبەر دوژمنان دەگرن، جگە لەوەش لە کاری بەرێوەبردن و بەشداریکردن لە سیاسەت و بەرێوەبردنی حکومەتدا ئافرەتی کورد لە پیاوان کەمتر نین و رۆڵی کاریگەر دەبینێت و لە هەنگاوەکانی بێ کەموکوڕییە. هەر وەک دەبینین لە حکومەتی هەرێمدا لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێم بەتایبەت لە کابینەی نۆدا چەندین ئافرەت لە پۆستی زۆر هەستیاردا کاردەکەن و رۆڵی بەرچاو دەگێڕن کە ئەوەش نیشانەی پێشکەوتنی گەلی کورد دەرخات. هەروەها لە مێژووی کۆن و تازەدا چەندین ئافرەتی هەڵکەوتووی کورد ناویان دەرخشاوە لە لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە سەروەری خەبات و سەلێنەری ئەوەن کەوا کورد میللەتێکی زیندوون و هەر بە زیندوویی دەمێنێنەوە. هەر ئەوەش بووە کەوا دوژمنانی گەلەکەمان زەندقیان لە کەڵە ژنانی گەلەکەمان چووە و بە سێدارەدانی شۆڕە ژنانی ئازا و بوێری کورد ویستویانە کاروانی پڕ لە سەروەری گەلەکەمان چەق بەست بکەن، نموونەش لەیلا قاسمی هەمیشە زیندوو کە لەسەر پەتی سێدارە بە دروشمی بژی کورد و کوردستان پەتی سێدارەی لە ملا نا و بە شانازییەوە سەری نایەوە و بۆ گەلەکەی و ئافرەتی کورد گەورەترین قارەمانێتی تۆمارکرد. ئەوەش نیشانەی پێشکەوتنی گەلی کورد لە هەموو لایەکەوەوە ئەو بەربەستە دەروخێنێت کە لە نێوان پیاو و ئافرەت دا هەیە.

بارزان عەلی بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای مێرگەسور:

بەداخەوە کە ناتوانین بە داهاتەکەمان ئامانجەکانمان و خواستی ئافرەتانی سنوورمان جێبەجێ بکەین





دیمانە/ موسلیم دزلەمەری

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەمیشە شان بە شانی پیاوان بەشداری شۆڕش و خەباتیان کردووە بە تایبەتی ئافرەتانی دەڤەری بارزان کە هەمیشە لانکی کوردایەتی بووە لەپێناو سەرخستنی شۆڕشەکانی کورد و لەو پێناوە باجی زۆریان داوە و تا ئێستا بەردەوامن و قوربانی دەدەن بە نەگەیشتن بە هەندێ ئاوات و داواکاری خۆیان. ئێمەش بۆ زیاتر خستنەڕووی داواکاری و خزمەتکردن بە ئافرەتانی سنووری قەزای مێرگەسوور چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خاتوو باران عەلی حەمەد بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی مێرگەسور کرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** شێوازی کار و پێداویستییەکانتان وەک یەکێتی ئافرەتان لەو سنوورە چۆنە؟**

باران عەلی لەو بارەوە گوتی: ئەنجومەنەکەمان پێکهاتووە لە پێنج ئەندام و چوار ناوەندی چالاکیمان لە سنوردا هەیە کە هەر یەک لەوانیش لە سێ ئەندام پێکهاتوون و سنووری کارکردنیشمان پێکهاتووە لەسنوری ئیداری قەزای مێرگەسوور. بینایەکەمان تایبەتە بەلام بە کرێ گیراوە و هەندێ پێداویستی سەرەتاییمان هەیە. ئەوەی زۆر گرنگە لامان پێداویستی چالاکییەکانە وەکو کامیرا، داتاشۆ، لاپتۆپ و هەندێ شتی تر کە بۆ چالاکییەکانمان زۆر پێویستن، بۆیە هیوادارین و داواکارین لەسەرووی خۆمان کە بۆمان دابین بکەن.

*** کار و چالاکیتان لە چ چوارچێوەیەکدایە؟**

– بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی مێرگەسور سەبارەت بە کار وچالاکییەکانیان گوتی: چالاکییەکانمان هەمەرەنگن لە گشت بواری تایبەتە بە ئافرەتان بە تایبەتی لە ڕووی هۆشیاری تەندروستی و پەروەردەیی و پێگەیاندنی ئافرەتان. هیوادارین بە خزمەتێکی بچووکیش بێت خزمەتی ئافرەتانی سنووری خۆمان کردبێت، چونکە ئێمە ماوەیەکی کەمە ئەنجوومەنمان وەرگرتووە و دەستبەکار بووین، بۆیە دریغیمان نەکردووە و هەمیشە هەوڵماندواوە بۆ جێبەجێکردنی داواکاری و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر بە بێ گوێدان بە کەموکوڕییەکان.



خۆشەویستی ئافرەت بۆ گوڵ

ئا/ پەریها عومەر

سروشتی ناسکی هاوبەشی ئافرەت و گوڵ وایکردووە حەزی بەخێوکردنی گوڵ و رازاندنەوەی حەوشە و ماڵ بە گوڵ لای زۆربەی ئافرەتان ببێتە خولیا. تەنانەت وەرگرتنی یەک چڵ گوڵ لە لایەن ئافرەتانەوە زۆرجار کێشەی گەورەی چارەکردووە و لە کلتوری زۆر وڵاتان گوڵ بۆ دەربڕینی ئەوین و داوای لێبوردنە. هەڵبەت ئەو حەزە تایبەت لە ئافرەت نییە و پیاوانیش تیا هاوبەشن. بەشداربوانی ئەو ڕاپۆرتە بە وردی ئەو خولیایە شیدەکەنەوە و لەو بارەوە قسەی تایبەتی خۆیان هەیە.



چیا عەبدوڵڵا، میدیاکار لەبارەی ڕاگرتنی گوڵ لە ماڵەوە دەڵێ: ئەوەیان دەکەوێتە سەر خودی ڕوانینی کەسەکە چەندێک مرۆڤ لەخۆیەوە نزیک بێت ئەوەندە زیاتر نزیک دەبێتەوە لەسروشت، گوڵیش ناسکترین و جوانترین بەرهەمی سروشتە و نزیکترینیشە لە سروشتی ئافرەتەوە، بەهۆی ڕەنگەکانی و ئاڵا و والابوونی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ و هەروەها ئیشی دەرەوەش لەوانەیە بووبێتە هۆکار کە ئافرەتان کەمتر گرنکی بەو لایەنە بدەن، چونکە ئەوەش بۆخۆی سەرنجی دەوێت، گوڵ و سەوزایی وزەی ئێمە وەردەگرن و بە سەرنجدانیان و ناز هەڵگرتنیان گەشە دەکەن. من ڕۆژانە خزمەتیان دەکەم و تەنانەت وەک مرۆڤ قسەیان لەگەڵ دەکەم، چونکە بەڕاستی هەست بەژیانیان دەکەم. بێتاقەت بم دەچمە دەرەوە و بە سەیرکردن و دەستلێدانیان وزەیان لێوەردەگرم و دڵم دەگەشێتەوە. ئەم بابەتی خۆشەویستی بۆ گوڵە تەنیا تایبەت بە خانمان نییە پیاویش هەیە زۆر شەیدای گوڵ و سەوزاییە لەبەر ئەوە ڕێژەییە ناتوانی بڵێی ئافرەت یا پیاو زیاتر حەزی لە گوڵە ئەمە بە پێی سروشتی کەسەکەیە، بە گشتی ئەوان کەسانی هێمنتر و سروشتیترن و کەمتر لە ناخیاندا شەڕانگێزی هەیە و زیاتر ئافرەتان، بۆیە داواکارم حکومەت چارەسەری بواری وەرزشیمان بۆ بکەن بۆ ئەوەی ئافرەتانی سنورمان وەک گشت قەزاکانی دیکەی کوردستان شوێنی تایبەتی وەرزشی خۆیان هەبێت.

*** سەرچاوەی داهینکردنی**

ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستن. تێبینی بکە ئەو وڵاتانەی سەوزاییان کەمترە شەڕانگێزی زیاترە، ئەو شوێنانەی سەوزایی و گوڵی زیاترە ئارامی زیاترە، چونکە ئەو شوێنانە سەرقاڵ دەبن بە زەوی و خاکەوە ئەمەش ئارامییەکی تایبەتیان پێدەبەخشێت. لە لایەکیتر کەسانی بە تەمەن زیاتر شەیدای سروشتن، چونکە زیاتر لە خۆیاندا قۆڵ دەبنەوە بەمەش لەخاک و سەوزای نزیکتر دەبنەوە. سەوزکردنی نیشتمان و ڕازاندنەوەی بە گوڵ وەک ئەرکێک دەبینم و هەر کەسێک دەتوانێت بە چاندنی نەمامێک بەشدار بێت.



تاژان سالح، دەرجووی بەشی کۆمەڵناسی لەو بارەوە گوتی: من ماوەی سێ ساڵە وەک حەز و خولیام لە شاری سلیمانی کاری گوڵفرۆشی ئەکەم. لە ئێستادا من بە شێوەی ئۆن لاین لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە کار دەکەم. دوو جۆر گوڵم هەیە، گوڵی بۆنە و یادەکان واتا سروشتی، جۆری دووەم گوڵی ماڵ و باخچەکان. لە دەرێژەدا تاژان دەڵێ گوڵ چەند تایبەتمەندی و سوودی بۆ ماڵ هەیە وەک جوانی، کە زۆربەی تاکەکان حەزی لێدەکات. هەوڕەها لە لایەنی تەندروستییەوە سوودێکی زۆری هەیە. خولیابوون بۆ گوڵ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە و پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە.

داراییتان چیبە؟

– باران عەلی سەبارەت بە داهات و سەرچاوە داراییەکانیان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان ئاماژە بەوە دەدات کە: لە ڕووی داهاتەوە دەڵێم بە داخەوە داهاتمان لە ئاست خواستی ئێمە و داواکاری ئەندامانمان نییە، چونکە ئێمە پڕۆژە و پلانی زۆرمان هەیە و بێگومان پڕۆژە و پلانیش پێویستی بە داهاتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ جێبەجێکردنی و هەروەها خواست و داواکاری چالاکی جۆراوجۆری ئەندامانیشمان ناتوانین جێبەجێبکەین، بۆیە داواکارین کە هاوکاری زیاترمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین خزمەتی زیاتری ئافرەتانی سنورمان بکەین.

*** قسەی کۆتایی**

– سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و سوپاس بۆ هاوکاری هەموو لایەک کە لە چالاکییەکانمان هاوکارمان دەبن و ئێمەش هەمیشە ئامانجمان خزمەتکردنە بە ئافرەتانی کوردستان و بەردەوامیش دەبین لەو خزمەتکردنە و هیوادارین بتوانین ئەوەی دەمانەوێت جێبەجێ بکەین بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئافرەتانی سنوورمان.

دانیمارک... لە کۆڕێکدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هاوسۆزی خۆیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی



ساسان دەرێش

کۆمەڵە کلتورییەکانی کوردی لە کۆپنهاگن پایتەختی وڵاتی دانیمارک، کۆڕێکیان بۆ سیاسەتوانی کورد دکتۆر ڕیدوان بادینی ڕێکخستبوو لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی ڕۆژئاوای کوردستان و داگیرکاری سوپایی تورکیا و گەمەکانی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییەکان، بەئامادەبوونی بەشێکی بەرچاوی لە ڕەوندی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و تیایدا شاندێکی ئەنجومەنی دانیمارکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئۆفیسی ئەورووپا بە سەرپەرشتی خاتوو بەیان نووری بەشداربوون. سەرەتا وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی بەرزەفڕی گشت شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستپێکرد. پاشان دکتۆر ڕیدوان زۆر بە خێرایی خۆی بە ئامادەبووان ئاشنا کرد لە خوێندنەوەی بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی خۆی و بەرهەمەکانی لە نووسین و بڵاوکراوەکانی و خوێندن و بڕوانامەکانی و گەڕانی وڵاتانی جۆراوجۆر بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری زیاتر خۆی ماندووکردووە. هەر وەکو خۆی گوتی تەنها لەبەر ئەوە بووە کە بتوانم خزمەتی دۆزی کورد و پرسەکانی نەتەوەکەمی بکەم. پاشان دکتۆر ڕیدوان باسینی هاتەسەر باسکردنی بابەتەکەی کە زۆر لایەنی شاراوەی ئەم جەنگەی ڕۆژئاوای کوردستانی شیکردەوە لە گەمەی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیخوازانی هێزمەندە جیهانییەکان و پشتکردنە کورد. لە کۆتایشدا گوتی گەڕانەوەمان بۆ مێژووی کوردستانی بە خوێن سووركراو دابەشکراومان ئەوەمان لێ داوائەکات کە یەکگرتوو و یەک هەڵوێست بین کە ئەمڕۆ لە هەموو ساتەکان کورد لەیەکتری نزیکترن کە جێگەی خۆشحاڵییە و سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ هەوڵەکانی و بەدواداچوونی بۆ ڕێگەچارەیەکی گونجاو کە کورد تیایدا ماڵوێران و دەربەدەر نەبێ لەسەر خاکی خۆی و ئەو هاوسۆزییەی هەموو کوردستانی بەسەرکەوتنی گەورە نرخاند بۆ یەکبوونی کورد. لە میانەی کۆڕەکەشدا خاتوو پەیمان ڕەئوف کارگێڕی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ خەبات دوا و گوتی: بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی ب دەنگ میواندارییەکەی ئەم کۆمەڵەیە هاتین و وەک شاندێک ئامادەبووین تیایدا و لە گفتوگۆکانیشدا بەشداربووین لە پرسیار و قسەکردن لەسەر دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەگەری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هاوسۆزی و پاڵپشتی خۆمان بۆ خوشک و برا کاڵمان لە بەشێکی نیشتیمانی گەورە، دەربڕی و کۆڕگێر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە هاتنمان بە پشتگیرییەکی گەورە وەسفی کردین و ئێمەش لە بەرامبەردا سوپاسمان کرد و هیوای ئارامی وخۆشگوزەرانیمان بۆ کوردستان داواکرد کە چیتر ئاوارە و ماڵوێران نەبین.



سوودەکانی سۆنار لەسەرتای سکپڕی

ئا/ وریشە عومەر: لە جیهانی پزیشکی ئەمڕۆکە دەسنیشانکردنی نەخۆشییەکان ئاسانتر بووە و کەمتر هەڵەی تیا دەکرێت بەوەیکە ڕێگەگەلی جیاوازی وەک سۆنەر هەیە کە وردبینی زۆرە و بە تایبەت لە پشکنینی ئافرەتاندا کارئاسانییەکی زۆری کردووە. دکتۆر باقی فەقێ ڕەحیم پسپۆڕی تیشک و سۆنار لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی دەربارەی سودەکانی سۆنەر بەتایبەت سوودەکانی لە سەرەتای سکپڕی واتە 6هە فتەی یەکەم دەنووسێت: دڵنیابوون لە بوونی سکپڕی لە هەمان کاتدا دڵنیابوون لە بوونی سکپڕییەکە لە نێو منداڵداندا، دەستنیشانکردنی لێدانی دڵی کۆرپەلە، دەستنیشانکردنی دوانە، دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دواکەوتنی سوڕی مانگانە، و کیسی هێلکەدان یا خود تکێس یان سستی هێلکەدان، دیاریکردنی سکپڕی پوچ، دیاریکردنی کاتی دروستبوونی کورپە و هەروەها ئەو خانمانەی سوڕی مانگانەیان نارێکە سۆنەر زۆر یارمەتیدەرە و پێویستە ئافرەتان بە گرنگییەوە ئەنجامی بدەن.

بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان دەستووریان پێ هەموار ناکرێتەوە



پارێزەر
عومەر سەیدزادە

لەسەر داوای خۆپیشاندەرانی عێراق پەرلەمانی عێراق لێژنەیەکی پێکهێناوە بۆ پێداچوونەوە بە دەستوور بەمەبەستی هەموارکردنەوەی، خەڵکی کوردستانیش جۆرێک نیگەرانی دایگرتوون، چونکە لە بەغداوە جاربەجار دەنگی نەشاز دژ بە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەبیسترێت و هەندێ سیاسەتوان و پەرلەمانتاری عێراقیش بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ فیدراڵی و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەربڕیوە، ترس هەیە ئەوانە ئەم هەڵە بقۆزنەوە لە جیاتی قوواڵکردنەوەی دیموکراسییەت سیستەم بەرەو سەنترالیزم ببەن، لەسەر حیسابی مافەکانی کورد و خەڵکی کوردستان، جا ئایا دەتوانن ئەمە بکەن؟ ئایا عەرەب بە پشبەستن بە زۆرینەیان لەناو پەرلەمانی عێراق و لەسەر ئاستی عێراق, دەتوانن هەموارکردنەکە بە دڵی خۆیان ئەنجام بدەن و بەسەر خەڵکی کوردستانیشی بسەپێنن؟

ئەوانە ئەو پرسیارانەن ئەمڕۆ مێشکی زۆربەی خەڵکی کوردستانیان داگیرکردووەو بە دوای وەڵامێیدا دەگەڕێن، لێرەشدا ئێمە دەمانەوێ وەڵامێکی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، بۆ وەڵامدانەوەشیان پێویستە سەرەتا ئەو میکانیزمە ڕوون بکەینەوە کە دەستووری عێراق دەستنیشانی کردووە بۆ ئەنجامدانی هەموارکردنەوەی دەستوور.

لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دوو ماددە باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی دەستوور دەکەن، ئەوانیش ماددەکانی (126)و ماددەی (142)ن، واچاکترە سەرەتا دەقی ماددەکان وەک خۆیان بنووسینەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی ناوەڕۆکەکەی:

ماددەی 126 دەستوور:

یەکەم: بۆ سەرۆک کۆمار ڕو ئەنجومەنی وەزیران هەیە پێشنیاری هەموارکردنەوەی دەستوور بکەن.

2- هەروا یەک لەسەر پێنجی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیش (واتە 66 ئەندام) بۆیان هەیە پێشنیاری هەموارکردنەوەی دەستوور بکەن.

3- ئەوەی لە دەروازە (باب)ی یەکەمی دەستووردا هاتووە، واتە مادەکانی (13 - 1) هەروا ئەوەی لە دەروازەی (باب)ی دووەمی دەستووردا واتە لە مادەکانی (14- 46) هاتووە نابێت هەموار بکرێنەوە تاکو دوو خولی هەڵبژاردنی لەسەر یەک تێنەپەڕێت، واتە لە دوای خولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە دەکرێت ئەوانیش هەموارکرێنەوە، ئێستاش ئێمە لەناو خولی چوارەمی هەڵبژاردنی عێراقین، بۆیە دەکرێ ئێستا سەرلەبەری مادەکانی دەستوور هەموار بکرێنەوە.

4- هەموارکردنیش دەبێ بەم هەنگاوانە تێپەڕ ببێت:-

یەک: سەرەتا دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەموارکردنەکە ڕازی بن، واتە (219 ئەندام)

دوو: دواتر لە ڕاپرسیەکدا زۆرینەی گەل (واتە + 50 (1ی ئەوانەی بەشداری دەنگدان دەکەن، بە بەڵێ دەنگی پێ بدەن، بەڵێم بەپێی بڕگەی (چوارەم)ی ئەم ماددەیە گرنگیەکی تایبەت بەو دەسەلاتانە دراوە کە تایبەتن بە دەسەلاتی هەرێمەکان یان لە دەسەلاتی هاوبەشی هەردوولادایە، چونکە دەستووری عێراق ئەو دەسەلاتانەی دیاری کردووە کە تایبەتن بە دەسەلاتی فیدراڵی کە لە مادەکانی (109 تاکو 113)ی دەستوور هاتووە، هەروا هەندێ دەسەلاتیشی دیاری کردووە کە هەردولا (ناوەند و هەرێمەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمێکدا) لێی هاوبەشن کە لە مادەی (114)ی دەستوور هاتووە، ئەوەی دەشمێنێتەوە بۆ دەسەلاتی هەرێمەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراوە لە هەرێمێکدا (کەرتی یەکەمی مادە 115)ی دەستوور، بەپێی ئەو بڕگەیە (چوارەم) ناکرێ ئەو ماددانە هەموار بکرێنەوە کە لە دەسەلاتی هەرێمەکان کەم دەکاتەوە بە دوو مەرج نەبێت کە ئەمانەن:-

یەک: پەرلەمانی هەرێمی پەیوەندیدار یان پارێزگای پەیوەندیدارپێی ڕازی بێت.

ئەم مادەیە دەڵێت:

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لە سەرەتای کارکردنیدا لیژنەیەک لە ئەندامانی پێک دەهێنێت کە نوێنەرایەتیی پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای عێراقی بکات، ئەرکەکەی ئەوەیە لە ماوەیەک کە لە چوار مانگ تێپەڕ نەکات ڕاپۆرتێک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەرز دەکاتەوە، کە ڕاسپاردەکانی تایبەت بەو هەموارانەی پێویستن لە دەستوور ئەنجام بدرێن لە خۆ دەگرێت، دوای یەکلاییکردنەوەی پێشنیارەکانیشی لیژنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم: هەموارە پێشنیارکراوەکان لەلایەن لیژنەکە بە یەک پاکێج دەخرێتە ڕوو لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگ لەسەردان، بەرەزامەندی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن بە بڕیار لەسەردڕاو دادەنرێت.

سێیەم: مادەو هەموار کراوەکان بەپێی ئەوەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەخرێتە بەردەم گەل بۆ ڕاپرسی لە ماوەیەک زیاتر نەبێت لە دوو مانگ لە بەرواری پەسەندکردنی هەموارکردنەکە لە ئەنجومەنی وەزیران.

چوارەم: بە ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەران ڕاپرسی لەسەر مادەو هەموارکراوەکان بە سەرکەوتوو دادەنرێت، ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یاخود زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.

پێنجەم: ئەوەی لەم ماددەیەدا هاتووە، لە ئەحکامەکانی ماددەی (126) کە پەیوەندارە بە هەموارکردنەوەی دەستوور بەدەر دەکرێت، تاکو ئەو هەموارکارییانەی لەم ماددەیە دەقنووس کراوە کۆتاییان دێت.

بەپێی ئەم ماددەیە: هەموارکردنەکە بەم جۆرەیە:-

1- ئەنجومەنی نوێنەران لە سەرەتای کارکردنیەوە، لیژنەیەک پێک دەهێنێت بۆ نووسینەوەی ئەو هەموارانەی بە پێویست دەزانرێ.

2- ئەو لیژنەیە لە ماوەی چوار مانگدا (دوای پێکهێنانی لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق) کارەکانی تەواو دەکات و ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەرز دەکاتەوە. دوای یەکلاییکردنەوەی پێشنیارەکانی لیژنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

دووم: زۆرینەی خەڵکی هەرێمەکە یان پارێزگاکە لە ڕاپرسیەکدا ڕەزامەندی لەسەر بدەن.

واتە بە پێی ئەم ماددەیە لەکاتی هەموارکردنی دەستووری عێراقدا ئەگەر هەموارکردنەکە ماددەیەک یان زیاتری لەو ماددانە گرتەوە کە پەیوەندن بە دەسەلێتەکانی هەرێمی کوردستان و دەبووە هۆی کەمکردنەوەی دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان تاکو پەرلەمانی کوردستان و دواتر خەڵکی کوردستان لە ڕاپرسیەکدا پێی ڕازی نەبن، ئەو هەموارکردنە بە پەسەندکراو دانانرێت، کەواتە سەرەتا دەبێ پەرلەمان ڕەزامەندی خۆی لەسەر بدات، ئەگەر پەرلەمان لەسەری ڕازی نەبوو ئەوا بە ڕەتکراوە دادەنرێت و پێویست ناکات بچێتە قۆناغی ڕاپرسیەوە.

بەو پێیە بەپێی ماددەی (126)ی دەستوور هەر هەموارکردنێک دەست بۆ دەسەلێتەکانی هەرێم ببات دەتوانرێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و دواتر لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە زۆرینەی نیوە +1 ڕەت بکرێتەوە.

ماددەی 142 دەستوور:

3- پێویستە (نیوە + (1ی ئەندامانی ئەنجومەن ڕەزامەندی لەسەر بدەن تاکو هەموارەکە بە پەسەندکراو دابنرێت.

4- دوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێ لە ماوەی دوو مانگدا ڕاپرسیەکدا بخرێتە دەنگدانەوە.

5- ئەگەر زۆرینەی دەنگدەران پێی ڕازی بوون ئەوا هەموارەکە بە قبوولکراو دادەنرێت بەو مەرجەی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.

6- ئەو هەمواڕەی ئەم ماددەیە بڕیاری لەسەر دراوە بەدەرە لە ئەحکامەکانی ماده 126.

7- بەپێی ئەم ماددەیە ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان هەموارکردنەوەکەیان ڕەتکردەوە ئەوا هەموارکردنەکە بە ڕەتکراوە دادەنرێ.

لێرەدا دەبینین ئێمە لەبەردەم دوو ماددەی جیاوازین سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەوەش ئەو پرسیارە دروست دەکات، ئایا ماددەی 126 لە چ کاتێکدا پیادە دەکرێ؟ بۆچی ئەو دوو ماددەیە دانران؟

بێگومان ئەحکامەکانی ماددەی 126 حوکمی گشتین، بەڵێم ئەحکامەکانی ماددەی 142 تایبەتن و (استسنایە)، تایبەتە بە قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراو، تایبەتە بەو بارودۆخەی کە دەستووریدا تێدا نووسرایەوە.

لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005 سونەکان کە بە گۆڕینی ڕژێمی بەعس ڕازی نەبوون، داواکاریان زۆر بوو، ناکۆکی گەورە لەنێوان بۆچوونی سوننە و شیعە و کورد دروست ببوو، گەیشتبووە ئەوەی نووسینەوەی دەستوور بە بنبەست بگات، لە هەمان کاتیشدا دەبوایە نووسینەوەی دەستوور لەو ماوە زەمەنیەدا کۆتایی بهاتایە کە بۆی دیاریکرابوو، تاکو لە کاتی دیاریکراودا ڕاپرسی لەسەری ئەنجام بدرێت، جا بۆ تێپەڕاندنی نووسینەوەی دەستوور و بۆ ڕازیکردنی سوننەکان بەڵێنیان پێیان دا کە دوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمان لیژنەیەک لە پەرلەمان پێک دەهێنرێ بۆ ئەوەی لە ماوەی 4 مانگدا دەکرێ و ماددەی 142 لە چ کاتێکدا پیادە دەکرێ؟ بۆچی ئەو دوو ماددەیە دانران؟


بێگومان ئەحکامەکانی ماددەی 126 حوکمی گشتین، بەڵێم ئەحکامەکانی ماددەی 142 تایبەتن و (استسنایە)، تایبەتە بە قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراو، تایبەتە بەو بارودۆخەی کە دەستووریدا تێدا نووسرایەوە.

کەواتە ئەوەی لە ماددەی 142 هاتووە بەو میکانیزمەی دیاریکراوە تەنیا تایبەتە بەو هەموارکردنەوەیەی کە دەبوایە ئەو لیژنەیە ئامادەی بکات کە لە ساڵی 2006 لەگەڵ دەستبەکاربوونی یەکەم پەرلەمانی عێراق پێکهێنرابوو نەک ئەو لیژنەیەی دواتر پێک دەهێنرێ، وەک ئەوەی ئێستا پێکهێنراوە، بێگومان ئەو لیژنەش کە لە ساڵی 2006 پێکهێنرا کارەکانی تەواو نەکرد، بۆیە ئەم ماددە دەستوورییە لەگەڵ پەککەوتنی ئەو لیژنەیە پەکی کەوتووە.

بۆیە تاکە ماددەیەک کە دەستووری پێ هەموار دەکرێتەوە چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا تەنیا ماددەی 126 دەستوورە نەک ماددەی 142 مەگەر پەرلەمان بڕیار بدات هەموارکردنەکە بخاتە ژێر ڕکێفی ماددەی 142 ئەو کات ئەحکامەکانی ئەو ماددەیە لەسەر شێواز و هەنگاوەکانی هەموارکردن جێبەجێ دەکرێ، بەڵێم پەرلەمانی عێراق کە لیژنەکەی پێکهێنا ئامانژەی نەکرد بەوەی ئەو لیژنەیە لە سایەی ماددەی 142 کارەکانی خۆی دەکات بۆیە کارەکانی لیژنەی تایبەت بە هەموارکردن دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی ماددەی 126ی دەستوور.

بەپێی ئەو ماددەیەش ئەگەر هەموارکردنەکە خۆی لەقەڕەی دەسەلێتەکانی هەرێمی کوردستان دا و لە دەسەلێتەکانی کەمکردەوە ئەوا دەبێ سەرەتا پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر بدات، دوای ئەو ئەنجامە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسیەکدا بە زۆرینەی نیوە + 1 ڕەزامەندی لەسەر بدەن، ئەنجا بە پەسەندکراو دادەنرێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، ئەنجا دەکرێ بخرێتە دەنگدانی گشتییەوە، گومانیشی تێدا نییە ئەوانە بەربەستگەلێکن کە زەمانەت دەدەنە خەڵکی کوردستان کە هەموارکردنێک بچوکترین کەمکردنەوە لە دەسەلێتەکانی هەرێمی کوردستان بکات دەتوانێ ڕەتی بکاتەوە.





بەشێنەیی
کاروان محەمەد سینۆ

پشت پەردەی خۆپیشاندانەکان و هەمواکردنی دەستوور

لەم دوو هەفتەی ڕابردوودا، تۆندی خۆپیشاندانەکانی عێراق و بەڕەنگاربوونەوەیان، هەڵچوونێکی بەرچاویان بەخۆیەوەی بینیوە. ڕاستە خۆپیشاندانەکان جەماوەرین و خواستەو داواکاریی ڕاست و ڕەوایان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزێک هەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاراستەو پاڵپشتی ئەم خۆپیشاندانانە دەکات؟!، لەبەرامبەریدا هێزێکی دیکەو هەژموونێک هەیە؟! کە دەخوازێ خۆپیشاندانەکان کۆنترۆڵ بکات یاخود سواری مەوجەکەیان ببێت یاخود خواست و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بەلاڕێدا ببات بەڕەو ئاقارێکی ترسناک، واتا (مردنیان پیشان دەدات بۆ ئەوەی بە تا ڕازی ببن). شاراوە نییە کەسایەتی و بەرپرسە باڵادەستەکانی عێراق و ئیران زۆر نیگەرانن بەم خۆپیشاندانانەی ئێستا لە عێراق بەڕێوەدەچێت. ئاشکراشە بەرپرس و لایەنە سیاسی و تایفی و میلیشاکانی عێراق، هەریەکەیان بەجودا دەخوازێ لەبەرژەوەندی سیاسی و جەماوەری خۆی، سواری مەوجەی خۆپیشاندانەکان ببێت. بەڵام خۆپیشاندەران لە وان وریاتر و ژیرترن و بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەن کە هیچ کەسایەتی و بەرپرس و حزب و لایەنە سیاسی و تایفییەکان خۆپیشاندانەکان لە بەرژەوەندی خۆیان و حزبەکانیان بقۆزنەوە و سواری مەوجی خۆپیشاندانەکان ببن. بێشک هەموومان گرتە ڤیدیۆکەمان بینی کاتێک بەرپرسێکی تایفەیەک لە وڵاتێکی دراوسێ گەڕایەوە و دەموودەست بەنیازی پشتگیری چووە ناو خۆپیشاندەران، ئەمەش هەوڵێک بوو لەلایەن ئەو بەرپرسەوە و ئەو وڵاتەی لێی هاتبوو کە سواری مەوجی خۆپیشاندانەکان ببن و لەبەرژەوەندی خۆیان و ئەجندەکەیان خۆپیشاندانەکان ئاراستە بکەن. بەڵام خۆپیشاندەران ئەمەیان پێ قابلی قبوول نەبوو و ئەو بەرپرسەیان لەنێو خۆپێشاندانەکە دەرکرد. هەروەها چەندین دروشم و وێنەو هەڵوێست و ڕەفتار خۆپیشاندەران بەئاشکرا هەژمونی تایفی و سیاسی میلیشیاکانی عێراق و وڵاتانی ئەقلیمی ڕەت دەکەنەوە و زۆرینەی داخوازییەکانیان لە چاکسازی و خزمەتگوزاری و سەروەری عێراق (دوور لە هەژمونی وڵاتانی دراوسێ) لەوەدا چڕ کردۆتەوە کە حکوومەت و چینی دەسەلاتی ئێستای عێراق و حزب و لایەن و میلیشیای تایفی و داردەستەی وڵاتانی بێگانە لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی عێراق لابچن و دوورکەونەوە، نەک گۆڕین و هەموارکردنەوەی دەستوور!. بەڕاستیش هەر لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە تاکو ئەمڕۆ هیچ دروشم و خواستی فەرمی دەستەی ڕێکخستن و نوێنەرانی خۆپیشاندەرەکانمان نەدیوە و نەبیستووە کە داوای هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بکەن!. ئەی باشە کێ؟ و بۆچی؟!، مژاری هەموارکردنەوە و گۆڕینی دەستووری عێراقی کردۆتە خواستی خۆپیشاندەران؟!، و درشمی گۆڕینی سستمی پەڕلەمانی بەرزکردۆتەوە. شاراوە نییە کە چ لایەنێکی سیاسی؟ لەپشت خواستی هەموارکردنی دەستوورە و هۆکار چییە؟!. کەواتە لە ڕاستیدا هەموارکردنی دەستوور خواستی لایەنێکی دیاریکراوی سیاسیی تایفییە! کە دەیەوێ خواستە ڕاست و ڕەواکانی خۆپیشاندەران بەڕەو هەموارکردنەوەو گۆڕینی دەستوور ئاراستە بکات لە جیاتی خواستی گۆڕین و لاچوونی ئەوان لە پڕۆسەی حوکمڕانی عێراق، هەروەک خۆپیشاندەران داوای دەکەن.

جا ئەگەر بەشێنەیی ورد بینەوە لە خۆپیشاندان و بارودۆخی ئێستاو ڕابردووی عێراق، دەبینین کە ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی عێراق دووچاری بۆتەوە، دڕووستبووی شەو و ڕۆژێک نییە... لە ئەنجامی گەندەڵی و بڕیارێکی هەڵەی حکوومەتی ئێستای عێراق نییە!، بەڵکو ئەم دۆخەی ئەمڕۆ عێراق تێکەوتووە، لە ئەنجامی گەندەڵی و تاکڕەو و سیاسەتی پەراوێزکاری لایەنە بەشدارەووەکانی حکوومەت و هەڵەی 15 ساڵەی حکوومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بووە. لە ڕاستیدا هەڵەی سەرەکی حکوومەتەکانی پێشووی عێراق لەوەدا بووە کە پەیڕەوی و پێگیری بە دەستوور نەکراوەو دەستور وەکو خۆی جێبەجێنەکراوە، حکوومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق هەرگیز لەئاستی بەرپرسی دانەبوونە بەرامبەر ژیان و کەرامەت و ئاشتی و ئارامی وڵات و خەڵکی عێراق کە دەستور زامنی کردووە. کەواتە لێرەدا کێشەو هەڵە لە دەستووردا نییە بەڵکو لە جێبەجێنەکردنی دەستوور بووە. دڵنیام ئەگەر دەستورێکی دیکەش بنووسرێتەوە یاخود هەموار بکرێت، بەڵام کە پێگیری پێنەکرا و جێبەجێ نەکرا، هەرگیز قەیرانی عێراق چارەسەر نابێت.

کەواتە گۆڕین و هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەجیندایەکی دیکەی سیاسییە کە دەخوازرێ لە عێراقدا بوروژێنرێ و خواستی ڕاست و ڕەوای هاوڵاتیانی عێراق لە چاکسازی و خزمەتگوزەرانی و ئازادی، بەڕەو ئاقارو تونێلێکی تاریک و بێ کۆتا ئاراستە بکرێ، کە کێشەو قەیران و گرفتی نوێی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەو ئەگەرو هۆکارێک لەپێناو بوون و مانەوەی (ئەوان)و میلیشیاو چەکدارەکانییان لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی و زاڵبوونیان لەنێو جومگەکانی حکوومەتی عێراقداو بەردەوامبوونی ئەجیندا و هەژموونی تایفەگەری مەزهەبی لە عێراقدا.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٥٤٩٠ بەرواری ٢٠١٥/١١/٥ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی وفیقە محمد علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٠٠٥٢ بەرواری ٢٠١٨/١٢/١٣ بەبری ٢٥٠٠٠٠ بەناوی علی کانبی کریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المفقود : مراد شمو خلف

قدم السيد / حجي شمو خلف طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٤ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي /سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المفقود : خلف مراد شمو

قدم السيد / حجي شمو خلف طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٤ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي /سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المفقودة : بيزار خرمش رشكو

قدم السيد / حجي خرمش رشكو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٤ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەروبەری هەولێر

هۆبەی کارگێڕی

ژمارە: ٣٢١٢/٨٠٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣١

بۆ/ بەڕێز (بسام نجيب اسحاق) تێبینەر

ئاگاداری

لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی ئاسایی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٨ وە دابرانت لە دەوامی فەرمی دوای تەواوبوونی ووچانی ئاسایی بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ مووچە لە ڕێکەوتی دیاریکراو ئاگادارت دەکەینەوە بەدەست بەکاربوونت لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ١ یەك مانگ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە (بەدوور خراوە) دادەنرێت بەپێی برگەی (١) لە ماددەی (٣٧) ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) لە ساڵی (١٩٦٠).

بەڕێوەبەر/ بەیار تقی الدین قادر

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١١/٣

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئادانی سەوز پ.ر.ك/ هەژار حسین قادر) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٣١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- کابیسەی بلۆکی قالبی جۆراوجۆر ژمارە/٩١١٤٧٨٠٠٢-٨٠٠٢-١٤٧٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ هۆپەری چوار سەرکی و کەراف و سایلۆی خەزن ٢٠٠ طەن و ژووری سیطرە و کۆنترۆل.

٢- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/٩١١٤٧٨٢٠٠٠٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠

٣- کۆمپرێسەری هەواء بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

٤- دوو دانە رافعەی بارکردن و داگرتن ژمارە/١٢١٥٢٠١٥ و ١٢١٢٥٩٩٥٠ دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای ٢*٣ طەن.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١١/٣

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئادانی سەوز پ.د.ك/ هەژار حسین قادر) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٣١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دووانە کاپیسەی بلۆك ژمارە/ ٩١١٤٧٨١٠٠٠١ و ٢٠١٤٠٥ دروستکراوی تورکیی مۆدێل ٢٠١٣ و ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠ و K.W٢٥ هۆپەری چوار سەرکی و کەراف و سایلۆی خەزن ٢٠٠ طەن و ژووری سیطرە و کۆنترۆل وە ڕۆبۆت و کرێن و ژووری کۆنترۆل.

٢- خەباتەی مەرکەزی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/ ٩١١٤٧٨٠٠١-٨٠٠١-١٤٧٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٣- دووانەی رافعەی بارکردن و داگرتن ژمارە/ F٤A٠٠٦٦٣١ و ١١١١٦١٤٥٨ دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای ٢*٣ طەن.

٤- کۆمپرێسەری هەواء بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

٥- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٠٨٠٦٠٠٠٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٢٧٥.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دووانە کاپیسەی بلۆك ژمارە/ ٩١١٤٧٨١٠٠٠١ و ٢٠١٤٠٥ دروستکراوی تورکیی مۆدێل ٢٠١٣ و ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠ و K.W٢٥ هۆپەری چوار سەرکی و کەراف و سایلۆی خەزن ٢٠٠ طەن و ژووری سیطرە و کۆنترۆل وە ڕۆبۆت و کرێن و ژووری کۆنترۆل.

٢- خەباتەی مەرکەزی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/ ٩١١٤٧٨٠٠١-٨٠٠١-١٤٧٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٣- دووانەی رافعەی بارکردن و داگرتن ژمارە/ F٤A٠٠٦٦٣١ و ١١١١٦١٤٥٨ دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای ٢*٣ طەن.

٤- کۆمپرێسەری هەواء بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

٥- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٠٨٠٦٠٠٠٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٢٧٥.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٥/٤٢٦٣

ڕێکەوت/٢٠١٩/١١/٤

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٢٤/١٦٠ کە کەوتوەتە ك ٩٨ قلان دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شێرکو عابد محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی غازی محمد علی بەبڕی/ ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٤/١٦٠ ك ٩٨ قلان

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لەخانووەیەکی ٢ نهۆم لە خوارەوە مطبخ گەورە هول استقبال (٨) ژوورو ٤ حمام و ٤ مرافق باخچەیەك و یەك ملوانگە و نهۆمی سەرەوەش وەك نهۆمی خوارەوەیە.

٥ – ڕووبەرەکەی/ ٢٠١٨,٢٤ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٨٥٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشت سەد و پەنجا ملیۆن دینار.

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (FAST LINK TELECOM) بۆ خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنوردار بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (FAST LINK TELECOM) بۆ کۆمپانیای (الافق السریع)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (المصابیح) بۆ بازرگانی کەرەستەی کارەبایی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سەری قلندر) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی کشتوکالی و ئاژەلی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کالان) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Home marka) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (TOWARD APEX) بۆ گەشەپێدانی توانایی مرۆیی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥١٨٩/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
جاردان
بۆ داواکاراوان (١- رۆی عاشور احمد ٢- ابراهیم محمد حسن) کە تایبەتە بە داواکار (سجی عاشور احمد) وە داواکراوان (١- رۆی عاشور احمد ٢- ابراهیم محمد حسن) کە جۆری داوای بریتییە لە (جێگیرکردنی دایەنیی- تثبیت حضانة) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە، بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (٩٤ گولان) دادگا بڕیاریدا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٩ کە خۆت ئامادەبیت یان بڕیکارێکی یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣٠٤ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
جاڕدان
بۆ داواکیراوان/ امیر بطرس دنحا ، غیداد اکرم عودیش شوێنی نیشتەجێبوون نادیار. داواکار (تریزا بطرس داود) داوای ژمارە ٣٠٤/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (ابطال قیدی مولکی ژمارە ١١٧/٢٣٦ ك ٥ عنکاوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی عشتار و حدیاب لە عەنکاوە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/٢٤ کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٧٠٥١/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی ژمارە (٩٣/١١٥٨٠) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (محمد وهاب نصرالدین) لەجیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە لە مولکی خەملێنەراوە بەبڕی ١١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ یانزە ملیار دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنە کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لەکاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.
بۆ زانین کرێار دەبێت رەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێنەراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و رسومی تۆمارکردن لەسەر کرێارە.
ناوی خاوەن قەرز (المصرف العراقی للتجارة)
ناوی خاوەن مولك قەرزار (محمد وهاب نصرالدین)
ژمارەی مولك (٩٣/١١٥٨٠ حصارۆك)
شوێنی مولك (گەرەکی حصارۆك)
ڕووبەری مولك (٩٤,٤١م٢ ٦ اولك ١٦ دونم)
جوری مولك (زەوی بەتال – مولکی تەواو)
هێور محمد احمد
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە: ٥١١٩/ ش / ٢٠١٨
بەروار: ٢١ / ١٠ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار / هناء رمضان عبدالله :
ناونیشان : سلێمانی .
داوالەسەرکراو : پشتیوان عبدالرحمن
عزیز: ناونیشان : نادیارە .
داواکار (هناء رمضان عبدالله) داوایەکی بە ژمارە (٥١١٩/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەو دادگایە بڕیاری لای خۆی دەکرد لەبەروارى ٢٠١٩/٩/٢٥ بڕیاریدا بە (جیابونەوە)، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانە لێدانی پیاچونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا .
دادوەری یەکەم / د. سردار علی عزیز
***
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانی
یا پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەفی و زار
ژمارە:٣٣/٣٠٠/١/١
میژوو: ٢٠١٩/١١/٤
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولیکێن دەولەتێ ژمارە (٣٢) یاسالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زیدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێکرنا (سەمونخانا ئوتوماتیك) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (١/٩٢٣) ب ڕووبەرێ (١٠٠)م٢ و (سوپرمارکێت) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (١/٩٢٣) ب ڕووبەرێ (٥٠)م٢ و (گورەپانا غازی) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (٣/١٧٣) ب ڕووبەرێ (٣٠٠)م٢ کەرتێ (١) مانگێش بو ماوێ (٣) سال و هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زیدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کوکێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەرۆکاتیا باژێرڤانییا مانگێش بکەت د ماوێ (٣٠) سیۆ ڕوژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دروژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زیدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەرۆکاتیا باژێرڤانییا مانگێش دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ، و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداریا یێ و هەمی خەرجێت دی کەڤنە ستوی وی.
ئەندازیار / خالد سلیمان یاسین
هـ. ڕێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای باری کەسایەتی ل دهوك
ژمارە: ١٠٤٣/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
ئاگەهداری
بۆ/ داواکیرێ (سعدی خالد سعدی)
ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٤ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (زینب جمیل علی) بریاردا ب (صحة و تصدیق الزواج الخارجی) دناڤبەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا لسەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٤٩١٣/ش/٢٠١٩/٥
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٥
جاردان
بۆ داواکیراو (سولین عزیز علی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٤٩١٣/ش/٢٠١٩/٥) بڕیاریدا بە (طلاق) بۆ تۆ و داواکار (الان نجاة اسماعیل) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی کوران بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگای باری کەسی قوشتەپە
ژمارە: ٧٤/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
جاڕدان
بۆ داواکیراو: (کلی علی خلیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە (٧٤/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (جکرخوین فواز محمد) و داواکیراو (کلی علی خلیل) جۆری داوا بریتییە لە (تصدیق طلاق خارجی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە، دادگا بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە بەروارى (٢٠١٩/١١/٢٤) یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادە بێت بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/معتصم امین لیلانی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ٧٨٦/ب/٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
جاردان
بۆ/ داواکیراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (OCALA بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار سەرەڕای کارەکەی) داواکار (روند شیرکو علی- بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Engineering House/ سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (٧٨٦/ب٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داواکیراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (OCALA بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار سەرەڕای کارەکەی) داواکار داوای بڕە پارەی (١٩٠٠٠) نۆزدە هەزار دۆلار، ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٣ بڕیاریدا بە:
پابەندکردنی داواکیراو (بەڕێوەرەی ڕێپێدراوی کۆمپانیای (OCALA بۆ خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار سەرەڕای کارەکەی) بەدانی بری پارەی (١٩٠٠٠) نۆزدە هەزار دۆلار کە دەکاتە (٢٢٨٠٠٠٠٠) بیست و دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی نازناز) لە ٢٠١٩/٧/٤ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەلچوونەوەی و پێداچوونەوەی هەیە لەماوەی (٣٠ سی ڕۆژ لەبڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٠٣٥
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کالان) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کالان) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سەروەر سیامند جلال) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٠٣٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سەری قلندر) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی کشتوکالی و ئاژەڵی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سەری قلندر) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی کشتوکالی و ئاژەڵی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سەروەر سیامند جلال) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٠٣٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Home marka) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Home marka) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سەروەر سیامند جلال) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٥٤٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (المصابیح) بۆ بازرگانی کەرەستەی کارەبایی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (المصابیح) بۆ بازرگانی کەرەستەی کارەبایی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سوران محسن عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨١٠٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (MONO ART) بۆ (بەرهەم هێنانی هونەری و ڕیکلام/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨٥١٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TOWARD APEX)
بۆ گەشەپێدانی توانایی مرۆیی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (TOWARD APEX) بۆ گەشەپێدانی توانایی مرۆیی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هەلمەت عبدالستار عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

AL HAYDAR Group مجموعة الحيدر

اعلان

UNHCR The UN Refugee Agency

تعلن منظمة مفوضية السامية لشؤؤن اللاجئين (UNHCR) مع منظمة الغذاء العالمي (WFP) في اربيل وبالتعاون مع شركة الحيدر للسيارات على بيع سيارات مستعملة في المزاد العلني من نوع
(تويوتا / لاندكروز - برادو - فورجنر - كرولا - هايلوكس - هايس - كوستر . كيا سيراتو) .
- سيتم بيع الى اعلى مزايد .
- تخضع المشاركة في المزاد بدفع رسم تسجيل , قابل للاسترجاع في حالة عدم الفوز في المزايدة .
- المتفوق في المزايدة يستكمل عملية الدفع خلال ٤ ايام من تأريخ المزاد.
- يخضع بيع المركبات ل "سعر الاحتفاظ " تحتفظ المفوضية بحق عدم منح البيع اذا لم يصل البيع الى سعر المحتفظ .
سيقام المزاد يوم السبت المصادف ٩ تشرين الثاني , يبداء من الساعة ٣٠ :١٠ صباحا في العنوان التالي :
(شركة الحيدر للسيارات - شارع ١٠٠ متري / مقابل جامعة جيهان)
للمزيد من المعلومات الاتصال بالارقام ٠٧٥٠٤٩١١١١٢ - ٠٧٥٠٢٤٨٣٣٣٣)
يسمح بالمشاركة في المزاد لجميع المشاركين المسجلين الذين دفعوا رسوم التسجيل

ئاگاداری

ئاگاداریەك لەلایەن ڕێکخراوی ڕێپێدراوی کاروباری پەنابەران (UNHCR) و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) لە هەولێر و بەهاوهانەنگی لەگەڵ کۆمپانیای الحیدر بۆ بازرگانی ئوتومبێل-کەوا نابراوان هەڵدەستن بە فرۆشتنی ئوتومبێلی بەکارهاتوو لە زیادکردنی ئاشکرا لە جۆرەکانی:
(تویوتا / لاندکروز - برادو فورجنر-کرولا-هایلوکس-هایس-کوستر-کیا سیراتو).
- فرۆشتنەکە بۆ گرانترین نرخ دەبێت.
-بەشداربووی زیادکردنەکە دەبێت رسوماتی تۆماربدات , کەوا دەگەڕێتەوەبۆ خاوەنەکەی لەکاتی کەوا زیادکردنەکەی بۆ دەرنەچوو.
-سەرکەوتوو لە پرۆسەی زیادکردنەکە دەبێت لە ماوەی ٤ ڕۆژ سەرجەم کارەکان تەواوبکات.
نرخی ئوتومبیلەکان دەبێت بگات بە "نرخی دانراو (خەملێنراو)" ئەگەر نا وبە پێچەوانەوە ئەوا بۆ ڕێکخراو هەیە کەوا نەیفرۆشێت.
زیادکردنەکە ڕۆژی شەممە بەرواری ٢٠١٩/١١/٩ و لەکاتژمێر ٣٠ :١٠ ی بەیانی بەڕێوەدەچێت لەو ناونیشانەی خوارەوە:
(کۆمپانیای الحیدر بۆ بازرگانی ئوتومبێل - شەقامی ١٠٠ متری / بەرامبەر زانکۆی جیهان)
بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە (٠٧٥٠٢٤٨٣٣٣٣ - ٠٧٥٠٤٩١١١١٢) سەرجەم ئەوانەی رسوماتی تۆماریان داوە دەتوانن بەشداری بکەن

کۆمپانیای جەل محمدامین محمد سلیم
بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/
پرۆژەی تاکەکەس
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان
من (جەل محمدامین محمد سلیم) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای جەل محمدامین محمد سلیم بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/ پرۆژەی تاکەکەسی) کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٣دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی (١٠) دە رۆژدا پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
جەل محمدامین محمد سلیم
٠٧٧٣٦٩٦٤١٣٩

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٥٩/ خ / ٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا ئوتومبیلا ژمارە (١٠٦٥/دهۆك - تەکسی) ژ جۆرێ (ئوبل فیکترا صالون) مودیل(١٩٩٥) ڕەنك (تبنی) ئەوا تومارکری بنافسی قەرزدار (حسن اسماعیل خلف) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سی) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سرسنك
ژمارە / ١٣٨/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٣٠
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٦/١٩)کو دکەڤێتە گەرەکا (مریبکا) ل ئامیدیێ وتومار کریە بنافێ قەردار (بیار شمال مصطفی) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا خودانێ قەرزی(مصرف الثقة) بکوژمێ (١١٤٧٥٠٠٠) یازدە ملیون وچار سەد وحەفتێ وپێنج هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی یێ خانوبەری قەرداری کو دبێتە (٩٠٠٠٠٠٠) نەە ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جۆ وژمارە (٢٦/١٩) گەرەکا (مریبکا) ئامێدیێ جور پێك هاتیە ژ پارچەکا عەردی سنور وسالوخەت بارچەکا عەردی جل لسەر نەهاتیە ئافاکرن روبەر مولکێ ژمارە(٢٦/١٩)گەرەکا (مریبکا) ئامێدیێ (٢٥٠)م٢ کوژمێ خەملاندی (٩٠٠٠٠٠٠) نەە ملیون دینار
جێ بەجێ کاری داد/ ژێهات صبحی تیلی

* * *

فەرمانگەی دادنووسی دارەتوو
هۆبەی تۆمارکردنی ئامێرەکان و گرێبەستەکان
ژمارە: ٣٤٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
بۆ/ ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر
دابین کردنی ناوی بازرگانی
هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا کۆنووسی پشکنینی ئامێرەکانی (کارگەی روونی سەروەر ئۆیل) بە ناوی (سەروەر شێرزاد رحمان) کە دەکەوێتە (گوندی گردلانکە) بۆتان ڕەوانە دەکەین بەمەبەستی دابینکردنی ناوی بازرگانی بفەرموون لەگەڵ ئاگادارکردنەوەمان.
هاوپێچ: کۆنووسی پشکنین
دادنووسی دارەتوو/ ئارام عبدالقادر عمر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٩٠٨/ ب/٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (Vishnu mele (vala ppil vijaya kumar
داواکار (الیاس فواد بشارە) داوای ژمارە ١٩٠٨/ ب/٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بڕی ($٢٠,٠٠٠) دۆلار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی سەربەستی) لە ٢٠١٩/١٠/٢٠ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/١٨) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٣٤/اعتراضية/ك/٢٠١٨/٣
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ تۆمەتبار/ عثمان رحمن حمد
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەبڕیاری تۆمەتبار کردنی و ئازادکردنی ژمارە (٢٣٤/اعتراضية/ك/٢٠١٨/٣) کە لە (دادگای کەتنی هەولێر/٣) دەرچووە بە پاشملە دەرهەق بە تۆمەتبار (عثمان رحمن حمد) وە دوای تانەلیدانی بڕیاری ئامـاژە پێکـراو و هەڵوەشـاوەتەوە ب بڕیـاری پێداچوونـەوەی ژمـارە (٢٦٩/ت ج/٢٠١٨) کـە لـە (سـەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونـەوەی ناوچـەی هەولێـر) دەرچـووە بـە سـفیەتی پێداچوونـەوە لـە بـەرواری (٢٠١٩/٣/٢٧) وە بەمەبەسـتی دادگای کردنـی تۆمەتبـار (عثـمان رحمـن حمـد) بریـاردراو بەپێراگەیاندنـی لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوون نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بەمـادەدە/١٤٣ لـە یاسـای بنەمانـی دادگاکردنـی سـزایی دادگاکەمـان بریـاری دا لەڕێـگای ڕۆژنامـەی ناوخـۆی ڕۆژانـە ئـاگادار بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامادەبوونـی لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە کات ژمێـر (٩)ی بەیانـی لەبـەرواری ٢٠١٩/١٢/٩ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی (٤٥٦) لە یاسای (سزای) پێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق

* * *

فەرمانگەی دادنوسی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٢٩٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠
ئاگاداری
بەپێـی ئـەو داوایـەی کـە لەلایـەن (کۆمپانیـای- لەریـا – بـۆ بارزگانـی گشـتی و هـاورە و بەرهەمهێنانـی خواردنـەوە کحولیـەکان/ سـنوردار) پێشـکەش بـە فەرمانگەکەمـان کـراوە خاوەنـی کارگـە (دییـر – بـۆ بەرهەمهێنانـی خواردنـەوە کحولییـەکان) لەبـەرواری (٢٠١٩/١٠/٢١) داوای تۆمارکردنـی ئـەو ئامێرانـەی کـردووە لـە (ڕاپەڕیـن) دانـراون کـە ئامێرەکانیـان لـە خـوارەوە دیـاری کـراوە بەپێـی یاسـایی دادنووسـانی ژمـارە (٣٣) سـاڵی (١٩٩٨) بـەرکار لـە هەرێمـی کوردسـتان بڵاوکردەکەینـەوە هەرکەسـێ خـۆی بـە پەیوەندیداریـان خاوەنـی هەریـەك لـەو ئامێرانـە دادەنـێ لـە مـاوەی (١٥) پانـزە ڕۆژ سـەردانی ئـەم فەرمانگەیـە بـکات بـە پێچەوانـەوە بەنـاوی داواکارە تۆمـاری دەکەیـن و بڕوانامـەی تۆمـاری ئامێرەکانـی پـێ ئەدرێـت.
سۆران یادگار رشید/ دادنووسی یەکەمی
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/٢
ئامێرەکان-
١- ئامێـری پڕکـردن (تعبئیـة) و پاشـکۆکانی مارکـەی / AROL/ ایطالـی ژ- A٤٤٤٨ – مۆدێـل/ ٢٠١٩ / کارەبـای.
٢- ئامێـری لێدانـی لیبـل/ ایطالـی – مۆدێـل/٢٠١٩/ کارەبـای
ژ- Model S2T3/R1 MATR1COLA 2181E SCHEMA 2181

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Process Engineer**
Direct Supervisor	Engineering Manager
Department	Engineering
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: PE/E/Nov /19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Works with the EM (Engineering Manager), Engineers, SPE (Senior Planning Engineer) to ensure delivery / update plan. Consolidates activities and scopes to meet the schedule. Updates Engineers. Reports to EM.
Provide first line process engineering support to the KM (Khor Mor) operations. This position will work closely with the EM and OS (Operations Superintendent) to exploit the plant capability to maximise gas delivery, and liquids recovery, managing the process to maximise the efficiency of both primary & secondary condensate recovery, while adjusting LPG (Liquefied Petroleum Gas) recovery parameters to most effectively meet market demand.
Identifies, develops, implements and tracks all Process related and input projects at KM for projects and services at KM by liaison with EM, Engineers, OS, OM (Operations Manager), Erbil and Sharjah Office.
Champion role for Process Safety during the MOC processes and existing facilities to reduce overall risk.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
Safety Analysis
1. Conducts baseline process assessments of KM facilities.
2. Analyses results of these assessments and distils them into conclusions to present to management.
3. Prepares technical aspects of process improvement measures.
4. Liaises with Sharjah Office Process Engineers (or outsourcing contractors) to ensure planned process changes are peer reviewed.
5. Conducts initial process engineering and process safety related evaluations in coordination with EM and subsequently PM.

Process Engineering
1. Train Operations & Maintenance personnel on process-related matters
2. Develop and enhance data-gathering, conduct de-bottlenecking studies, and increase LPG production.
3. Conduct liquid product specification studies and develop optimum means of plant enhancing liquids revenues.
4. Conduct dynamic studies of Khormor plant, and tune plant to enhance availability/reliability using HYSIS.
5. Undertake process studies of plant rotating and processing equipment, to determine actual vs design performance.
6. Builds and updates HYSYS plant models to maintain the actual process details updated as a tool for verification and improvement of plant performance.

Process Liaison
1. Develops excellent relations with all Engineering Team to ensure smooth execution of process projects on time in budget and to specification.
2. Provides EM with current and projected process issues for all ER's (Engineering Requests) / WO's (Work Orders) / Studies throughout the year on a weekly basis.

Reporting and Communication
Reports to the EM on all process issues.
Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.
1. Reports to the EM and Operations Manager and General Manager by exception.
2. Works with Engineers and specifically MOC (Management of Change) Closeout Coordinator to ensure that details from all equipment is stipulated to allow seamless closeout and meet Operational needs.
3. Enhances relationships with counterparts in other oil and gas companies to keep pace with process trends and techniques / tools.

Continuous Development of Position
Conducts studies to identify areas for improvement on continuous basis particularly those related to Process Engineering analysis and procedures. Recommends subsequent actions to EM.
1. Leads a culture of continuous improvement and promotes new approaches that would improve delivery, increase productivity and reduce cost.
2. Inputs to and drives any enhancements of MSAs (Manpower Services Agreements) to align with Process engineering needs in liaison with KMSCLO.
3. Identify SAP (Systems Applications Products, Enterprise Resource Planning system) aspects for improvement.

Decision–making Authority

Process Engineering related decision for proposed projects, projects in execution and risks/opportunities in the process facilities.

Working and Other Reporting Relationships

Engineering Manager	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Must be capable and willing to mentor others including B2B in core skills areas.

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree in chemical engineering.

Minimum Professional Experience Required

Minimum (10) years' experience in engineering, preferably Process Engineering with at least 5 years with operating facilities / or equivalent
Minimum (5) years' engineering experience in operating facilities.

Crescent Petroleum

Special Requirements and Conditions

Understanding of MENA working environment.
Excellent interpersonal skills, works well with others, is courteous and understanding of other cultures.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• HYSIS and similar process related engineering tools • Excellent proficiency in Excel and Word. • Excellent communication (written & verbal skills) in English. • Commitment to continuous learning • Excellent understanding of the company business • Self – motivated • Ability to meet deadlines • Knowledge sharing	• Ability to deal with individuals from various educational and ethnic backgrounds • Team worker • Making appropriate decisions with minimum supervision • Ability to demonstrate honesty, integrity and confidentiality • Flexibility • Alertness and attention to details Analytical skills	• Extensive PRACTICAL knowledge of process plants and systems • Advanced Process Control (APC) experience and understanding of practical building blocks methods and applications to improve plant effectiveness and efficiency • Extensive knowledge in projects, project planning execution and critical paths / float. • Troubleshoot plant issues and emergency failure reaction and remediation of the process.

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 15 November 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR
e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Process Engineer, Ref: PS/E/Nov/19)

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/11/6 ژمارە (5865)
خەبات

هەموو لایەنەکان جگە لە سووریا لە جنێف ئامادەبوون !



خەیرولا خەیرولا

لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ دەستپێکی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دەستووری سوریا کە لەلایەن پیدرسۆنی نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە رێکخرابوون ،هەموویان لە جنێف بوون . پێدەچێ پیدرسۆن لە ستیڤان دیمستۆرای پێش خۆی زیاتر ئاگاداری بارودۆخی سووریا و ناوچەکە بێ ، بۆیە بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ میللەتێکدا دەکات کە دەخوازێ بەشێک لە کەرامەت بۆ خۆی بگێڕێتەوە .

جگە لە سووریا ، ئەوان هەموویان لە جنێڤ بوون ، لە سەرووپانەوە سیرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی رووسیا و محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران و مەولود چاوش ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا ، هەروەها ئەمەریکاش لە ڕێگەی جۆیل رایبرنی شارەزا لە بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیدارەی ولاتەکەی ئامادەی ئەو کۆبوونەوانە بوو . نادیاری گەورە، ئیسرائیل بوو، کە ئەویش بە هۆی داگیرکردنی بەرزاییەکانی جۆلان و لێتێگەیشتنی روسیاو ئەمەریکا لەبەرامبەر هەڵوێستی ئیسرائیل بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی ئێران لەو ولاتە کە بە فەرمی بە (کۆماری عەرەبی سوریا) ناسراوە، بەشداری لە دیارکردنی چارەنووسی سوریا دەکات.هەرچی ئیسرائیلە زیرەکانە یاری بە کارتەکانی بەردەستی دەکات، بەو پەڕی توانای پاڵپشتی لە مانەوەی ڕژێم کرد، تێڕوانینی وایە لە کۆتاییدا خەلاتە گەورەکە (بەرزاییەکانی جۆلان- کە لە ساڵی 1967داگیری کردووە) تەنیا لە ڕێگای ئەو ڕژێمەوە دەستی دەکەوێت.کە گوێ بیستی وتەی هەر یەک لە نوێنەری ڕژێم و بەرهەڵستکاران بووین، دەرکەوت جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیان بەدی دەکرێت، نوێنەری ڕژێم هەر بەو شێوازە کۆنەی کە لەسەری ڕاهاتوون ناتوانن دەستبەردارى بن وتەکەی پێشکەش کرد، لەبەرامبەردا نوێنەری بەرهەڵستکاران شیکردنەوەیەکی وردی لەسەر واقیعی ڕەوشەکە پێشکەشکرد و چەندین خۆزگەو ئاواتیشی خستەڕوو، بەڵام خاوەن هێندە تواناو هێزی پێویست نەبوو، تا خۆزگەکانی بۆ واقیع بگۆڕێت. ئەمەش لە کاتێکدایە هەرچی هێزە لە ئاکامی تەقینەوە جەماوەرییەکە ڕەوشی سوریا وەک جاران نەماوە کەپێشتر پێی ئاشنا بووین، ڕژێم بە کۆتا هاتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئامادە نییە دان بە ڕەوشی ئێستا بنێت.



هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانیش بوون لە هەوڵی لەباربردنی شۆڕشی سوریا بوون کە ماوەی هەشت ساڵ زیاترە بەردەوامە ، ڕژێم سووڕە لەسەر ئەوەی ئەو گەلە تیرۆریستن، شەرکردنی لەگەڵ هاووڵاتی ئاسایی بە شەڕی لە دژی تیرۆر ناوەبات.نوێنەری ڕژێم لە میانەی وتەکەیدا لە دەستپێکی کۆبوونەوەکانی جنێف، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو دان بەوەدا بنێت ئەوەی لە سوریا ڕووەدات شۆڕشێکی جەماوەری ڕاستەقینەیە لە دژی ڕژێم، کە کاتێ ڕژێم باس لە گەرانەوەی دەسەلاتی بۆ سەر تەواوی خاکی سوریا دەکات، پرسیار ئەوەیە سوپای تورکیا کە بەچاوپۆشی ڕوسیا و ئەمەریکا هاتۆتە نێو باکووری سوریا ، ئامادەیە ڕۆژێ لێی دەربچێت؟ لەوانەیە ڕۆژێک لێی دەرچێت، بەڵام دوای ئەوەی لە قوبرسی تورکیا دەردەچێت کە هەر لەساڵی 1974وە داگیری کردووە!

لەسەروبەندی کۆبوونەوەکانی جنێف دوو خاڵی گرنگ هەیە پێویست دەکات لەسەری بوەستین، یەکەمیان ڕژێمی ئێستا شەرعیەتی نەماوە. خاڵی دووەمیش سوریا لە ژێر داگیرکاری دایە، کەواتە هێزە داگیرکارەکان بڕیار لەسەر ئایندەی سوریاو دەستوورە نوێیەکەی دەدەن، لە ڕەوشێکی لەمشێوەیەشدا دەستوورەکە هەرچەندە پێشکەوتوو سەردەمیانە بێت کاریگەری لەسەر خاک نابێت ئەگەر زامنی قۆناغی ڕاگوزاری بۆ قۆناغی نوێی تیا فەراهەم نەکرێت، دەستوورە نوێیەکە با زامنی ئازادییە گشتییەکان و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بکات، بەڵام ئەو ڕژێمەی دەستوورەکە جێ بەجێ دەکات لە کۆتاییدا ناتوانێت خۆی بمێنێتەوە، لە نەبوونی کەسێ یا دامەزراوەیەک بۆ جێ بەجێ کردنی، کەواتە دەستوورەکە چ سوودێکی لێدەکەوێتەوە ؟ڕژێمی ئێستا لە هەناوی کۆدەتایەکی سەربازی لەدایک بووە، کە کۆمەڵە سەربازێک زۆربەیان سەر بە حزبی بەعس بوون بە دروشمی دواکەوتووی (یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیستی و نەتەوەی عەرەب یەک نەتەوەن و خاوەن پەیامێکی نەمرن) لە ئاداری 1963دەستیان بەسەر دەسەلات داگرت، پەیامە نەمرەکە هەڵگری پەیامی ئەفسەرە کودەتاچییەکانە ئەوانەی لە لادێکانەوە هاتن و رک و کینەیان بەرامبەر شارەکان هەبوو لە دەزگای ئەمنی بەولاوە متمانەیان بە هیچ دەزگای تر نییە.ئەو ڕژێمە وردە وردە دوای کودەتای 23ی شوباتی 1966 لە حوکمی بەعسییەکانەوە بۆ حوکمی عەلەوییەکان گۆڕدرا، تا لە کۆتایی ساڵانی 1970 ڕژێم بەتەواوی کەوتەژێر دەسەلاتی یەک عەلەوی ئەویش حافز ئەسەد بوو، لەدوای مردنیشی لەساڵی 2000 ڕژێمی دوو بنەماڵە، ئەسەدی و مەخلوفی سەریان هەڵدا، بەڵام دوای بەسەرچوونی چەند مانگێک بەچەندین هۆکار بنەماڵەی ئەسەدی بەلێدانێکی کوشندە بەسەر بنەماڵەی مەخلوفی سەرکەوتن و دەسەلاتیان گرتەوە دەست.لە حاڵەتێکی وەک سوریا کێشەکە لە دەستوور نییە بەقەد ئەوەی لەوانەیە کە جێبەجێی دەکەن، پێش هەموو شتێک سوریا پێویستی بە زامن کردنی قۆناغی ڕاگوزاری هەیە تا ڕێگا بۆ هاتنی ڕژێمە نوێیەکە خۆش بکات هەتا ئەگەر کەمترین ئاستی شەرعیەتیشی هەبێت، ڕەوشی سوریاش لە ژێر پێنج داگیرکارییەکە هەرگیز بۆ قۆناغە ڕاگوزرایەکە لەبار نابێت.ئەگەر بەدەستەوەدانی کاروباری سوریا لە لایەن ئەمەریکا بە ڕوسیاوە بخەینە لایەکەوە هەرچەند سووریشە لەسەر مانەوەی لە چەند ناوچەیەک کە بیری نەوت و غازیان تیایە، ئایا لێکتێگەیشتنێک لە نێوان چوار لایەنە داگیرکارەکەی دیکە ڕوسیاو ئێران و تورکیا و ئیسرائیل دروست دەبێت؟ ئایا دەستوورە نوێبەکە ڕوونا کی بەچاوی خۆیەوە دەبینێت؟، ئایا دوای ئەو لێکتێگەیشتنە قوولەی نێوان ڕوسیاو تورکیا هاتۆتە دی، ئەمەریکا تاسەر سوریا ڕادەستی ڕوسیا دەکات؟ کێشەیەکی دیکەش زوو یا درەنگ سەر هەڵدەدات، ئەویش پێویستی دابین کردنی دڵنیاییە بۆئیسرائیل لە بەرامبەر بوونی ئێران لە سوریا ، لێرەدا جارێکی دیکە ڕۆڵی ڕوسیا لەگێڕانی ڕۆڵی هەماهەنگی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل بەسەرپەرشتی ئەمەریکا دەردەکەوێت کە لەکەس شاراوە نییە.ڕوونتر بڵێین دانیشتنەکانی جنێف هەتا ئەگەر لە نووسینەوەی دەستوورە نوێیەکەش سەرکەوتوو بێت مانایەک ناگەیەنێت، ئەگەر مانایەکیش بگەیەنێت ئەو ە زیاتر مانای لێکتێگەیشتنی نێوان ڕوسیاو ئێران و تورکیا و ئیسرائیل دەگەیەنێت. لە بارێکی لەمجۆرەشدا ڕووناکییەک لە کۆتایی تونێلی سوریا بەدی ناکرێت،، هەموو لایەنەکانی دیکە لە کۆبوونەوەکەی جنێف ئامادەبوون تەنیا سوریا نەبێت.

سوودان..

دادگایی کردنی عومەر بەشیر

هاوپەیمانی هێزەکانی ئازادی و گۆڕان کە بەشدارە لە حکوومەتی ڕاگوزەری سوودان ڕایگەیاند، ئەگەر دادگای سوودان بڕیاری بێتاوانی بۆ سەرۆکی لەکارلادراو، عومەر حەسەن بەشیر دەربکات، ئەوا دەکرێت لە دادگای دادی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت. گەورە بەرپرس لە هاوپەیمانی هێزەکانی ئازادی و گۆڕان، ئیبراهیم شێخ لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە خەرتووم-ی پایتەخت ڕایگەیاند: "ئەگەر عومەر بەشیر بێتاوان دەربچێ ئەوا لە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵات سزا دەدرێت. هاوپەیمانی هێزەکانی ئازادی و گۆڕان ڕازی بووە بەوەی کە ئەگەر بەشیر لە دادگاکانی ناوخۆ بڕیاری بێتاوانیشی بۆ دەربچێت، ئەوا ڕادەستی دادگای دادی نێودەوڵەتی بکات". هاوکات گوتەبێژی هاوپەیمانی هێزەکانی ئازادی و گۆڕان، وەجدی سالح ڕایگەیاند، ئەو پرۆژە یاسایەیان پەسەند کردووە کە دامودەزگاکانی ڕژێمی بەشیر بە تەواوی هەڵدەوەشێننەوە.بەهۆی سەختی هەلومەرجی ژیان لە 19ی کانوونی دووەمی 2018 خۆپیشاندان لە سوودان دەستی پێکرد و دواتر لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە خۆپیشاندانەکان بۆ دژایەتیکردنی ڕژێم گۆڕان و بەهۆی دەستوەردانی سوپاش لە 11ی نیسان کۆتایی بە حوکمڕانی 30ساڵەی عومەر بەشیر هێندرا. هاوپەیمانی هێزەکانی ئازادی و گۆڕان کە سەرکردایەتی جوڵانەوەی گەلی دەکرد و بووە هۆی ئەوەی بە کودەتای سەربازی بەشیر لەکارلابدرێت لەگەڵ سەرباز بە هاوبەشی لە 21ی ئابەوە سوودان بە شێوەی ڕاگوزەری بەڕێوە دەبەن و دوای تێپەڕینی 39مانگ بەسەر ئەو ماوەیەدا، کۆتایی بە حکوومەتی ڕاگوزەری دێت و هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. پێکدادانەکانی ناوچەی دارفور کە لە 2003 تەقینەوە و هێشتا بەردەوامن، جگە لە دروستکردنی کێشەی مرۆیی بووە هۆی ئەوەی ئیدارەی سوودان بە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی تۆمەتبار بکرێت. بەهۆی پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی حکوومەت و ئەو هێزە چەکدارانەی پشتگیریان دەکات لەگەڵ ئاداری 2009 بەشیری تۆمەتبار کرد بە ئەنجامدانی تاوانی "کۆمەڵکوژی، ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگی لە دارفور". بەشیریش دادگای دادی نێودەوڵەتی بە "ئۆرگانی کۆڵۆنیاڵ" لەقەڵەم دابوو و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەو دادگایە هیچ دەسەلاتێکی نییە.




مانشێت



سکای نیوز:
بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر سەردانی شای ئسپانیا بۆ هەرێمەکەیان ، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە شەقامەکانی بەرشلۆنە خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجام دا.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
لە باکووری یەمەن 41 پەنابەری نایاسایی لەنێو ئۆتۆمبیلێکی ساردکەرەوەدا بە زیندوویی دۆزرانەوە .



ئیلاف :
بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.6 پلە لە دوورگەی تۆنگا لە ئۆقیانووسی هێمن ڕوویدا .



ئەی ئێف پی:
واشنتۆن هەوالێی کشانەوەی لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاند .




فرانس 24:
لیندسی هۆیل بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی عمومی بەریتانی هەڵبژێردرا .



کەنالی ئار تی :
حکوومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند نابێ چارەسەرکردنی کێشەی سوریا تەنیا پەیوەست بێ بە ڕووسیا و تورکیا .

گەشتوگوزاری ڕەش چییە و تا چەند لە کوردستان گرنگی پێدراوە؟



نادر روستی

گەشتوگوزاری ڕەش Black tourismیان گەشتوگوزاری نیشتمانی لە ئەنجامی ڕووداتی کارەساتی سروشتی و مرۆی ڕووەدات و شۆنەوارێکی کاریگەر لەسەر ناوچەیەک جێدەهێڵێ و مێژوویەکی ڕەش لە ژیانی دانیشتوان دروست دەکات، هەندێک لە ڕووداوەکان زۆر گەورە و کاریگەر و دەکەنن بۆیە گەشتیاران ئارەزوو دەکەن سەردانی شوێنی ڕووداوەکە بکەن و وردکاری لەسەر شوێنەکە و جۆری کارەساتەکە بزانن.

لە هەرێمی کوردستان دەیان شەڕو پێکدادان لەسەر خاکی کوردستان کۆتایان پێکهاتووە، دەیان شوێنەواری مەینەتی و کارەسات بوونیان هەیە بە تایبەت شوێنەواری تاوانی جینۆساید و سووتماکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان. ڕووداوی مێژووی کاریگەر و بەناوبانگی جیهانیش لە خاکی کوردستان ڕوویانداوە، بەناوبانگترینیان شەڕی نێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی و داریۆشی فارس(گوگمێلا - ئەربێلا) بووە کە لە نێوان دهۆک و هەولێر بووە و بە سەرکەوتنی ئەسکەندەر کۆتای هاتووە. شوێنەواری هێرشەکانی ئیسلام و لەشکری مەغۆل و عوسمانی و بەریتانی و دەسەڵاتەکانی یەک لە دوای یەکی عیراق لەسەر خاکی کوردستان ماوەتەوە. شوێنی دیاری دەسەڵاتی میرەکانی کورد لە ماددەکانەوە تاکو شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان لەسەر خاکی کوردستان ماوەتەوە. ئەوەی لەمانە جیاوازتر و دیارترە تاوانە ڕەشەکانی ماوەی دەسەڵاتی رژێمی بەعس بووە لەبەرامبەر گەل و خاکی کوردستان، چونکە تاوانی سیاسی و سەربازی زۆر گەورەی بەرامبەر کوردستانیەکانی کردووە و شوێن پەنجەی تاوانەکان بزر نابێت، وەک تاوانەکانی جینۆسایدی کورد لە ئەنفال و کیمیاباران و وێران کردنی نزیکەی (5) هەزار گوند و جینۆساید کردنی 182 هەزار تاکی کورد و بێ سەروشوێن کردنی (8) هەزار بارزانی و دۆزینەوەی سەدان گۆری بەکۆمەڵ. ئیستاش لە کوردستان پاشماوەی چەندان چەکی قورس و سوک لە مۆزەخانەکان و لە شوێنی جیاجیا لە کوردستان دەبینرێن(هەڵەبجە، باڵیسان، کۆرێ) ، چەندان مۆنۆمێنت و گۆڕستانی جینۆسایدکراوەکان و پەیکەری سەرکردە و شۆرشگێران لە کوردستان و عیراق هەیە، پەرتووکخانەکان و مێژوو بە درێژی ڕووداوەکان دەگێڕنەوە و شوێنپێی تاوانەکان گەواهیدەرن بۆ ئەو گەشتیار و میوانانەی سەردانی کوردستان دەکەن، باشترین گەواهیدەریش مۆزەخانەی ئەمنەسوورەکەی سلێمانی و مۆنۆمێنت و گۆڕستانی هەڵەبجە و مۆنۆمێنت و گۆڕستانی گەرمیان و چەمچەماڵ و ناوچەی بارزان و دوکان و بادینان. تاوانی ئەشکەوتی سۆریا لە بادینان، بۆردۆمانی قەڵادزە و گەڵاڵە، شوێنی هەوڵێ تیرۆرکردنی بارزانی نەمر لە حاجی ئۆمەران، چەندان ئەشکەوت کە بارەگەی شۆڕش و سەرکردایەتی بوونە وەک ئەشکەوتی چەمی ڕەزان، جاسەنە، سەردێمان و دەیانی تر. دواجار شوێنی تاوانەکانی شەڕی داعش و پاشماوەکانی شەڕی داعش کە لە ئایندە گەشتیارێکی زۆری ئەوروپی ئارەزوو دەکەن پاشماوە و شوێنەکان و تاوانەکان ببینن، هەموو ئەمانە بەیەکەوە بنەمای بەهێزی گەشتیاری ڕەشن لە هەرێمی کوردستان هاوشانی سەدان شوێنی گەشتیاری ڕەش لە جیهان.

بە گەشتیاری کردنی ئەشکەوتی شانەدەر لە ئێستادا مەترسیە!



بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی بە گەشتیاری کردنی شوێنەوارەکان بە گشتی و ئەشکەوتی شانەدەر بە تایبەتی، سمینارێک لە لایەن بەشی گەشتوگوزار لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی بەرێوەچوو. بە ئامادەبوونی سەرۆک و یاریدەری زانکۆی لوبنانی فەرەنسی و ڕاگری کۆلیژ و سەرۆک بەشی گەشتوگوزار و بەرێوەبەری گشتی شوێنەوار و وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەرێوەبەری شوێنەوارەکان بە گشتی و گەشتیاری کردنی شوێنەوارەکان بە تایبەتی، سێمینارێک لە لایەن بەشی گەشتوگوزار لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی بەرێوەچوو. بە ئامادەبوونی سەرۆک و یاریدەری زانکۆی لوبنانی فەرەنسی و ڕاگری کۆلیژ و سەرۆک بەشی گەشتوگوزار و بەرێوەبەری گشتی شوێنەوار و وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەڵام پێویستە زۆر بە ئەسپای و هۆشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ شوێنەوارەکان بکرێ و لە کاتی بە گەشتیاری کردن و لە کاتی سەردانی گەشتیاران زیان بە شوێنەوارەکان نەگات، بۆیە پێشنیار کرا کە لێکۆڵینەوەکان لە ناو ئەشکەوتی شانەدەر تەواوبکرێن ئەوسا ڕێگە بە سەردانی گەشتیاران بۆ ناو ئەشکەوت بدرێت.

بۆ سەوزکردنی وڵات ناوەندی کەلتوری چۆمان پرۆژەی هەزار بەڕووی ڕاگەیاند



ناوەندی کەلتوری چۆمان بۆ یەکەمجار پرۆژەی "هەزار بەڕوو"ی ئەنجامدا، ئەم پرۆژەیە لە داهاتوودا وەک نەریتێک هەموو ساڵێک لەم وەرزەی ساڵدا ئەنجامی دەدەن. پرۆژەکە بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ژینگەپارێز و گەنجان وچین و تۆێژە جیاوازەکانی باڵەکایەتی بەڕێوەچوو. پرۆژەکە بۆ ماوەیەستی زیاتر سەوزکردنەوەی ناوچەکەیە کە سوودێکی زۆر بە ژینگە و پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار بە تایبەت گەشتوگوزاری ژینگەی دەگەیەنێت. فەرهاد چۆمانی لەم بارەیەوە گوتی: ئامانجی سەرەکی لە ژێرخاک خستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەڕوو کە زیاتر لە 2 هەزار بەڕوو بوو، بڕیتیە لە زیاتر سەوزکردنی ناوچەی باڵەکایەتی و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە ڕێگەی سووتان بە ناوچەکە دەکەوێت بە تایبەت کە ئەم ساڵ زیاتر لە 5 دۆنم زەوی و دارودرخت سووتا، دەمانەوێت ناوچە سووتاوەکە سەوز بکەینەوە و ژینگەکەمان بپارێزین. بەم بۆنەیەوە ناوەندی کەلتوری چۆمان سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە پاڵپشت و کۆمەکی سەرخستنی پرۆژەی هەزار بەڕوو بوون.

بەهۆی سەرپێچییەوە سێ چێشتخانە داخران

لێژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ بەسەرپەرشتی قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر و سەرۆکی لێژنە بەردەوام بەدواداچوون و پیشکنین بۆ شوێنەکان دەکەن بە تایبەت شوێنەکانی گەشتیاری، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو پشکنین و بەدواداچوونی چڕ بۆ - شوێنی جیا جیا لەچەند گەڕەکێکی شاری هەولێر ئەنجام درا شوێنەکان بریتیبوون لە ڕێستورانت و چێشتخانە و خواردنگە و سوپرمارکێت و ساردەمەنی و هوتێل، بەهۆی ناتەندروستی شوێنەکانیان و پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکان . چێشتخانە داخران و ئەو شوێنانەی سەرپێچیان هەبوو تۆمارکران، هەروەها کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەکرێت. ئاسو عەبدولستار ئەندامی لێژنە و نوێنەری بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری هەولێر لەم بارەیەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: سزادان و داخستن بەردەوام هەیە ، لێژنەکە لە هەفتەی یەک ڕۆژ دەردەچێت و بەدواداچوون دەکات و سەرپێچیەکان سزا دەدات، سزاکان جۆراوجۆرن لە ئاگادارکردنەوە بگرە تا داخستن، هەرکاتێکیش سەرپێچیەکان هەڵگیران ڕێگە بە کرانەوەی شوێنەکە دەدرێت. مەبەست لە پشکنین وچاودێری وبەدواداچوونەکانی قایمقامیەتی هەولێر لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وپاراستنی تەندروستی هاوڵاتیانە ، هەرشوێنێک پابەندنەبێ بەمەرج و ڕێنماییەکان، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەکرێت "جگە لە داخستنی شوێنەکانیان دواتر سزای پێبڕاردن لە ملیۆنێک دینارەدست پێدەکات تا پێنج ملیۆن، ئەوەش بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریە کە ئاراستەی قایمقامیەتی هەولێر کراوە". هەروەها هاوڵاتیان ئاگادار دەکەینەوە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو سکاڵایانە دەکەین، کە ڕۆژانە ئاراستەی لێژنەکانی قایمقامیەت دەکرێن.

لە ماوەی 40 ڕۆژ سەیرانگەی دڵۆپە پاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی بۆ دەکرێت



سەیرانگەی دڵۆپە بە دووری 12 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە بەهار و هاوین هاوڵاتیان و گەشتیاران ڕووی تێدەکەن، ژمارەیەکی زۆر داری بۆ چاندراوە و هەندێک خزمەتگوزاری بۆ دابین کراوە بەڵام بەهۆی نابەرپرسیاریەتی بەشێک لە هاوڵاتیان زیان بەدار و بە ژینگەکەی گەینراوە. کۆمپانیای(Giz)ی ئەڵمانی، بڕیاروایە ماوەی ٤٠ڕۆژ کاری تێدابکەن بۆ خاوێنکردن و بنکوڵکردنی دارەکانی سەیرانگەکە، لەم ماوەیەدا نزیکەی ٢٠٠کارمەند کاری تێدادەکەن، دوای ئەوە دەست دەکەن بەچاندنی درەختی نوێ لەو شوێنانەی کەدرەختەکان وشک بوون.

سەرۆکی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجزانە کەمئەندامەکان لە دیدارێکی (خەبات)دا سڤیتلانا جیراسیمۆڤا: ئەو دەرفەتە بۆ شەترەنجزانە کەمئەندامەکان دەڕەخسێنین کە شان بەشانی کەسانی ئاسایی بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەن







دیمانە: هاوار موڕتکەیی

سڤیتلانا جیراسیمۆڤا Svetlana Gerasimova ئەو خانمە ڕووسییەیە کە ماوەی 2 ساڵە سەرۆکایەتی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجزانە کەمئەندامەکانی جیهانی وەرگرتووە، کە بارەگای سەرەکی لە وڵاتی ڕووسیایە و کار بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی یاری شەترەنجی کەمئەندامان دەکات، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات چەند پرسیارێکی لەبارەی شەترەنجی کەمئەندامانەوە ئاراستە کردووە کە بەمشێوەیە باسی کۆمەڵەکەی کردووە.



زیاتر لە 500 ئەنداممان هەیە

سڤیتلانای تەمەن 45 ساڵ سەبارەت بە سەرەتای ئاشنابوونی بە شەترەنجزانانی کەمئەندام گوتی: لەیەکێ لە پاڵەوانیتییەکانی شەترەنج لەساڵی 1993 کەوتمە بەرامبەر شەترەنجزانێکی کەمئەندام و یارییم لەگەڵ کرد، ئەوەبوو دوای یارییەکە داوایان لێکردم ببمە مامۆستای قوتابخانەیەکی منداڵە کەمئەندامەکان لە ڕووسیا، دیارە خەونی منداڵیشم ئەوەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە ڕاهێنەر، ئەوەبوو خەونەکەم هاتەدی و ئێستا ڕاهێنەری منداڵە کەمئەندامەکانم، هەروەها گوتی: ئێمە لەو کۆمەڵەیەدا کێشەمان زۆرن و حەزناکەم لێرە ئاماژەی بۆ بکەم، بەڵام سەرەکیترینیان نەبوونی وادەیەکی دیاریکراوی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکانی تایبەت بە کەمئەندامانە، زۆر جار لەڕێگای میدیاکانەوە ئاگاداری ئەو جۆرە پاڵەوانێتییانە دەبین، ئەو پاڵەوانێتییانەی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بۆ چینێکی دیاریکراوە کە ئەویش شەترەنجزانە کەمئەندامەکانە، ماوەی 20 ساڵە لەگەڵ ئو یەکێتییە نێودەوڵەتییە کاردەکەم و تا ئێستا زیاتر لە 100 ئەندامی خاوەن پێداویستی تایبەتمان هەیە لە 20 وڵات، بەڵام کۆی ئەندامانمان بەخۆبەخشەوە زیاتر لە 500 ئەندامە لەوانە ژمارەیەک ناوبژیوان و ڕاهێنەرن و ڕۆژ دوای ڕۆژیش ژمارەی ئەندامانمان لە زیادبوونداں.

ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەمئەندامان

دواتر سەرۆکی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجە کەمئەندامەکانی جیهان گوتی: زۆر حۆشحاڵم کە لە کۆمەڵەیەکی لەمشێوەیە کاردەکەم کە جیا لە پیشەیەک، ئەمە کاریکی مرۆییە، چونکە ئێمە دەرفەت بۆ ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتانەی یاریزانانی شەترەنج دەڕەخسێنین بۆ ئەوەی توانای کەسایەتی خۆیان دەربخەن، ئەویش لە هەڵوێستێکی زەحمەتدا کە یاری شەترەنجە، کە ئەمەش باشترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ ئەوەی لەپێشبڕکێیەکانی شەترەنج بەیەکسانی لەگەڵ کەسانی تر بەشداری بکەن، ئەمە کارێکی گەورەیە ئڤیمە دەیکەین، ڕەنگە ئەگەر شەترەنج نەبێت، ئەو کەمئەندامانە نەتوانن شان بەشانی کەسانی ئاسایی هەڵسوکەوت بکەن و بۆ ئەمەش بۆشاییەکی گەورەمان لەژیانی ئەوجۆرە کەسانە پرکردۆتەوە.

ئەمجارەش فالکاو بەرامبەر ریال مەدرید یاری ناکات



رادمێل فالکاوی یاریزانی گەلاتەسەرای تورکی بەهۆی چاک نەبوونەوەی لە پێکانەکەی، ناتوانێت بەرامبەر یانەی ریال مەدرید یاری بکات کە ئەمشەو چوارشەمە لە میانی یاریەکانی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەیەک دەگەن.

فالکاو کە لەمانگی ڕابردوو لە یاریەکەی بەرامبەر یانەی پاریس سان جێرمان تووشی پێکان بوو، لە ئیسپانیا خرایە ژێر چاردەسەری و تا 11ی ئەم مانگە چاک نابێتەوە، ئەمەش بەگوێرەی تیمی پزیشکی یانە تورکییەکە، کە لە ڕاگەیەندراوێکدا پێکانی بەرگریکارێکی دیکەی یانەکەی ئاشکرا کرد کە ئەویش بۆ ئەو یاریە ئامادە نابیت ئەویش سیرنی ئۆزبایرکلی.

فلیکس یارییەکەی ریال و گەلاتەسەرای بەڕێوەدەبات

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپی ئاشکرای کرد کە فیلکس بریشی ناوبژیوانی ئەڵمانی یارییەکەی نیوان ریال مەدرید و گەلاتەسەرای بەڕێوەدەبات کە ئەمشەو لەناو سانتیاگۆ بێرنابیۆ لەمیانی یارییەکانی گەڕی چوارەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەیەک دەگەن.

ڕۆژنامەی سپۆرت ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو ناوبژیوانە ئەڵمانییە لەوەرزی ڕابردوو یاریی کۆتایی خولی پاڵەوانانی ئەورووپای بەڕێوەبرد کە لەنێوان بایەرلیڤەرکوزن و ئەتلەتیکۆ مەدرید بەڕێوەچوو.



گۆمێز نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا



دوای ئەوەی ئەندری گۆمێزی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئیڤەرتون لەیاریەکەیان بەرامبەر یانەی توتینهام قاچی تووشی شکان بوو، دوێنێ نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا، بەمەش بۆ ماوەیەک لەیاریگاکان دوور دەکەوێتەوە.

کاتێک سۆنی یاریزانی تۆتینهام بەتوندی لە گۆمیزی دا و بەهۆیەوە قاچی شکا و مارتن ئەتکینسۆنی ناوبژیوان کارتی زەردی بەڕووی ئەو یاریزانە کۆریە بەرزکردەوە و دواتر کەبینی پێکانەکەی گەورەیە بۆیە ئەمجارە کارتی زەردی بەرزکردەوە و بۆماوەیەکی زۆر یتریەکە وەستینرا تا ئەندی گۆمیز گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە، بەبینینی ئەم حالەتەش گۆمێز باری دەروونی شڵەژا و لەناو یاریگا گریا کە ئەو کارەشی بە ئەنقەست نەبوو.

ئایا مۆرینهۆ دەبێتە ڕاهێنەری باڤاری؟

باستیان شڤاینشتایگەری ئەستێرەی پێشووی یانەکانی بایرن میونشن و مان یونایتد ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی باڤاری وەرگرێت.

ئەو یاریزانە ڕوونی کردەوە کە لەم دواییەدا بەردەوام ئەو ڕاهێنەرە پرسیاری یانەی بایرن میونشنی لێکردووە و ڕایدەگەینیت کە لەنزیکەوە چاودێری یارییەکانی بۆندولیگای کردووە لەتەلەفزیۆن، هەروەها گوتی: ئەوەی من ئاگادار بم واپێشبینی دەکەم کە مۆرینهۆ لەداهاتوویەکی نزیکدا ببێتە ڕاهێنەری یانەی بایرن میونشن، گومانیشم لەوەی نییە کە ئەو ڕاهێنەرە سەرکەوتوو دەبێت لەو ئەرکەی کە ئەگەر پێی بسپێرن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 6. Nov. 2019 No: (5865)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئەوین حەیدەر بۆ «خەبات»: من بە شوێن کاری جیاواز و فیکرەی تازەگەریدا دەگەڕێم و حەزم بە شتی تەقلیدی نییە

هەزاران خەون و خەیاڵ و داهاتووی مەزن لە ناخمدا هەڵقوڵاون و تەمەننا دەکەم پێش مەرگم بیانبینم





دیمانە: وریشە عومەر

من ئەوین حەیدەر قۆناغی لە ئامادەیم تەمەنم ٢٢ساڵە و لە شاری دهربەندیخان لە دایکبووم ، جگە لە بەشی شێوەکاری بە نووسینی شیعرەوە سەر قاڵم و چالاکوان و ئەندامم لە ڕێکخراودا، ئەوین لە وەڵامی چەند پرسیارێکی خەبات دا گوتی:

بۆچی دەرچەوانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچوونیان بەردەوام نابن لە سەر هونەری شێوەکاری؟

بە ڕای من ئەو کەسانەی دەچنە ئەکادیمیای هونەر ڕۆحیان پڕاو پڕە لە خۆشەوستی بۆهونەر ئیدی هەریەک لە بابەتێکی هونەریەوە هێزو توانایەک و پاشان هێزێک پاڵیان دەنێت بۆنێو ئەکادیمیای هونەر ، بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە دەرچووانی بەشی شێوە کاری و بگرە بەشەکانی دی بەردەوام نابن چونکە ڕەنگە ڕەخنەی ڕووخێنەر پاشان نەبوونی بیری ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو وپاشان خێزان ئەمانە هەمووی هۆکار دەبن لە بەردەوام نەبوونیان و ڕەنگە سەدەها هۆکاری دی هەبێ بەڵام من بە خۆم ئەمانە بە سەرەتای ئەو کێشە دەبینم.

چ شتێک ئاوێتەی ڕەنگ دەکەی بۆ ڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟

بێگومان ئێمەی شێوەکار لە کارەکانمان هەر یەک تایبەتمەندی و سیفاتی تایبەت بەخۆی هەیە هەم بۆ شێوازی وێنەکێشانی هەم بۆ ئەو مەوادانەی کە بەکاری دێنێت من خۆم زۆر بە شوێن کاری جیاوازو فیکرەی تازەگەریدا دەگەڕێم و حەزم بە شتی تەقلیدی نییە زۆر تابلۆم هەبووە کە پێوستی بە بۆیە بووە من هاتووم لە جێگەی بۆیە شتێکەم بەکار هێناوە بۆ غوونە هایلایتم بەکار هێناوە کە شتێکی زۆر جیاوازو جوان بووە لە شەوو ڕۆژدا ڕووناکی دەدایەوەو بۆ وێنەی سەر دیواریش بەهەمان شێوە شتانێکی جیاواز بە کار دێنم.

ئەو تابلۆیانەی کە شانازی پێوە دەکەیت چین و بۆ کێشان؟

خۆشەویستترین تابلۆم کە لە ١٢ ساڵیدا کێشابووم تاکو ٢٠١٦ مابووم بەخشیم بە منداڵێکی نەخۆشخانەی هیوا و تابلۆیەکی دیم کە بۆ هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم کێشام بە داخەوە ئێستا لەژیاندا نەماوە.

خاوەنی چەند پێشانگایت و لەچەند پێشانگا بەشداریتکردووە،چەند تابلۆت هەیە؟

بەداخەوە لە ئێستەدا پێشانگای تایبەت بەخۆم نەبووە بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر وە دەرفەتێکی گونجاو بەڵام لە چەندین جێگەو شوێنی تایبەت کارەکانم عەرز کردووەو بەشداربووم لە پێشانگای هاوبەشیداو فیستفاڵی تایبەتی، چەندین تابلۆشم هەیە.

بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەو پێشەوە ناچێت؟

هۆکارەکەی دەگێڕمەوە بۆ نەبوونی دەستێک بۆ هێنانەدی خەونی کەسانی شێوەکار و نەبوونی جێگەو شوێنی تایبەت بە کارەکانمان بەداخەوە لە کوردستان هونەر بە عام زۆر گرینگی پێنادرێت.

پێشمەرگەو شەهید لە کوێی تابلۆکانتدا جێگای بۆتەوە؟

وەک پێشتریش کە ئاماژەم پێیا یەکێک لە تابلۆکانم بەخشی بە هاوڕێیەکم کە باوکی شەهید بوو من وێنەی باوکیانم بۆ کردن بە دیاری و زۆر دڵخۆشبووون و بە نیازم لە داهاتووشدا پێشانگایەکی تایبەت بکەمەوە کە هەموو وێنەکانم تەعبیر لەو ئازارو نائارامیە بکات کە بەسەر میللەتی کورددا هاتوون.

هاوڵاتیان تا چەند تابلۆی خۆمالی وائە بەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟ کڕینی تابلۆ تا چەند هۆکار دەبێ بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری شێوەکاری؟

ڕێزم بۆ هەموو میللەتێ کورد بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە هاوڵاتیان بێگانە پەرستن هونەرمەندێکی بیانی بێتە کوردستان پێشوازی لێدەکرێ بەڵام هونەرمەندی خۆمان کە هاوکارییش ناکرێت بەپێی پێویست بگرە تانەو ڕەفتاری نە شیاویشی دەرهەق پێدەکرێت لەلایەن چەند کەسانێک بێگومان شێوەکارییش هەروایە و زۆر هاوڵاتی بەرەو تابلۆی خۆمالّی نایەت ئەلیتا ئەندریە کچێکی ٤ ساڵی ئوسترالیە کاتێک لە شاری نیۆرک پێشانگایەکی کردەوە نرخی تابلۆکانی ٢٤ هەزار دۆلار بوو خەڵکی بە پیرۆزیەوە پێشوازییان لە کارەکانی دەکرد و دەیانکڕی بەس لای خۆمان بەداخەوە وەک ئەوەی کە ناشیکڕن تانەو ڕەخنەت لێدەگرن.

لە چی نیگەرانیت؟

لەوەی کە دل و ڕۆحم پەیوەستە بە بواری هونەر ڕاستە ئاسوودەم پێی وە باشترین مامۆستاو فێرگەی ژینم بووە بەهۆی خۆشەوستیم بۆ هونەر فێری زۆر شت بووم بەڵام بەداخەوە کە دەبینم لە کۆمەڵگایەک دەژین زۆر ئاستەم دەگەین بە خەونەکانمان و نەبوونی ئەو شتانەی کە تەمەنا دەکەم بێنە دی نیگەران دەبم. کەسێک هەیە لە نێو ژیانم کە فێری ژیانی کردم فێری میهرەبانی و جوانی کردم فێری زۆر شتی کردم پێمخۆشە ڕۆژێک بێت وێنەی تەواو بکەم و پێشکەشی بکەم، زۆر سەرسامم بە چەند هونەرمەندێکی کورد و شاعیری مەزنی فارس خیام پێمخۆشە وێنەیان بنەخشێنم و لە جێگای تایبەتیدا دیوارسازی وێنەیان بنەخشێنم.

خەونت چییە؟ هەزاران خەون و خەیاڵ و داهاتووی مەزن لە ناخمدا هەڵقوڵاون و تەمەنا دەکەم پێش مەرگم بیانبینم گەورەترین خەونیشم ئەوەیە ڕۆژێک بێت بگەم بە باشترین ئاستی هونەری لە بواری شێوەکاری و نووسینی شیعریم وە چەندین بیرۆکەو شتی مەزن و جیاواز لە ناخم هەڵگرتووە ئومێد دەکەم ڕۆژێک بیانهێنمە دی.

پرۆژەی داهاتووت چییە؟

لە ئێستەدا سەرپەرشتی پرۆژەیەکی شاری ڕەنگەکانم و لە داهاتوودا ئینشائەڵڵا دەیکەم بە دوو لق یەکیان لێرە ئەویدیش لە دەرەوەی وڵات و دەمهەوێت شاری دەربەندیخان بکەم بەشاری ڕەنگەکان و جێگاو شوێنە گشتییەکان بەنەخش و نیگار برازێنینەوە بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی نێو ستافەکەمان و لە داهاتووشدا چەندین پرۆژەی جوانتر پێشکەش بە هونەر دۆستان دەکەم.





فۆتۆگرافەرێکی کورد دەبێتە خاوەن خەڵاتێکی نێودەوڵەتی



خەبات: هەمزە سەرحان

سابیر دری، فۆتۆگرافەرێکی دەڤەری سۆرانە، دوای ئەوەی لە هیندستان بەشداری لە پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتی کرد، بە یەکێک لە 10 فۆتۆگرافەکانی ئاسیا دەستنیشان کرا.

سابیر دری لەبارەوە بە ڕۆژنامەی (خەبات) ی ڕاگەیاند: "بەشداریم لە پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتی لە هندستان کرد کە تێیدا بە سەدان فۆتۆگرافەر بەشداربیان کردبوو و توانیم ببم بە یەکێک لە 10 باشترین فوتۆگرافەرەکانی ئاسیا و ڕێزبەندی شەشەم تۆمار بکەم". ڕاشیگەیاند: "مەرجی بەشداربوون لەم پێشبڕکێیە ئەوە بوو کە پێویستە فۆتۆگرافەکان دانیشتووی کیشوەری ئاسیا بن ، ئەو وێنانەش کە دەیگرن وێنەی ئاژەڵی کێوی بن". **(سابیر دری) گوتیشی:** "توانیم لەم پێشبڕکێیەدا خەڵاتی سانکچواری ئاسیا بەدەست بیهێنم کە خەڵاتێکە لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا ناوبانگێکی زۆری هەیە و بڕیاریش وایە لە ڕێڕەسمێکی گەورەدا لە مانگی دوازدە ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتییەمان لە شاری مۆمبای پێ بدرێت".